

شیکردنەوەی تۆڕی واتایی
ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە
دلاوەر شوکری باپیر
شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە
دلاوەر شوکری
An Analysis of Semantic Network
of Adpositions in Kurdish Language from a Cognitive Semantic Perspective
Dlawar Shukri Bapir
بە پێی واتاسازیی زانینی ئامرازە بەندەکان بە یەکێك لەو کەرەستە زمانیانە هەژمار دەکرێن. کە فرە واتان و خاوەنی تۆڕێکی واتایین.
لە زمانی کوردیشدا زۆربەی ئامرازە بەندەکان زیاتر لە واتایەك لەخۆدەگرن. بەمەش هەندێك لە ئامرازەکان تۆڕێکی واتایی پێکدێنن. کە لە واتایەکی بنەڕەتی و چەندین واتای جیاواز پێکدێت.

# شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە

دلاوەر شوکری باپیر

٢٠٢١

**ناوی کتێب: شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە**

نووسەر: دلاوەر شوکری باپیر

بابەت: زمانەوانی

دیزاینی بەرگ: بەرەکات قورتاس

نەخشە سازی ناوەوە: نووسەر

نۆبەتی چاپ: یەکەم/ ٢٠٢١

تیراژ: (٥٠٠) دانە

نرخ (٥٠٠٠)دینار

چاپ و دابەشکردن: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٦١)ی لە ساڵی (٢٠٢٠) پێدراوە.

مافی لەچاپدانی پارێزراوە

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە، بە سەرپەرشتی "پ.ی.د. دلێر صادق کانەبی" لە بەشی زمانی کوردیی فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران لە ساڵی ٢٠٢٠ گفتوگۆی لەسەرکراوە

کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی

سۆران بەرامبەر یاریگا 0751 249 0907

## پێشکەشە بە

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی باوکم
- دایکی ئازیزم
- هاوبەشی ژیانم (شیمان)
- هەردوو کچە نازدارەکانم(لیا و لیسا)
- برا و خوشکە ئازیزەکانم

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

- مامۆستای ئازیزم پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دلێر صادق کانەبی کە بەدڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی لە ئەستۆگرت.
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شێرزاد سەعید سەددیق کە لە بەردەستخستنی سەرچاوەدا هاوکاری کردووم.
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کاروان عومەر قادر کە بە ڕێنماییەکانی هاوکاری کردووم.
- دکتۆرە شیلان رحیم ابراهیم و کاک فاروق عەزیز، کە لە بەردەستخستنی سەرچاوەدا هاوکارییا کردووم.
- مامۆستا شیمان یاسین عثمان، کە لەوەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکان هاوکاری کردووم.
- هەمو ئەو هاوڕێ و ئازیزانەی کە بە هەر جۆرێک بێ هاوکارییان کردووم.

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی | ژ |
|---|---|---|
| Parole | ئاخاوتن | ١ |
| adverbal function | ئەرکی ئاوەلگوزارەیی | ٢ |
| Target | ئامانج | ٣ |
| Adposition | ئامرازی بەند | ٤ |
| adverbal | ئاوەڵگوزارە | ٥ |
| Grammatical function | ئەرکی ڕێزمان | ٦ |
| Peripheral member | ئەندامی پەراوێزی | ٧ |
| Principle | بنەما | ٨ |
| Cognitive commitment | بنەمای زانینی | ٩ |
| Generalization commitment | بنەمای گشتاندن | ١٠ |
| Pragmatic strengthening | بەهێزکردنی پراگماتیکی | ١١ |
| Domain | بوار | ١٢ |
| Conceptual domain | بواری چەمکی | ١٣ |
| Source domain | بواری سەرچاوە | ١٤ |
| Target domain | بواری ئامانج | ١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| Categorization | پۆلێنكردن | ١٦ |
| Conceptualization | بەچەمككردن | ١٧ |
| Usage | بەكارهێنان | ١٨ |
| Suffix | پاشگر | ١٩ |
| Postposition | پاشبەند | ٢٠ |
| Prototype categorization | پۆلێنكردنی پێشنموونەیی | ٢١ |
| Proto-scene | پێشدیمەن | ٢٢ |
| Category | پۆل | ٢٣ |
| Radial category | پۆلە تیشكییەكان | ٢٤ |
| Prototype | پێشنموونە | ٢٥ |
| Preposition | پێشبەند | ٢٦ |
| Configuration | پەیكەربەندی (شێو) | ٢٧ |
| Monosemy | تاك واتایی | ٢٨ |
| Semantic network | تۆڕی واتایی | ٢٩ |
| Prototype theory | تیۆری پێش نموونەیی | ٣٠ |
| Perspective | تێڕوانین | ٣١ |
| Embodied cognition theory | تیۆری زانینی بەرجەستەكراو | ٣٢ |
| Image schema theory | تیۆری نەخشەی وێنەیی | ٣٣ |
| Trajectory | تەنی جوڵاو | ٣٤ |

| | | |
|---|---|---|
| Frame | چوارچێوە | ٣٥ |
| Focusing | چەقی سەرنجدان | ٣٦ |
| Concept | چەمک | ٣٧ |
| Point of access/ Reference point | خالی دەست گەیشتن | ٣٨ |
| Circumposition | دولابەند | ٣٩ |
| Partial specification | دیاریکردنی تایبەتی | ٤٠ |
| Full specification | دیاریکردنی گشتی | ٤١ |
| Scene | دیمەن | ٤٢ |
| Container | دەفر | ٤٣ |
| Context | دەوروبەر | ٤٤ |
| Encyclopedic view | ڕووانینی ئینسکلۆپیدی | ٤٥ |
| Cognitive approaches to grammar | بۆچوونەکانی زانینی بۆ ڕێزمان | ٤٦ |
| Rhetoric | ڕەوانبێژی | ٤٧ |
| Cognitive science | زانستی زانینی | ٤٨ |
| Cognition | زانین | ٤٩ |
| Langue | زمان | ٥٠ |
| Cognitive linguistics | زمانەوانی زانینی | ٥١ |
| Gestalt psychology | دەرونزانیی گشتالیتی | ٥٢ |

| | | |
|---|---|---|
| Polysemy | فرەواتایی | ٥٣ |
| Viewpoint | گۆشەنیگا | ٥٤ |
| Affix | گیرەک | ٥٥ |
| Family resembles | لێکچوونی خێزانی | ٥٦ |
| System of conceptual model | مۆدێلی سیستەمی زانیاری چەمکی | ٥٧ |
| Polysemy principle model | مۆدێلی فرەواتای بنەمادار | ٥٨ |
| Conceptual metaphor | مێتافۆڕی چەمکی | ٥٩ |
| Metonymy | مێتۆنیمی | ٦٠ |
| Mind | مێشک | ٦١ |
| Landmark | ناوچەی وەستاو | ٦٢ |
| Mapping | نەخشە کێشان | ٦٣ |
| Pass schema | نەخشەی تێپەڕ | ٦٤ |
| Path schema | نەخشەی جوڵەیی | ٦٥ |
| Surface schema | نەخشەی سیمایی | ٦٦ |
| Leaving schema | نەخشەی سەرەتا | ٦٧ |
| Containment schema | نەخشەی قەبارەیی | ٦٨ |
| Destination schema | نەخشەی مەبەست | ٦٩ |
| Force schema | نەخشەی هێزی | ٧٠ |
| Image schema | نەخشەی وێنەیی | ٧١ |

| | | |
|---|---|---|
| Direction schema | نەخشەی ئاراستەیی | ٧٢ |
| Homophones | هاوبێژ | ٧٣ |
| Universals | هاوبەشییەکان | ٧٤ |
| Homographs | هاونووس | ٧٥ |
| Vehicle | هۆی گواستنەوە | ٧٦ |
| Cognitive semantics | واتاسازیی زانینی | ٧٧ |
| Distinct sense | واتای جیاواز | ٧٨ |
| Primary sense | واتای بنەڕەتی | ٧٩ |

## ناوەڕۆک

٠- پێشەکی .......................................................................... ١٧

١- زمانەوانیی زانینی و بابەتە پەیوەندیدارەکان .............................. ٢٢_١٢٥

١-١- کورتەیەک لەبارەی زمانەوانی زانینی ............................................ ٢٣

١-١-١- بنەما سەرەکیەکانی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی:.................... ٣١

١-١-٢-جیاوازی نێوان زمانەوانیی زانینی و زمانەوانیی فۆڕمی(ڕێزمانی بەرهەمهێنان): ...................................................................... ٣٥

١-١-٣- هاوبەشیەکان(گشتیەکان) لە زماندا: ............................................ ٣٩

١-٢- بابەتە پەیوەندیدارەکان ................................................................ ٦٠

١-٢-١- نەخشەی وێنەیی: .......................................................................... ٦١

١-٢-١-١- تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو : ............................................ ٦٥

١-٢-١-٢- جۆرەکانی نەخشەی وێنەیی:...................................................... ٦٩

١-٢-١-٣- تایبەتمەندیی نەخشە وێنەییەکان:............................................. ٧٨

١-٢-٢- مێتافۆڕی چەمکی: ......................................................................... ٨١

١-٢-٣- مێتۆنیمی: ......................................................................................... ٩٢

١-٢-٤- پۆلێنکردن: ........................................................................................ ٩٦

١-٢-٤-١- بۆچوونی پۆلێنکردنی دێرین:....................................................... ٩٨

١-٢-٤-٢- بۆچوونی پۆلێنکردنی پێشنموونەیی:.......................................... ١٠١

١-٢-٥- تێڕوانینی ئینسکلۆپیدیای:..................................................١٠٨
١-٢-٥-١- تیۆری چوارچێوەیی: ...............................................١١٣
١-٢-٥-٢- تیۆری بوارەکان:...................................................١١٨
١-٢-٦- تێڕوانین:.............................................................. ١٢٠
٢- تۆڕی واتایی و ئامرازی بەند:.............................................١٢٥_٢١٢
٢-١- تۆڕی واتایی و بابەتە پەیوەندیدارەکانی:..................................١٢٦
٢-١-١- فرەواتایی.............................................................١٢٧
٢-١-١-١- تێڕوانینی تاک واتایی:............................................. ١٣١
٢-١-١-٢- تێڕوانینی هاوبێژی:.................................................١٣٢
٢-١-٢- پۆلە تیشکییەکان.......................................................١٣٨
٢-١-٣- تۆڕی واتایی........................................................... ١٤٠
٢-١-٣-١- مۆدێلی فرەواتای بنەمادار:...........................................١٤٣
٢-١-٣-٢- مۆدێلی فرەواتای بنەمادار تایبەت بە ئامرازەبەندەکان:
.............................................................................. ١٤٩
٢-١-٣-٣- پێشدیمەن (Proto-scene):............................................ ١٧١
٢-٢- ئامرازی بەند: ........................................................١٧٣
٢-٢-١- ئامرازی بەند لەڕوانگەی زانینییەوە: .......................................١٧٤
٢-٢-٢- ئەولێکۆڵینەوانەی لە ڕوانگەی زانینییەوە لەسەر ئامرازە بەندە

کوردییەکان ئەنجام دراون:..................................................................١٨٢
٢-٢-٣- دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی زانینییەوە:................................................................................١٩١
٢-٢-٣-١- ئامرازە بەندەکان لەڕووی پێکهاتەوە:...............................١٩٢
٢-٢-٣-٢- ئامرازە بەندکان لەڕووی وەستاوی و جوڵاوییەوە:.........................................................................١٩٩
٢-٢-٤- ئامرازی بەند و پاشکۆکانیان:...................................................٢٠٢
٣- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازەبەندەکانی زمانی کوردی...........................................................................................٢١٢ _ ٣١٨
٣-١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندە سادەکانی زمانی کوردی:...........................................................................................٢١٣
٣-١-١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بە):.................٢١٣
٣-١-٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی ( بۆ):..............٢١٩
٣-١-٣- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لە):.................٢٢٤
٣-١-٤- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا):.................. ٢٣٠
٣-١-٥- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ):............٢٣٤
٣-١-٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە):.....................٢٣٨
٣-١-٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ێ):.....................٢٤١

٣-٢- شـــيكردنەوەی تـــۆڕی واتـــایی ئامرازەبەنـــدە ناســـادەكانی زمـــانی كوردی:............................................................................٢٤٣

٣-٢-١- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەبێ):............ ٢٤٣

٣-٢-٢- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەسەر):..........٢٤٧

٣-٢-٣- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەژێر):.............٢٥٢

٣-٢-٤- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەناو):...............٢٥٥

٣-٢-٥- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەتەنیشت):.........٢٥٧

٣-٢-٦- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەنێوان):........... ٢٦٠

٣-٢-٧- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپێش):...........٢٦٣

٣-٢-٨- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپشت):...........٢٦٥

٣-٢-٩- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپاش):...........٢٦٧

٣-٢-١٠- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەسەر):..........٢٦٩

٣-٢-١١- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەژێر):............٢٧٢

٣-٢-١٢- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەناو):............٢٧٣

٣-٢-١٣- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەتەنیشت):..... ٢٧٥

٣-٢-١٤- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەنێوان):.......٢٧٦

٣-٢-١٥- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەپێش):..........٢٧٨

٣-٢-١٦- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەپشت):...........٢٧٩

٣-٢-١٧- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆسەر):........... ٢٨٠

٣-٢-١٨- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆژێر):............٢٨٢

٣-٢-١٩- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆناو):..............٢٨٣

٣-٢-٢٠- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆتەنیشت):....................................................................٢٨٥

٣-٢-٢١- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆنێوان):..........٢٨٧

٣-٢-٢٢- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپێش):..........٢٨٩

٣-٢-٢٣- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپشت):......... ٢٩٠

٣-٢-٢٤- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپاش):.......... ٢٩١

٣-٢-٢٥- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاسەر):..........٢٩٢

٣-٢-٢٦- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاژێر):...........٢٩٤

٣-٢-٢٧- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاناو):.............٢٩٥

٣-٢-٢٨- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاتەنیشت):......٢٩٦

٣-٢-٢٩- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تانێوان):.........٢٩٧

٣-٢-٣٠- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپێش):...........٢٩٩

٣-٢-٣١- شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپشت):......... ٣٠٠

٣-٢-٣٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپاش):............٣٠١
٣-٢-٣٣- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_سەر):.........٣٠٢
٣-٢-٣٤- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___ژێر):........٣٠٤
٣-٢-٣٥- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ناو):...........٣٠٦
٣-٢-٣٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_تەنیشت)........................................................................................٣٠٨
٣-٢-٣٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ نێوان):........٣١٠
٣-٢-٣٨- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___پێش):.......٣١٢
٣-٢-٣٩- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___پشت):......٣١٤
٣-٢-٤٠- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___پاش):.......٣١٥
ئەنجامەکان.............................................................................٣١٨
پەراوێزەکان.............................................................................٣٢٢
سەرچاوەکان:...........................................................................٣٢٦
پاشکۆ...................................................................................٣٤٢
الملخص.................................................................................٣٥٩
abstract..................................................................................٣٦١

# پێشەکی

ئەم کتێبە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە) هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردن و خستنەڕووی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانە لە چوارچێوەی (واتاسازی زانینی)یەوە، هەروەها گرنکیی کتێبەکە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١.- لێکۆڵینەوەکە هەنگاوێکە بە ئاراستەی زمانەوانیی زانینی لە چوارچێوەی نامەیەکی ماستەردا، و تاوەکو ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمی لەم چەشنە لەسەر تۆڕی واتایی ئامرازەکان  بە زمانی کوردی نەنووسراوە.

٢. دەبێتە دەروازە و سەرچاویەکی ئەکادیمی بۆ هەر لێکۆڵەرێکی ئەم بوارە، کە بیەوێت لێکۆڵینەوە لە زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی ئەنجام بدات.

٣. لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە ئاشنادەبین بە واتا جیاواز و شاراوەکانی هەر یەک لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی.

لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- ژمارە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینیەوە چەندە؟ و چەند جۆر لەخۆدەگرێت؟
- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە، چۆنە؟ ئایا (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) گونجاوە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمان کوردی ؟
- تۆڕی واتایی هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی چەند واتا لەخۆدەگرێت؟و واتای بنەڕەتی و واتا جیاوازەکانی هەر ئامرازێک چین؟

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی و گرینگی قوتابخانە زمانەوانییەکە لەلایەک و کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەی زمانی کوردی لەلایەکی ترەوە، چونکە جگە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەم، کە بە زمانی فارسی لەسەر هەندێک لە ئامرازە بەندەکانی زار و شێوەزارە کوردییەکان ئەنجامدراون، لێکۆڵینەوەیەکی زانینیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی لەسەر فرەواتایی ئامرازە بەندەکاندا

بەرچاوناکەوێت.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە (زمانی کوردی- زاری ناوەڕاست) وەرگیراو، بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە سەلیقەی زمانیی لێکۆلەر هەر یەک لە فەرهەنگە یەک زمانییە کوردییەکان و ڕێبازی کتێبخانەییش (ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بابەتەکە ئەنجامدراون) وەکو سەرچاوەی داتای پاڵپشتی و تەواوکەر بۆ دەوڵەمەندکردنی داتاکان سودیان لێوەرگیراوە. پاشان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و کوردی بوونی داتاکان، نموونەکان پێشانی سەرپەرشتیاری نامەکە و چەند کەسێکی ئاخێوەری ڕەسەنی کوردی دراوە.

لەم کتێبەدا ڕێبازی(وەسفی)، لەچوارچێوەی (قوتابخانەی زانینی) بۆ وەسف کردنی بابەتەکان بەکارهاتووە، هەروەها بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای بنەڕەتی پەیڕەوی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) کراوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی زمانەوانیی زانینی لەلایەن (تایلەر و ئەیڤانس)ەوە خراوەتەڕوو.

کتێبەکە جگە لە پێشەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم**: کە بە ناونیشانی (زمانەوانیی زانینی و بابەتە پەیوەندیدارەکان)ە، لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە زمانەوانی زانینی و بنەما و بەشە سەرەکییەکانی کراوە، پاشان تیشک خراوەتە سەر واتاسازی زانینی و بنەما سەرەکییەکانی. لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی هەریەک لە بابەتەکانی (نەخشەی وێنەیی، تەنی جولاو و ناوچەی وەستاو، مێتافۆڕی چەمکی، مێتۆنیمی، پۆلینکردن، ڕوانینی ئینسکلۆپیدی و تێڕوانین) کراوە، کە بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەوە هەیە.

**بەشی دووەم**: بە ناونیشانی (تۆڕی واتایی و ئامرازی بەند)ە، لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، لەتەوەرەی یەکەمدا باسی تۆڕی واتایی و هەریەک لە بابەتەکانی (فرەواتایی، پۆلە تیشکییەکان و مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) کراوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە تۆڕی واتاییەوە هەیە. لە تەوەرەی دووەمیشدا لەڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە تیشک خراوەتە سەر ئامرازی بەند و هەوڵی ناساندنی دراوە، پاشان بە سەرنجدان لەو پێناسانانە و ئەو کارانەی کە پێشتر لەبارەی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون، هەوڵی ناساندنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی و جۆرەکانی

لەڕووی زانینییەوە دراوە.

**بەشی سێیەم**: ئەم بەشەش بە ناوی(شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی)یە، کە تێیدا هەوڵی دەستنیشانکردن و خستنەڕووی تۆڕی واتایی هەریەکە لە ئامرازە بەندە سادە و نادەکانی زمانی کوردی دراوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆ و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم:
# زمانەوانیی زانینی و بابەتە پەیوەندیدارەکان

## ١- زمـــــانەوانیی زانینـــــی و بـــــابەتە پەیوەندیدارەکان

لەم بەشەدا هەوڵی ناساندنی زمانەوانیی زانینی، بنەما و لقە سەرەکیەکانی دەدەین، پاشان تیشک دەخەینە سەر ئەو بابەتە پەیوەندیدارانەی، کە بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەوە هەیە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

### ١-١- کورتەیەک لەبارەی زمانەوانیی زانینی

زمان یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی بیری مرۆڤ، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە زۆربەی ئەو زانستانەی، کە لە سروشت و ناخی مرۆڤ دەکۆڵنەوە، پەنا دەبرێتە بەر زمان، بە مەبەستی پەردەلادان لە سەر نهێنییە شاراوەکانی بیری مرۆڤ، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە لە نێوان زمان و بیری مرۆڤدا پەیوەندییەکی ئاشکرا بەدیدەکرێت، بۆیە زمانەوانیی زانینی هەوڵدەدات لە پەیوەندی نێوان زمان و بیر و ئەزموونە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەکانی دەوروبەری مرۆڤ بکۆڵێتەوە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٦)، زمانەوانیی زانینی وەکو هەر یەک لە قوتابخانە باوەکانی وەکو زمانەوانیی فۆڕمی و زمانەوانی ئەرکی بە قوتابخانەیەکی سەرەکی و گرینگ

دادەندرێت(دبیر مقدم، ١٣٨٣: ٩)، کە خاوەنی دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمان. بەر لەوەی تیشک بخەینە سەر چەمکە سەرەکیەکانی زانستی زانینی و زمانەوانیی زانینی، پێویستە بزانین مەبەست لە زانین(Cognition) چیە؟و ئەم زاراوەیە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت؟

بە بڕوای ئەیڤانس زاراوەی (زانین) ئاماژە بە هەموو ئەو چالاکی و ڕەفتارانەی مێشک(Mind) دەکات، کە بە ئاگایی یاخود بەبێ ئاگایی ئەنجام دەدرێن، پرۆسە ئاوەزییەکانیش هەر یەک لە درککردن ، بڕیاردان و چارەسەری کێشەکان دەگرێتەوە(صفوی، ١٣٩٦: ٩٧)، هەریەک لەو پڕۆسە ئاوەزیانەش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە.


زمانەوانیی زانینی بۆ تێگەیشتن لە زمان، نەک تەنیا سود لە زانیارییە زمانیەکان، بەڵکو سود لە هەموو ئەو زانیاریانەش وەردەگرێت، کە شارەزایانی زانستی زانینی لە بوارەکانی تری زانینی بەدەستیان هێناوە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١١)، چونکە "زمان ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕاستی و واقیع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیپێبردن و خوێندنەوە و تێگەیشتنی

کەسەکانە بۆ واقیع"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٤١)، کەواتە گرینگی دان بە زانیارییەکانی دەرەوەی زمان تایبەتمەندییەکی ئەم قوتابخانەیە و قوتابخانەکەی لە سەر بنیاد نراوە.

شارەزایانی زانینی ئاماژە بە بوارەکانی زانستی زانینی دەکەن، کە بریتیین لە " زمان، فەلسەفە، سایکۆلۆژی، زانستی دەمار، زیرەکیی دەستکرد"(غەریب، ٢٠١٦: ٥)، کە زمان بۆ دروستکردنی هەر چەمکێکی زمانی سودیان لێ وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەیی خوارەوەبکەین:

*1.a The cat is on the chair.* پشیلەکە لەسەر کورسییەکەیە.

*b.?The chair is under the cat.* ؟کورسیەکە لە ژێر پشیلەکەیە.



وێنەی ژمارە(١) پشیلەکە لەسەر کورسیەکەیە( Evans and Green, 2006: 17).

دەبینین، زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی ڕستەی (1.a)یان لەلا گونجاوترە لە ڕستەی (1.b)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، مێشک(Mind) بۆ هەر دیمەنێک(Scene) ڕوانینێکی لایەنگرانەی هەیە و سەرنج(Foucs) دەخاتە سەر یەکێک لەو کەرەستانەی، کە لە دیمەنەکەدا دەبینرێن، لەو دیمەنەشدا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاخێوەران زیاتر سەرنج دەخەنە سەر پشیلەکە، نەک کورسیەکە، زانیارییە جیهانییەکان(Knowledge of the world)مان پێمان دەڵێن: پشیلەکە زیاتر لە کورسیەکە دەجولێت، دەنگە دەنگ و ڕەفتاری جیاواز دەکات( Evans and Green, 2006: 17_18)، مێشکی مرۆڤیش زیاتر سەرنج دەخاتە سەر ئەو توخمەی، کە توانای جولە پێ کردنی هەیە، نەک ئەو توخمەی، کە وەستاوە.

زمانەوانیی زانینی تاکە تیۆرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە چەند تیۆر و بۆچوونێک پێکهاتووە، کە لایەنە لێکچوو و هاوبەشەکانیان کۆی کردونەتەوە(تیلور و مور، ١٣٩٦: ٢٦) و ڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ شیکردنەوەی زمان هەیە.

کەواتە دەکرێت بڵێین: زمانەوانیی زانینی" ڕێبازێکی

لێکۆڵینەوەی زمانە، کە تێیدا توانای زمانیی مرۆڤ جیا لە توانا زانستییەکانی تری زانینی لە بەرچاو ناگرێت"(عبدالکریمی، ١٣٩٣: ١٠٤)، بۆیە هەمیشە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا پشت بە توانا زانینیەکانی تریش دەبەستێت.

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانەوانیی زانینی، لە لایەن زمانەوانانەوە ڕا و بۆچونی جیاواز خراونەتە ڕوو، لەوانە ( Evans and Green, 2006: 3) پێیان وایە: ڕیشەی زمانەوانیی زانینی بۆ دەیەکانی ٦٠_٧٠ی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە لە زانستی زانینی(Cognitive Science) نویَ، بە تایبەتی لەو کارانەی، کە پەیوەندییان بە پرۆسەی پۆلینکردن(categorization)ی بیری مرۆڤ و سایکۆلۆجی گشتاڵتی(Gestalt psychology)یەوە هەبووە، بەڵام (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٦) دەڵێت: لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی زمانەوانیی زانینی لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠ی سەدەی بیستەم، لە لایەن ژمارەیەکی کەم لە لێکۆڵەرانەوە لە ئەمریکا ئەنجامدراون، دواتر لەکۆتایی دەیەی ٨٠ لە ئەوروپا و لە دەیەی ٩٠ لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی جیهان لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی زانینی ئەنجامدراون، هەندێکی تر پێیان وایە: زمانەوانیی

زانینی لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە وەکو جولانەوەیەکی زمانی لە بەرانبەر ڕێزمانەکەی چۆمسکی سەریهەڵدا، کە لە لایەن ڕۆناڵد لانگاکر و جۆرج لاکۆفەوە ڕابەرایەتی دەکرا(Mattews, 2007: 62)، ئەمەش زیاتر لەسەر بنەمای ئەو کەم وکووڕی و ڕەخنانەوە دێت، کە ئاراستەی قوتابخانەی فۆڕمی و بە تایبەتی ڕێبازەکەی چۆمسکی دەکران، بۆیە هەرچەند لانگاکر و لاکۆف وەکو دوو بیرمەندی دیاری قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی بە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانە زمانەوانییە دادەندرێن، بەڵام هەردووکیان لە قوتابخانەی فۆڕمی و ڕێبازەکەی چۆمسکی کاریان کردووە، دواتر لە ڕێبازەکە دورکەوتونەتەوە و گرینگییان بەو بابەتانە دەدا، کە پەیوەندیداربوون بە واتا و لە لایەن ڕێبازەکەی چۆمسکی تا ڕادەیەکی زۆر پەراوێز خرابوون(تیلور و مور، ١٣٩٦: ٢١_٢٢)، لە دوای ئەوانیشەوە زمانەوانانی وەکو: فیلمۆر، برۆگمان، تایلر، گیرارتز و ئەیڤانس...هتد، دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی زمانەوانیی زانینی.

لە ساڵی ١٩٨٩ یەکەمین کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی زمانەوانی زانینیی(ICLA)[١] دامەزرا، دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ گۆڤارێک بەناوی زمانەوانیی زانینی ( Cognitive Linguistics)بڵاوکرایەوە( Evans and Green, 2006:

3)، پاشان لە دوای ساڵی ١٩٩١ ژمارەیەک نامەی (ماستەر و دکتۆرا) لە بواری زمانەوانیی زانینی بڵاوکرانەوە، ئیتر لەو کاتەوە زمانەوانی چۆمسکی ئەو پێگە فراوانەی نەما، کە لە بواری لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا بەدەستی هێنابوو (تیلور و مور، ١٣٩٦: ٢٥)  و لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی زمانەوانیی زانینی هاوشانی قوتابخانە زمانەوانییەکانی تر دەستیپێکرد.

لە قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیدا چەمک(Concept) پێگەیەکی گرینگی هەیە و بە پێکهاتەی سەرەکی توانای زمانی لە بیری مرۆڤدا دادەندرێت، تەنانەت "ئاخێوەران فۆڕمەکان لەپێناو ئاماژەدان بە چەمکەکانیان بەکاردەهێنن"(قادر و ناڵی، ٢٠١٩: ٣٩١)، چونکە لەڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە" وشەکان و واتاکانیان و ئەرکەکانیان تەنیا نوێنەر و خستنەڕووی ئەو(چەمکانەن)، کە لە ئاوەزی مرۆڤدا بونیان هەیە"(قادر، ٢٠١٧: ٤٢١)، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکاندا گرینگیەکی زۆریان پێداوە و بەکاری لەپێشینەیان زانیووە، هەروەها پێیان وایە: "وەکو چۆن زمان خاوەنی سیستەم و ڕۆنانە، بەهەمان شێوە بیر و ئەندێشەش خاوەنی سیستەم و ڕۆنانن"(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١١)، کە ئاستی ناوەوەی چەمکە زمانییەکان دەگرێتەوە، بۆیە دەربڕینە زمانییەکان یان ئاماژە بە

سەرچاوەکانییان(چەمکەکانیان) دەکەن یان وەسفی پێگە و شانۆیەک دەکەن؛ سەرچاوە وشانۆکانیش یان کەرەستە و ڕوداوی بەرجەستەیین، یان ئەزمونێکی دیاریکراو و ئەبستراکتی وەکو:(هەستی پەشیمانی، عشق...هتد)ن(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٨٥)هەموو ئەمانەش لە مێشکی ئاخێوەردا لە بۆتەی چەمکی جیاوازدا هەڵدەگیرێن، کەواتە پێکهاتەی هەر چەمکێک لە ئەزموونە جیاوازەکانی مرۆڤ و ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا سەرچاوە دەگرێت، بۆیە زمانەوانیی زانینی بۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان سەبارەت بە بۆماوەیی بونی زمان ڕەتدەکاتەوە و زمان بە ڕەنگدانەوەی توانا زانینییەکانی تری مرۆڤ دەزانێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٤)، بە واتایەکی تر ڕۆنانی ئەوچەمکانەی، کە لە بیری مرۆڤدا هەن؛ بەرهەمی هەموو ئەو ئەزمونانەن، کە لە دەوروبەری خۆی بەیارمەتی بوارەکانی تری زانینی بەدەستی هێناون.

زمانەوانانی زانینی بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە زۆربەی "چەمکە ئەبستراکتەکان لە بیری مرۆڤدا لەسەر بنەمای چەمکە کۆنکریتییەکان بونیاد دەنرێت"(راسخ مهند، ١٣٨٩:١١)، بۆ نموونە:

*٢. مانگی ڕەمەزان خەریکە نزیک دەبێتەوە.*

ئەگەر سەیری ڕستەی ژمارە(٢) بکەین، دەبینین، کە ڕستەکە پەیوەندی بە بواری چەمکی( Conceptual domain)ی (کات)ەوە هەیە، کاتیش بوارێکی ئەبستراکتە و بەرجەستە نییە، بەڵام بە سود وەرگرتن لە بوارێکی کۆنکرێتی، کە جوڵە و بۆشایی فیزیکییە نیشاندراوە، بەواتایەکی تر چەمکی (مانگی ڕەمەزان) وەکو تەنێکی قەبارەدار و بەرجەستە خراوەتەڕوو، کە خەریکە بە ئاراستەی ئاخێوەر دەجوڵێت و نزیک دەبێتەوە.

## ١-١-١- بنەما سەرەکیەکانی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی:

قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیش وەکو هەر یەک لە قوتابخانەکانی تر خاوەنی بنەمای تایبەتی خۆیەتی، کە قوتابخانەکەی لە سەر دامەزراوە، بۆ ئەم مەبەستەش (Lakoff, 1990: 40)ئاماژە بە دوو بنەمای سەرەکی دەکات، کە زمانەوانیی زانینی لە سەر دامەزراوە، ئەوانێش بریتین لە:

١. بنەمای گشتاندن
٢. بنەمای زانینی

ئێمەش هەوڵدەدەیین لە خوارەوە کرۆکی هەریەک لەو دوو بنەمایە ڕوون بکەینەوە.

**یەکەم: بنەمای گشتاندن:**

کاتێک سەیری قوتابخانە و ڕێبازەکانی تری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دەکەین، دەبینین، کە زمان بە سەر چەند ئاستێکی جیاوازی وەکو: فۆنۆلۆجی، مۆڕفۆلۆجی و ڕستەسازی، ...هتد، دابەش دەکەن، بۆیە بەپێی ئەو قوتابخانانە لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکدا نەک تەنیا کارێکی ئاساییە، بەڵکو هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئاستەکانی زمان لە یەکتر جیاکراونەتەوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکدا کۆمەڵێک بنەما و یاسای تایبەت بەو ئاستە گەڵاڵە دەبن، کە تایبەتن بەو ئاستەی لێی کۆڵراوەتەوە و ناکرێت بۆ ئاستەکانی تر گشتاندنی بۆ بکرێت، بەڵام زمانەوانانیی قوتابخانەی زانینی ئەم دابەشکردنەی زمان بەسەر چەند ئاستێکی جیاواز ڕەتدەکەنەوە، چونکە پێیان وایە زانیارییە زمانییەکان لەسەر بنچینەی توانا زانینییەکان بنیادنراون، توانا زانینییەکانیش گشتین و جیاوازی لە نێوان بوارەکانی زماندا ناکەن، کەواتە

"ئەگەر یاسایەکی زانینی هەبێت، ئەوا ئەم یاسایە تەنیا لە بەشێکی زمان بەکارنایەت، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تری زمانیش پەیڕەو دەکرێت"(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٥)، چونکە ئەم یاسایانە پەیوەستن بە بوارەکانی زانستی زانینی، نەک ئاستێکی زمانیی دیاریکراو، بۆیە ڕازیبوون بە بنەمای گشتاندن بەواتای ڕەتکردنەوەی سەربەخۆبوونی زمانە لە بەرانبەر بوارەکانی تری زانینی (عبدالکریمی، ١٣٩٣: ٣١)، چونکە زمانیش وەکو یەکێک لە بوارە زانینییەکان پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ بوارەکانی تری زانینیدا هەیە.

هەروەها زمانەوانانی زانینی پێیان وایە نە زمان و نە بیریش پێکهاتەی سەربەخۆیان نییە، بۆیە هەر بنەمایەک بۆ لایەنێکی تایبەت بخرێتەڕوو بۆ لایەنەکانی تریش ڕاستە، بۆ نموونە فرەواتایی (polysemy) لە هەر یەک لە ئاستەکانی( فۆنۆلۆجی، مۆڕفۆلۆجی و واتاسازی، هتد، هەیە(هەمان سەرچاوە: ٣٢)، وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە:

*٣. ا. چۆلەکەکە لەسەر دیوارەکەیە.*

*ب. مێشەکە لەسەر گڵۆپەکەیە.*

*پ. تابلۆیەکیان لەسەر دیوارەکە نەخشاند.*

*ت. ئازاد لەسەر توێژینەوە نوێکەی کاردەکات.*

کاتێک سەیری ئامرازی بەندی ناسادەی (**لەسەر**) دەکەین، دەبینین لە هەر ڕستەیەکدا واتایەکی جیاواز دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە ڕستەی(٣-ا) ئامرازە بەندەکە واتایەکی ئاسایی گەیاندووە و چۆلەکەکە بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەر دیوارەکە وەستاوە، بەم شێوەیەش پەیوەندیی نێوان چۆلەکە و دیوارەکە پەیوەندیەکی سوتنییە، بەڵام لە ڕستەی (٣-ب) دا، واتاکەی جیاوازە؛ لەوانەیە مێشەکە لە ڕووی ژێرەوەی گڵۆپەکە بێت، نەک ڕووی سەرەوە، لە کاتێکدا لە نموونەی (٣-پ)دا پەیوەندیی نێوان تابلۆکە و دیوارەکە، بە شێوەی ئاسۆییە، کەچی لە نمونەی (٣-ت)دا ئامرازی ناسادەی (لەسەر) وەکو میتافۆڕ بەکارهاتووە و واتایەکی جیاوازتری گەیاندووە.

**دووەم: بنەمای زانینی:**

بە پێی ئەم بنەما سەرەکییەی زمانەوانیی زانینی، پێویستە ئەو بنەما و یاسایانەی کە بۆ وەسفکردنی زمان دیاریدەکرێن لەگەڵ ئەو بنەما و یاسایانەی، کە بە پێی کارکردنی بیر و مێشک لە بەشەکانی تری زانینیدا دۆزراونەتەوە، بگونجێن، بە واتایەکی تر ئەو یاسایانەی، کە لە

پێکهاتەی زمان دەکۆڵنەوە، پێویستە هاوتابن لەگەڵ ئەو یاسایانەی، کە لە زانستی زانینی و بوارەکانی تری زانینی خراونەتە ڕوو(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٧)، بۆ نموونە ئەو یاسایانەی، کە لە بواری زمانەوانیی زانینیدا بۆ پۆلینکردن(categorization)ی هەر کەرستەیەکی زمانی بەکاردێن، پێویستە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا بگونجێن، کە لە بواری سایکۆلۆجی زانینی بۆ هەمان بابەت (پۆلینکردن)بەکاردێن، چونکە هەردووکیان سەر بە زانستی زانینین.

## ١-١-٢- جیاوازی نێوان زمانەوانیی زانینی و زمانەوانیی فۆڕمی( ڕێزمانی بەرهەمهێنان):

زمانەوانیی زانینی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زمانەوانیی فۆرمی بەتایبەتی ڕێبازەکەی چۆمسکی دا هەیە[٣]، تەنانەت زۆرێک لە زمانەوانان پێیان وایە: قوتابخانەی زانینی لە سەربنەمای ئەو کەم وکووڕیانە دروستبووە، کە ئاراستەی فۆرمییەکان و ڕێبازەکەی چۆمسکی دەکران، بۆیە لە خوارەوە جیاوازی نێوان هەردوو قوتابخانەکە دەخەینە ڕوو:

١. زمانەوانانی زانینی لەو بڕوایەدان، کە زمان بەشێکە لە زانستی زانینی و پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ بەشەکانی

تری زانستی زانینیدا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕایەی چۆمسکی و لایەنگرانییەتی، کە پێیان وایە: توانای زمان بۆماوەییە و بۆ هەموو مرۆڤێک وەکو یەکە و جیایە لە توانا زانینییەکانی تری زانینی، بەڵام زمانەوانە زانینییەکان ئەم تێڕوانیننە ڕەتدەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن، کە " زانیارییە زمانییەکان و زانیارییە نازمانییەکان لەیەکتری جیانین"(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٢)، بەڵکو بە ڕادەیەک پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو بوارەدا هەیە، کە بۆ تێگەیشتن لە سادەترین ڕستە پێویستیمان بە سیستەمە زانینییەکانی تر هەیە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٠)، بۆیە بە پێی لێکۆڵینەوە زانینییەکان پێویستە هەمیشە زانیارییە زانینییەکان لە بەرچاو بگرین، و فەرامۆشیان نەکەین.

٢. زمانەوانیی زانینی پێی وایە: وەرگرتنی زمان لە ڕێگەی ڕووبەڕوبونەوەی مرۆڤە لەگەڵ کەرەستەکانی دەوروبەر، نەک لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی بنەما وپارامیتەرەکان، کە لە ڕێزمانەکەی چۆمسکی دا ئاماژەی پێ کراوە(تیلور و مور، ١٣٩٦: ٣٥) بە واتایەکی تر زانینییەکان پێیان وایە: ئەو داتا و زانیارییانەی لە مێشکی ئاخێوەردایە بەرهەمی بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەر و ئەزمونە جەستەییەکانی، کە لەو دەوروبەرە وەریان دەگرێت.

٣. ئەگەر دوانەکەی سۆسێر لەبەرچاوبگرین، کە زمان(langue) و ئاخاوتن(parol) لە یەکتری جیادەکاتەوە، دەبینین فۆرمییەکان و لایەنگرانی ڕێزمانەکەی چۆمسکی، لایەنی ئاخاوتن و چالاکی بە کەم بایەخ سەیر دەکەن و گرینگی بە لایەنی پێکهاتەی زمان دەدەن و بە دیاردەیەکی ئاوەزی دادەنێن؛ لە لایەنی کارەکیی زمان و ئەزمونەکانی مرۆڤی جیادەکەنەوە، بەڵام لە لێکۆڵینەوە زانینیەکاندا گرینگی بە ئەزمونە جەستەییەکان و دەورووبەر دەدرێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٠-٢١)، بۆیە سود لە توانا زانستییەکانی تری زانینیی وەردەگرن.

٤. یەکێکی تر لەو جیاوازیانەی، کە زمانەوانیی زانینی لە ڕێبازی بەرهەمهێنان جیادەکەنەوە، بابەتی گرینگیدانە بە واتا لە نێوان هەردوو لادا، لایەنگرانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان پێیان وایە: ڕۆنانی کەرەستە زمانییەکان لە سەر بنەمای یاسا و ڕێسا ڕێزمانیەکان بنیادنراون، کە تا ڕادەیەکی زۆر واتا پشتگوێ خراوە(لی، ١٣٩٧: ١١)، بەڵام لە قوتابخانەی زمانەوانیی زانینیدا واتا جەوهەری کارەکانە، بەواتایەکی سادەتر زمانەوانیی زانینی گرینگی بە واتا دەدات، بەڵام ڕێزمانی بەرهەمهێنان گرینگی بە یاسا و ڕێسا ڕێزمانی و سینتاکسیەکان دەدات(Geeraerts, 2006: 3)، بەڵام

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، ئەو واتاییەی زمانەوانیی زانینی گرینگی پێدەدات جیاوازە لەو تێڕوانینانەی، کە زمانەوانەکان، پێشتر لەبارەی واتاوە خستویانەتە ڕوو.

٥. زمانەوانیی زانینی ڕستەسازی جیاناکاتەوە لە مۆرفۆلۆجی، بەڵکو هەردووکیان لە چوارچێوەی یەکە هێماییەکان (Symbolic units) لێکدەداتەوە، کە دەکرێت پێکهاتەیەکی سادە یاخود ئالۆزیان هەبێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٤)، بەڵام فۆڕمییەکان بەتایبەتی ڕۆنانکارەکان ئەم دوو ئاستە لەیەکتری دادەبڕن و بە جیا لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکدا دەکەن، بەواتایەکی تر لە قوتابخانەی فۆڕمی دا ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان لەیەکتری جیادەکرێنەوە، بەڵام قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی ئەم ڕوانینە ڕەتدەکاتەوە(صفوی، ١٣٨٣: ٣٦٤) و ئاستەکانی زمان لەیەکتری دانابڕن.

٦. فۆڕمیەکان " بۆ بریندارنەکردنی ڕاستیی بیروبۆچوون و تیۆرەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئاستی پراگماتیک و سیمانتیکیان لەیەکتر جیاکردبووەوە"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٣٧) و زانیارییەکانی ناوەوەی وشە بە سیمانتیک و زانیارییەکانی دەرەوەی وشە بە پراگماتیک دانابوو، و

گرینگییان بە زانیارییە سیمانتیکییەکان دەدا، بەڵام زانینییەکان بە جیاکردنەوەی ئەم دوو ئاستە ڕازینین، چونکە پێیان وایە تاوەکو وشە بەکار نەهێنرێت واتا نادات(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٦٦-٦٧)، هەروەها زمانەوانیی زانینی پێی وایە "واتای پراگماتیکی لەڕێگەی ئەزمون و شارەزایی و پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤەوە کۆدەکرێتەوە و بەکۆددەکرێن و (واتای سیمانتیکی) لە ئاوەزدا پێ بونیاد دەنرێت"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٤٥).

## ١-١-٣- هاوبەشیەکان(گشتیەکان)Universals لە زماندا:

هاوبەشیەکانی زمان لە زۆربەی قوتابخانە زمانییەکان بەرچاو دەکەون، بەڵام سروشتی هاوبەشییەکان لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە، فۆڕمییەکان بەتایبەتی چۆمسکی لە ساڵی (١٩٨١) هاوبەشیەکانی زمانی لە تیۆری بنەما و پارامیتەرەکان[٢] خستۆتەڕوو، کە پێی وایە بنەماکان principles بۆ ماوەیین و لە مێشکی هەموو مرۆڤێکدا بونیان هەیە و هاوبەشن، زمانەوانە زانینییەکانیش بەدوای دۆزینەوەی هاوبەشیەکانی زمانەوەن، بەڵام نەک بەدوای دەستنیشانکردنی هاوبەشە فۆرمییەکانی زمان، بەڵکو

بەدوای ناساندنی توانا زانینییە گشتیەکانی مرۆڤەوەن (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٣- ٢٤)، چونکە زمانەوانە زانینییەکان، هاوبەشییەکانی زمان لە هاوبەشی توانا زانینییەکان و دەوروبەری فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە دەبیننەوە، کە دواجار لە چەمکە زمانیەکانی بیری مرۆڤدا ڕەنگدەدەنەوە.

(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٤-٢٧) هاوبەشیەکانی زمانی بە پێی زمانەوانی زانینی لە سێ خاڵدا خستۆتەڕوو، کە بریتیین لە:

١. سنوردارییی چەمکە زمانییەکان:

لەبەرئەوەی سیستەمی چەمکیی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونە جەستەییەکانەوە بەدەست دێن؛ ئەزموونە جەستەییەکانیش، کە هەستەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، سنوردارن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، چەمکە زمانییەکانیش سنورداربن، بابەتی سنورداربوونی چەمکەکانیش لە لای هەموو مرۆڤێک هاوبەشە، بۆ نموونە سیستەمی بینایی ئێمە توانای بینینی ڕەنگە سەرو وەنەوشەییەکانی نیە، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ چەمکێکی زمانیشمان بۆ ئاماژەکردن بەو ڕەنگانە نییە.

٢. هاوبەشییە ئەزموونییەکان:

ژینگەی زمانی مرۆڤ هاوبەشی زۆری تێدایە، بۆ نموونە

یاسای کێشکردنی زەوی لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی هەیە و لە ئەزموونی هەر مرۆڤێکدا ڕەنگی داوەتەوە، دواجار دەگوازرێتەوە بۆ زمان و لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە.

ئەزموونەکانی مرۆڤیش دەکرێنە دوو جۆر:

ا- ئەزموونی کۆنکریتی( بەرجەستە)(عینی):

ئەو ئەزموونانەن، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە دەست دێن، وەکو بوارەکانی چەمکی جولە، شوێن...هتد

ب- ئەزموونە ئەبستراکتەکان:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی چەمکی مرۆڤ ئەوەیە، کە بواری چەمکە ئەبستراکتەکان لە سەر بنەمای بواری چەمکە کۆنکریتیەکانەوە بەدەست دێت، کە لە نێوان زمانەکاندا هاوبەشە .

٣- پۆلێنکردن(Categorization) و بەچەمککردن(conceptualization) :

یەکێکی تر لە هاوبەشییەکانی زمانەوانیی زانینی بریتییە، لە هاوبەشی لە هەریەک لە پرۆسەکانی پۆلینکردن و بەچەمککردن لە نێوان زمانەکانی جیهاندا.

دوای ئەوەی روش(Rusch)لە ساڵی ١٩٧٠ لە تاقیکردنەوەیەکدا نیشانیدا، کە ئێمە لە پۆلینکردن و شێوازی

ڕێککەوتنی نێوان توخمەکانی ناو پۆلەکان(Categories) تێگەیشتنێکی بونیادیمان هەیە و پێشنموونە (prototype)ش دەورێکی گرنگ دەبینێت. ئەو تێگەیشتنە بنیادیەش سەبارەت بە پۆلینکردنی کەرەستەکانی جیهان لە نێوان هەموو مرۆڤێک و هەموو زمانەکاندا هاوبەشە.

سەبارەت بەو هاوبەشیانەی، کە لە پرۆسەی بەچەمککردندا لە نێوان زمانەکاندا بەرچاو دەکەوێت ، لەم نموونانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

*٤. ا. بەهار خەریکە نزیک دەبێتەوە.*

*ب. خەریکین لە بەهار نزیک دەبینەوە.*

*پ. وەرزی بەهار لە دوای وەرەزی زستانەوە دێت.*

بەر لەوەی شیکردنەوە بۆ نموونەکانی سەرەوە بکەین پێویستە بزانین، کە بەپێی زمانەوانیی زانینیی درکپێکردنی کات سێ شێوەی  هەیە، کە بریتیین لە:

١. شێوەی جوڵەی کات
٢. شێوەی جوڵەی کەس
٣. شێوەی بەدوای یەکداهاتن


بۆیە کاتێک سەیری نموونەکانی ژمارە(٤) دەکەین،

دەبینین لە نموونەی (٤. ا)دا کاتەکە لەسەر بنچینەی (شێوەی جوڵەی کات)، چەمکسازی کراوە، کە مێتافۆڕە و وەکو کەرەستەیەکی کۆنکریتی توانای جوڵەی هەیە و لە ئێمە نزیک دەبێتەوە، بەڵام ڕستەی (٤. ب) بە پێچەوانەوەیە لە سەر بنچینەی کەس(مرۆڤ) بەچەمککراوە، بەشێوەیەک، کە ئاخێوەر خەریکی جوڵەیە و لە بەهار نزیک دەبێتەوە، کەچی لە نموونەی(٤.پ) لە سەر بنەمای بەدوای یەکداهاتن چەمکسازی کراوە. ئەم شێوازانەی بە چەمککردنی کات لە هەموو زمانێکدا هاوبەشن.

## ١-١-٤- لقە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی زانینی

لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی زانینی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکرێن بە دوو لقەوە، کە بریتیین لە:

١. واتاسازیی زانینی(Cognitive Semantics)
٢. بۆچوونەکانی زانینی بۆ ڕێزمان( Cognitive approaches to Grammer)(Evans and Green, 2006: 48)، هەروەکو لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی ژمارە (١) لقە سەرەکییەکانی زمانەوانی زانینی (Evans and Green, 2006: 50)

واتاسازیی زانینی و بۆچوونەکانی زانینی بۆ ڕێزمان پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بەیەکەوە هەیە، بەجۆرێک، کە سنورێکی ڕوون لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، چونکە ئەم دوو لایەنە وەکو دوو ڕووی یەک دراو وان(Evans and Green, 2006: 49)، هەربۆیەش ئەو دەستکەوتانەی لەبواری واتاسازیدا بەدەست دێن، لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ڕێزمان سودیان لێ وەردەگیرێت، کەواتە "لەسەرەتادا پێویستە لە چەمکی واتاسازیی زانینی تێبگەین، پاشان لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە لە ڕێزمان بکۆڵینەوە"(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٢)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ڕێبازەکانی زانینی بۆ ڕێزمان لە سەر بنەمای واتا بونیادنراون.

لەبەرئەوی تەوەرەی داهاتوومان تایبەتە بە واتاسازیی زانینی، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، بۆیە لێرەدا زۆر بەکورتی تەنیا تیشک دەخەینە سەر چەند لایەنێکی بۆچوونەکانی زانینی بۆ ڕێزمان .

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەوڵەکانی لانگاکر سەبارەت بە ڕێزمانی زانینی لەپێش ئەو کارانەوە دێن ، کە زمانەوانەکانی تر لەو بارەیەوە ئەنجامیان داون، بۆیە لانگاکر لە ڕیزی زمانەوانە پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانە دەژمێردرێت، کە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت کردووە بەم بوارە، بۆ ئەم مەبەستەش تیۆرێکی تایبەتی بەناوی ڕێزمانی زانینی(Cognitive Grammer)خستۆتەڕوو و بنەماکانی تیۆرەکەی لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩١ ناساندووە(هەمان سەرچاوە: ٢٢)، لە دوای لانگاکریش زمانەوانەکانی وەکو( لاکۆف١٩٨٧، فیلمۆر١٩٨٨، گۆڵدبێرگ١٩٩٥...هتد)لە ڕوانگەی زانینییەوە لە ڕێزمانیان کۆڵیوەتەوە( Evans and Green, 2006: 49)، پاشان لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی جیهان بە پشت بەستن بە قوتابخانەی زانینی هەوڵی شیکردنەوەی ڕێزمانی زمانەکانیان داوە.

بەپێی ڕێزمانی زانینی هەریەک لە مۆرفۆلۆجی، فۆنۆلۆجی

و ڕستەسازی بواری سەربەخۆی زمان نین، بەڵکو هەرسێکیان توخمی هێمایین(دبیر مقدم، ١٣٨٣: ٦٦)، بە واتایەکی تر لەم ڕێزمانەدا ئەو سێ بوارەی کە ئاماژەی بۆکرا لە چوارچێوی یەکە هێماییەکان(Symbolic units) لێیان دەکۆڵرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە Langacker, (1987: 11) بۆچونەکەی سۆسێر سەبارەت بە هێمای زمانی (کە پێکدێت لە واتا و فۆڕمێکی زمانی) پەسەند دەکات و لە ڕێزمانەکەیدا سودی لێ وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی بۆچونەکەی لانگاکر لە بۆچونەکەی سۆسێر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە سۆسێر سیستەمی هێمایی تەنیا بۆ ئاستی وشە بەکارهێناوە، بەڵام لانگاکر گشتاندی بۆ سیستەمی هێمایی کردووە بۆ پێکهاتەی گەورەتر و ڕستەش بەکارهێناوە (دبیر مقدم، ١٣٨٣: ٦٨-٦٩). هەروەها لە ڕێزمانی زانینیدا ئەو یەکانەی، کە ڕێزمان پێکدێنن لە بەکارهێنان(usage)ی زمان وەرگیراون، بەواتایەکی تر ڕێزمانەکەی لانگاکر لەسەر بنەمای بەکارهێنان بنیادنراوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێزمانەکەی چۆمسکییە، کە گرینگی بە توانست دەدات، نەک چالاکی(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٣)، بۆیە لانگاکر لەپێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستە لەپاڵ یەکە هێماییەکان سود لە بوارەکانی تری زانینیش وەردەگرێت، چونکە لە پرۆسەی بەکۆدکردندا بەشێکی زۆر

لەچەمکەکە وندەبێت  و یەکە هێماییەکان تەواوی ئەو زانیارییانە ناگەیەنن، کە چەمکەکە لەخۆی گرتووە، ئەم بەشە ونبووەش بەهۆی بەکار هێنانیەوە لەدەقەکاندا بۆ چەمکەکە دەگەڕێتەوە (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤٣).

### ١-١-٥- : واتاسازیی زانینی

شارەزایانی زمانەوانیی زانینی ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەم قوتابخانەیەدا لێکۆڵینەوە لە واتا زیاتر گرینگی پێدراوە لەبەرانبەر لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢١)، هۆکارەکەشی وەکو پێشتر باسکرا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بۆچوونەکانی ڕێزمانی زانینی لە سەر بنچینەی ئەو دەسکەوتانە بنیادنراون، کە لە واتاسازیی زانینیدا بە دەستهاتوون.

لە زۆربەی قوتابخانە زمانەوانییەکاندا مەبەست لە لێکۆڵینەوەی لە واتا، واتای فەرهەنگی کەرەستە زمانییەکانە، بەڵام واتاسازیی زانینی ڕوانینی فەرهەنگی بۆ واتای وشە ڕەتدەکاتەوە و لە بەرانبەردا واتای ئینسکلۆپیدیایی بۆ واتای وشە پەسند دەکات(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٢٩)، بە واتایەکی تر زمانەوانانی قوتابخانەی زانینی واتای فەرهەنگی بە بەشێک لە واتای ئینسکلۆپیدیایی دەزانن، بۆیە لە ژێر

ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە دەکرێت بڵێین:" واتاسازیی زانینی لە پەیوەندی نێوان ئەزموونی مرۆڤەکان، سیستەمی چەمککەکان و پێکهاتەی واتایی زمان دەکۆڵێتەوە"(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٢)، بە واتایەکی تر واتاسازیی زانینی لە پەیوەندی نێوان واتا و گەڕانەوەی بۆ جیهانی ڕاستی دەکۆڵێتەوە، کە هەر یەک لە بابەتەکانی وەکو: بەچەمککردن، مێتافۆر، مێتۆنیمی، واتای ئینسکلۆپیدی ...هتد، لە خۆدەگرێت(هەمان سەرچاوە: ٣٤)، چونکە هەموو ئەمانە لە پێکهاتەی واتاسازیی زانینیدا بەشدارن.

سەبارەت بە سەرەتاکانی بەکارهێنانی زاراوەی زانینی ، زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە "زاراوەی واتاسازیی زانینی بۆ یەکەم جار لەلایە لاکۆفەوە خراوەتە ڕوو"(صفوی، ١٣٨٣: ٣٦٣)، پاشان لە لایەن زمانەوانەکانی تری قوتابخانەی زانینی بایەخی پێدراوە.

هەروەها واتاسازیی زانینیش بە هەمان شێوەی زمانەوانیی زانینی تیۆرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک بۆچوون و تیۆری جیاواز پێکدێت، کە لەسەر بنەمای هاوبەشیەکان لەژێر یەک چەتردا کۆکراونەتەوە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٣٤).

به بڕوای زمانەوانانی زانینی مرۆڤ ئەزموونەکانی لە جیهانی دەرەوەی خۆی وەردەگریێت، پاشان لە بیری خۆیدا لە شێوەی چەمک دەیان پارێزێت(صفوی، ١٣٨٣: ٣٦٧)، هەڵبەتە دەتوانێت دووبارە بە یارمەتی مێتافۆر سودیان لێ وەربگیرێتەوە، یاخود لە دەوروبەردا واتای گونجاوی بۆ دەست نیشان بکرێت، بەواتایەکی تر" ئەم ئەزموونکردنانە لەڕێگەی جەستەوە، لە قۆناغێکی تری تەمەنیدا دەبن بەچەمک و لە تێڕوانین و پەیپێبردنەکان بۆ جیهانی دەرەوە بەکاریاندەهێننەوە"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٣٩)، چونکە شارەزایانی واتاسازیی زانینی لەو بڕوایەدان، کە " لە مێشکی ئێمەدا تەنیا نەخشەی وێنەیی(image schema)(بڕوانە١-٢-١) واتای وشەکان هەن؛ واتای یەکلایی کەرەوەی ئەو وشانە دەوروبەر دەستنیشانیان دەکات"(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٢)، بۆ نموونە بەپێی ئەم قوتابخانەیە ناتوانین واتایەکی دیاریکراو بۆ وشەی(باش) دەستنیشان بکەین، بەبێ پشت بەستن بە دەوروبەر، چونکە هەر دەوروبەرێک واتایەکی جیاواز بە وشەکە دەبەخشێت، بۆ نموونە وشەی(باش) بەپێی دەوروبەری جیاواز واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک :

*٥. ا. پارەیەکی باشی هەیە.*

*ب. مامۆستایەکی باشە.*

*پ. دارێکی باشی لێدا.*

*ت. پەلارێکی باشی لێدا.*

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە بکەین دەبینین، دەوروبەر لە هەر ڕستەیەکدا واتایەکی جیاوازی بە وشەی (باش) بەخشیوە؛ لە ڕستەی (٥. ا) بە واتای زۆر دێت و لە هەر یەک لە ڕستەکانی (٥. ب)و(٥. پ) یەک بەدوای یەک بە واتای (شارەزا) و (بەهێز)دێت، کەچی نموونەی (٥. ت) لە ڕێگەی میتافۆرەوە واتایەکی جیاوازتری بەخشیوە و واتای (ڕەق و بەهێز) دەگەیەنێت، بۆیە بۆئەوەی لە واتای ڕاستەقینەی وشەکە تێبگەین پێویستە لە سەرەتادا بەوردی سەیری دەوروبەری وشەکە بکەین پاشان بڕیار لە سەر واتای وشەکە بدەین.

بابەتێکی تر، کە پێشتریش باسکرا ئەوەیە، لە زمانەوانیی زانینیدا جیاوازی لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا نەکراوە (دبیر مقدم، ١٣٨٣: ٦٦)، چونکە واتاسازیی زانینی بە جیاکردنەوەی واتای جەوهەری وشە و واتای پراگماتیکی بەشێوەیەکی ڕەها ڕازی نیە، بەڵکو هەردوو واتاکە بەیەکەوە بە واتاسازیی زانینی دەزانێت و لە یەکتریان

جیاناکاتەوە(روشن و اردبیلی، ۱۳۹۲: ۷۱)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو چەمکەی لە بیری مرۆڤدا هەیە، بەرهەمی بەکارهێنان و ئەزموونی جەستەیی و فیزیکی دەوروبەری مرۆڤە.

کەواتە یەکێک لە گرینگترین لایەنەکانی زانینی لە مرۆڤدا ئەوەیە، بۆ بەرهەمهێنانی چەمکێک سود لەو ئەزموونانە وەردەگرێت، کە لە دەوروبەری خۆی وەریدەگرێت(عبدالکریمی، ۱۳۹۳: ۱۰۵) هەر بۆیەش جۆرج لاکۆف پێی وایە: " پێکهاتەی واتا بەوەوە بەستراوە، کە چۆن ئاخێوەرانی زمان جیهان لێکدەدەنەوە"(تیلور و مور، ۱۳۹٦: ۲۲)، کە بێ گومان ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنانەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە جەستەییەکان و ئەو چەمکەی لە بیری مرۆڤدایە دێتەکایەوە.

### ۱-۱-۵-۱- بنەماکانی واتاسازیی زانینی:

واتاسازیی زانینیش وەکو هەر یەکێک لە بابەتە زانستیەکانی تر لە سەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە، کە تایبەتمەندی بابەتەکە دەردەخەن، بۆ ئەم مەبەستەش(Evans and Green, 2006: 157)، چوار بنەمایان بۆ واتاسازیی زانینی خستۆتە ڕوو، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. ڕۆنانی چەمکی ڕۆنانێکی بەرجەستەکراوە.

٢. ڕۆنانی واتا هەمان ڕۆنانی چەمکییە.

٣. خستنەڕووی واتا ئینسکلۆپیدیاییە.

٤.پێکهاتەی واتایی بە بەچەمککردنە.

ئێمەش هەوڵدەدەین لە خوارەوە تیشکیان بخەینە سەر و بە جیا لە لە هەر یەکێکیان بدوێین:

١. ڕۆنانی چەمکی ڕۆنانێکی بەرجەستەکراوە:

کاتێک مرۆڤ ڕوبەڕوی جیهانی دەرەوە دەبێتەوە، لە هەر جولە و هەنگاوێکدا ئەزموون وەردەگرێت، هەموو ئەو ئەزموونانەی، کە لەو ڕێگەیەوە بەدەست دێن لە شێوەی چەمک لە بیری مرۆڤدا تۆمار دەکرێن، کەواتە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆنانی چەمکی بۆ ئەو ئەزموونانە دەگەڕێتەوە، کە لە جیهانی فیزیکییەوە وەریان دەگرێت. واتاسازیی زانینی لە سروشتی پەیوەندی نێوان ڕۆنانی چەمکی و جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆی ئەزموونی هەستەکانەوە بەدەست هاتوون، بۆنموونە:

کاتێک کەسێک لە ژورێکی داخراودایە و ژورەکە لە ناوەوە و دەرەوە، سنور(دیوار) پێکدێت، ئەوا ژوورەکە

خاسیەتی قەبارەیی هەیە و مرۆڤەکە ناتوانێت(بەبێ کردنەوەی دەرگای ژوورەکە) وەکو هەوا یاخود زیندەوەری بچوک لە درزی دیوارەکان یاخود لە ژێر دەرگاکەوە بێتەدەرەوە، چونکە ژوورەکە هەرچوارلای گیراوە و بۆ هەر لایەک بچێت جەستەی بەر لاکانی دیوارەکە دەکەوێت، بۆیە ئەوەی لە بیری مرۆڤدا دروست دەبێت پێی دەوترێت نەخشەی وێنەیی(بڕوانە١-٢-١)، کەواتە قەبارەداری ئەزموونێکە بە هۆی ڕووبەڕوبونەوەی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دروست دەبێت( Evans and Green, 2006: 57-58)، بۆیە دەوترێت ڕۆنانی چەمکی ڕۆنانێکی بەرجەستەکراوە.

٢. ڕۆنانی واتا هەمان ڕۆنانیی چەمکییە:

مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە، کە زمان ئاماژە بەو چەمکانە دەکات، کە لە بیری ئاخێوەردا هەیە، نەک ئەو کەرەستانەی، کە لە جیهانی دەرەوەی مرۆڤدا هەن ( Evans and Green, 2006: 58)، بە واتایەکی تر" زمان ئاماژە بە جیهانی دەرەوە ناکات، بەڵکو ئاماژە بەو چەمکانە دەکات، کە لە بیری ئاخێوەردا هەیە"(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٢٦)، بۆیە ڕۆنانی واتا هەمان ڕۆنانی چەمکەکانی دەبێت. بەڵام پێویستە

ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە " خودی ئەو واتا و چەمکانەی لە ئاوەزدا(فەرهەنگی ئاوەزی)داکراون بەرئەنجامی ئەزموون و شارەزایی مرۆڤەکانن، کە لەڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە و لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا چنگی کەوتوون و لە ئاوەزیدا بەکۆدی کردوون"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٤٠).

٣. خستنەڕووی واتا ئینسکلۆپیدیاییە:

یەکێکی تر لەو بنەما سەرەکییانەی واتاسازیی زانینی ئەوەیە، کە خستنەڕووی واتا ئینسکلۆپیدیاییە، بە واتایەکی تر "دارشتەی واتای زمانی بەپێی تێڕوانینی سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە"(قادر، ٢٠١٧: ٤٣١)، واتە وشە بە تەنیا واتای فەرهەنگی ناخاتەڕوو، بەڵکو لەڕوانگەی واتاسازیی زانینی وشە تەنیا خاڵی دەست گەیشتن(point of access)ە بەو کۆگا زانیارییانەی، کە تایبەتن بە بوارێکی دیاریکراو( Evans and Green, 2006: 160-161)، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە سەیری نموونەی ژمارە(٥) لە (١-١-٥) بکە، کە چۆن وشەی (باش) خاڵی دەست گەیشتنە بە بواری جیاواز و لە ڕێگەی ئەو بوارە جیاوازانەشەوە دەگەین بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە.

٤. پێکهاتەی واتایی بە بەچەمککردنە:

ئەمەش یەکێکی ترە لە بنەماکانی واتاسازیی زانینی، مەبەست لێی ئەوەیە، کە واتاسازکردن پرۆسەیەکە لە سەر ئاستی چەمکەکانەوە دروست دەبێت، نەک لە سەر ئاستی دەربڕینە زمانییەکان، بۆیە بە پێی ئەم بنەمایە زمان(وشە، یاخود یەکەکانی تری زمان)واتا کۆتدار ناکەن، بەڵکو تەنیا هاندەرێکن بۆ دروستکردنی واتا لە ئاستی چەمکی دا(Evans and Green, 2006: 162)، بۆیە دەتوانین بڵێین:" دروستکردنی واتا یەکسانە بە چەمکسازکردن"(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٣١)، کە لەبیری مرۆڤدا دروست دەبێت نەک لە سەر ئاستی دەرکەوتە زمانییەکان.

هەروەها جگە لەم چوار بنەمایەی کە لەلایەن ئەیڤانس و گرینەوە ئاماژەی بۆ کراوە، زمانەوانی تریش بە مەبەستی جیاکردنەوەی قوتابخانەی زانینی لە هەموو ئەو قوتابخانە زمانەوانیەکانی پێشوتر، کە گرینگیان بە واتا داوە، چوار بنەمای تر بۆ واتاسازیی زانینی خستۆتەڕوو (راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٨-٢٠)، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. واتای زمانی دیمەنییە:

بە پێی ئەم بنەمایە ئاخێوەرانی زمان لە ڕوانگەی

گۆشەنیگای جیاوازەوە لە کەرەستەکانی دەوروبەر دەڕوانن، پاشان چەمکەکان بنیاد دەنێن و واتا بەرهەم دێنن، بۆ نموونە :

گریمان تۆ لەپشت ماڵەکەت وەستاوی و پاسکیلەکەشت لە پێش ماڵەکەتە، ئەگەر کەسێک پرسیاری شوێنی پاسکیلەکەت لێ بکات، ئەگەر هەیە بە یەکێک لەم دوو ڕستانەی خوارەوە وەڵامیان بدەیتەوە:

٦. ا. *پاسکیلەکەم لەپێش ماڵەکەمە.*

ب. *پاسکیلەکەم لەپشت ماڵەکەمە.*

هەرکاتێک وەڵامەکەت ڕستەی (٦.ا) بێت، ئەوا تۆ خانووەکەت بە جۆرێک گریمانە کردووە، کە وەکو مرۆڤ ڕووی (پشت) و (پێش) ی هەیە، تۆش خانووەکەت کردۆتە سەنتەر و لەو ڕوانگەیەوە ئەم بڕیارەت داوە، بەڵام کاتێک ڕستەی (٦.ب) هەڵدەبژێریت، ئەوا تۆ خۆتت کردۆتە سەنتەر و لە ڕوانگەی خۆتەوە وەڵامت داوەتەوە.

٢. واتای زمانی داینامیکییە(ناجێگیرە):

مەبەست لەو بنەمایە ئەوەیە، کە سیستەمی زانینی مرۆڤ بۆ زانین و دەستەبەرکردنی واتا، داینامیکییە و هەمیشە لە

جوڵە دایە، بە واتایەکی تر توانا زانینیەکانی تری مرۆڤ بەردەوام لە فراوان بوون و جوڵەدان، بۆ نموونە: دەتوانیین لە وەسفی پۆلی(category) باڵندەدا سیماکانی وەکو: هەبوونی باڵ، توانای فڕین، هێلکە کردن و بچکۆڵەیی) بە سیمای تایبەتی پۆلەکە دابنێین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پۆلی باڵندەکان بەتەواوی بناسین، پێویستە بەلایەنی کەم هەندێک باڵندەی وەکو (کۆتر، چۆلەکە(کێشکە)، پەڕەسێلکە) ببینین، ئەگەر زانینی زیاتریشمان بوێت، دەبێت (وشترمل(نەعامە)، شەمشەمە کوێرە و پەنگوینیش ببینین، لەگەڵ سەیرکردنی ئەمجۆرە گیانلەبەرانە، کە لە پۆلی باڵندەدا دامان ناون و وەکو ئەندامەکانی تری پۆلی باڵندە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، دەبینین ئەو سیما تایبەتیانەی، کە پێشتر بۆ پۆلی باڵندە خستبوومانە ڕوو گۆڕانکاریان بەسەردادێت، بۆ نموونە، کە سەیری شەمشەمەکوێرە دەکەین هێلکە ناکات، یاخود وشترمل بە بەراورد لەگەڵ پەڕەسێلکە زۆر گەورەیە، بۆیە دیاریکردنی سیما تایبەتییەکانی پۆلی باڵندە داینامیکییە و ناتوانین بە دوای تایبەتمەندی جێگیردا بگەڕێین.

٣. واتای زمانی ئینسکلۆپیدیاییە و لە بوارەکانی تری زانینی جیانابێتەوە(بوارێکی سەربەخۆ نیە):

له کاتێکدا، که مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا هەڵسوکەوت دەکات، ناکرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیا له بوارەکانی تری زانینی واتا لەبەرچاو بگرێت، له ڕاستیدا واتا ڕەنگدانەوەی هەموو ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤە، که له دەوروبەری خۆی دەستی دەکەوێت، بۆیه بۆ درککردنی واتاکان پێویسته بگەڕێینەوە بۆ ئەو زانیارییه ئینسکلۆپیدیانەی، که تایبەتن به وشەکە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٧. ا. ئۆتۆمبێلی ئازاد ڕەنگی سورە.*

*ب. قژی ئازاد ڕەنگی سورە.*

کاتێک سەیری ڕستەکانی نموونەی ژمارە (٧) دەکەین، دەبینین، هەردوو ڕستەکە ئاماژە به یەک ڕەنگی تایبەت دەکەن، که ڕەنگی(سوورە) و له فەرهەنگدا یەک دەروازەی بۆ کراوەتەوە و له یەکتری جیاوازنین، بەڵام واتای ئینسکلۆپیدیایی، که پەیوەندی به زانیاریه ئەزموونیەکانی مرۆڤەوە هەیە، پێمان دەڵێن: ئەو دوو ڕەنگه سوورە لەیەکتر جیاوازن، به شێوەیەک ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکەی ئازاد سورێکی ئاساییە، بەڵام ڕەنگی قژی ئازاد، سورێکە، که بەلای خورماییدا دەڕوات، بۆیه ئەم دوو ڕەنگه سورە وەک یەک نین.

٤. واتای زمانی لە سەر بنچینەی بەکارهێنانی کۆنکریتی و ئەزموونەکانی مرۆڤەوە بەدەست دێن:

بە پێی ئەو بنەماییە واتای زمانی لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان و ئەزموونە جەستەییەکانەوە بەدەست دێت، واتە کاتێک مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی هەڵسوکەوت دەکات، ئەزموون وەردەگرێت، ئەم ئەزموونە بەدەست هاتووانەش لە شێوەی چەمک لە بیری مرۆڤدا تۆماردەکرێن، دواتر لە ڕێگەی میتافۆرەوە لە بوارە ئەبستراکتەکانیش سودیان لێوەردەگیرێتەوە، بۆ نموونە:

*٨. ا. ئازاد لە کێشەدایە.*

*ب. ئازاد لە خۆشیدا دەژیت.*

ئەگەر سەرنجی ڕستەکانی ژمارە(٨)بدەین، دەبینین، هەر یەک لە وشەکانی (کێشە) و (خۆشی)، دوو بواری ئەبستراکتن، بەڵام لەم ڕستانەدا وەکو دوو بواری کۆنکریتی، کە خاوەنی قەبارەبێت، مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، کە توانای چوونە ژوورەوە یاخود هاتنەدەرەوەیان هەیە، هۆکارەکەشی وەکو پێشتر باسکرا ئەوەیە، کە چەمکە ئەبستراکتەکان لە سەر بناغەی چەمکە کۆنکریتییەکانەوە بنیاد دەنرێن، چەمکە کۆنکریتیەکانیش پێشتر لە لایەن جەستەی مرۆڤەوە ئەزموون کراون.

## ١-٢- بابەتە پەیوەندیدارەکان

بەرلەوەی لەڕوانگەی زانینییەوە باسی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی و شیکردنەوەی تۆڕی واتایی هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بکەین، بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر هەموو ئەو بابەتانەی چ بە ڕاستەوخۆ چ بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە و لەکاتی پێناسەکردن و شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکاندا ڕووبەڕومان دەبنەوە، گرینگترین بابەتە پەیوەندیدارەکانیش بریتین لە:

١_ نەخشەی وێنەیی Image schema

٢_ تەنی جوڵاو (TR)Trajector و ناوچەی وەستاوLandmark (LM)

٣_مێتافۆڕی چەمکی conceptual metaphor

٤_مێتۆنیمیmetonymy

٥_ پۆلێنکردنcategorization

٦_ ڕوانینی ئینسکلۆپیدییانە encyclopedic view

٧_تێڕوانین Perspective

ئێمەش هەوڵدەدەین لەخوارەوە باسی هەریەکە لەو بابەتە پەیوەندیدارانە بکەین:

**١-٢-١- نەخشەی وێنەیی:**

مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بەردەوام هەندێک هەڵسوکەوت ئەنجام دەدەن، کە لەژیانی هەموویاندا هاوبەشە، وەکو (ڕۆیشتن، هەڵگرتن، ڕاکردن، ...هتد) جا ئێمە یاخود خەڵکی تر ئەنجامی بدەین، دەبێتە هۆی هێنانەدی پڕۆسەی لەیەکترگەیشتن لە نێوان هەردوولادا.

تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕۆتینانەی ژیانی مرۆڤیش هەروا سادە و ئاسان نییە، بەڵکو پەیوەندیەکی ئاڵۆز لەنێوان زمان، بیر و جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دروست دەکات، کە دواجار ئەزموونە جەستەییەکانی لێدەکەوێتەوە، جانسۆن پێی وایە ئەو ئەزموونانە لە شێوەی چەند وێنەیەک لەبیری مرۆڤدا جێگیر دەبن، کە هەم دووبارە دەبنەوە هەم فراواندەبن، مەبەست لە دووبارەبوونەوە ئەوەیە مرۆڤەکان ڕۆژانە ئەو ڕۆتینانە دوبارە دەکەنەوە، هەروەها مەبەستیش لە فراوانبوون ئەوەیە، کە ئەم چالاکیانە ڕۆژانە بە چەندین شێوەی لێکچوو فراواندەبن، هەروەکو چۆن لە ئێستادا بوکەشوشە لەشێوەی مرۆڤدا دروست دەکرێت، کە توانای

قسەکردن، بە ڕێگا داڕۆیشتن و گۆرانی وتنی هەیە(صفوی، ١٣٩٤: ٩٩ )، کەواتە ئەوچالاکیانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامیان دەدات و دووبارەیان دەکاتەوە لەشێوەی چەند نەخشەیەکی وێنەیی جیاواز لەبیری مرۆڤدا تۆمار دەکرێن.

سەرەتای لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بۆ بۆچوونەکانی جانسۆن دەگەڕێتەوە، کاتێک لە ساڵی ١٩٨٧ تیۆرێکی بەناوی تیۆری نەخشەی وێنەیی(Image schema theory) خستەڕوو، کە تێیدا دەریخستوە ئەزموونە بەرجەستەکراوەکان هۆکارن بۆ پەیدابوونی نەخشەیی وێنەیی لە سیستەمی چەمکیی مرۆڤدا (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٤١_٤٢ )، بەواتایەکی تر جانسۆن پێی وایە ئەوە ئەزموونە جەستەیەکانن، کە نەخشە وێنەییەکان دێننەکایەوە. زمانەوانە زانینییەکان هەوڵدەدەن لەچەند ڕوویێکەوە پێناسەی نەخشەی وێنەیی بکەن، بۆ نموونە (تیلور ومور، ١٣٩٦: ٣٢) لەوبارەیەوە دەڵێن: نەخشەی وێنەیی" مۆدێلێکی چەمکی و ئەبستراکتە، کە لە ئەنجامی ڕەفتاری ڕۆژانەی ئێمە لەگەڵ جیهانی دەوروبەرمان دورست دەبێت"، بەواتایەکی تر دەکرێت بڵێین " نەخشە وێنەییەکان ئەو چەمکانەن، کە لە ئەزموونە بەرجەستەکراوەکانەوە پەیدا دەبن" ( روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٤٤ )، کەواتە ئەوەی لەبیری مرۆڤدایە، بریتیە

لەچەند چەمکێکی ئەبستراکت، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە جەستەیەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە.

زاراوەی نەخشەی وێنەیش بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨٧ لە کتێبی (body in the mind) بەرچاو دەکەوێت کە بەڕای کورش صفوی، جانسون بۆ ئەم زاراوەیە سودی لە بۆچونەکانی (ئیمانوێل کانت) وەرگرتووە، دواتر لە هەمان ساڵدا بە هەمان مەبەست زاراوەکە لە کتێبەکەی جۆرج لاکۆف بەکارهات (صفوی، ١٣٩٤: ٩٨ ).

زمانەوانە زانینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەر پێشتر زاراوەی (وێنەیی) بە هەستی بینینەوە بەسترابێتەوە، ئەوا لە زمانەوانیی زانینیدا بەکارهێنانێکی فراوانتری هەیەو ئەزموونی هەموو هەستەکانی مرۆڤ وەکو ( بینین، بیستن،...هتد) دەگرێتەوە(روشن و اردبیلی ،١٣٩٢: ٤٨ )، بەواتایەکی تر لەزمانەوانیی زانینیدا کاتێک دەوترێت نەخشەی وێنەیی مەبەستمان تەنیا چەمکی ئەو وێنانە نییە، کە لە ڕێگەی هەستی بینینەوە ئەزموونکراون، بەڵکو چەمکەکە لەوە فراوانترە و هەستەکانیتریش دەگرێتەوە.

زمانەوانە زانینییەکان لەو باوەڕەدان، کە پێکهاتەی نەخشە وێنەییەکان بۆ ماوەیی نین، بەڵکو منداڵ لە کاتی

بەریەککەوتنی لەگەڵ دەوروبەری فیزیکیی خۆیدا وەریان دەگرێت (هەمان سەرچاوە: ٤٨ )، دواجار لە زمانەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بینیمان توخمێک لە نێوان زمان و زار ( شێوەزار )ە جیاوازەکاندا بەشێوەی جیاواز بەچەمکبکرێت، بۆ نموونە:

١_ لەنێوان زمانەکاندا: ٩. ا. *چۆلەکەکان لەسەر دارەکەن. ( کوردی )*

*the birds are in the tree. ب.*

*(ئینگلیزی ) چۆلەکەکان لەناو دارەکەن.*

٢_ لەنێوان زاروشێوەزارەکاندا: ١٠. ا. *ئەو لەسەر جادەکەیە.*

*ب. ئەو لە نێو جادەکەیە.*

کاتێک سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە دەکەین، دەبینین ڕستەکانی ( ٩. ا ) و ( ١٠. ا ) لەشێوەی ئاست بەچەمککراون، بەڵام ڕستەکانی ( ٩. ب ) و (١٠. ب) لەشێوەی دەفری ( container ) چەمکسازی کراون.

بەر لەوەی کە باسی جۆرەکانی نەخشەی وێنەیی و تایبەتمەندییەکانیان بکەین بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر دوو چەمکی گرنگ، کە ڕۆڵێکی بنەڕەتیان لە پێکهاتەی

نەخشە وێنەییەکاندا هەیە، ئەوانیش بریتین لە تەنی جوڵاو Trajector (TR) و ناوچەی وەستاو Landmark (LM).

### ١-٢-١-١- تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو :

تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو وەکو دوو توخمی سەرەکی لە نەخشەی وێنەییدا ڕۆڵێکی گرینگیان لە بەچەمککردنی دیمەنەکانی دەوروبەرماندا هەیە.

تەنی جوڵاوTR بەشێوەیەکی ئاسایی بەو توخمانەی دیمەنێک دەوترێت، کە بچوکترە و توانای جوڵەیان هەیە، بەڵام ناوچەی وەستاو ئاماژە بە خاڵێک دەکات، کە تەنی جوڵاو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا جوڵە دەکات (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٩٩_١٠٠ )، بۆیە هەمیشە بەپێی جۆری نەخشە وێنەییەکە هەرجارە و پەیوەندیەکی جیاواز لە نێوان TR و LM دا دەبینرێت.

زمانەوانە زانینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە سەرەتادا زاراوەکانی(Figure) و (ground) لە دەرونزانی گشتاڵیتییەوە هاتۆتە نێو زمانەوانییەوە، بەڵام لە سەرەتادا لە زمانەوانیی زانینی دا پیتی یەکەمی زاراوەکان بە پیتی گەورە(کاپیتاڵ) نوسراون، بۆ ئاماژەدان بەو جیاوازییەی، کە

لە نێوان بەکارهێنانە زمانەوانیەکە و بەکارهێنانە بنەڕەتیەکە ( دەرونزانی گشتاڵیتی )دا هەیە (Talmy, 2000: 312 ) دواتر لانگاکر لە ساڵی ١٩٨٧بۆ یەکەمین جار زاراوەکانی Trajector و Landmark ی لە بری(figure) و(ground) بەکارهێناوە، لەدوای ئەویش لاکۆف و جانسۆن لە کارەکانیاندا بەکاریانهێناوە (روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٥٦ )، بۆیە ئێمەش لەمە بەدوا بۆ شیکردنەوەی دیمەنەکان سوود لە زاراوە زمانەوانیەکەی لانگاکر وەردەگرین.

زمانەوانە زانینیەکان لەو باوەڕەدان، کە " بیری مرۆڤ لە هەر دیمەنێکدا بەشێک بە ناونیشانی تەنی جوڵاو و بەشەکەی تریشی بە ناونیشانی ناوچەی وەستاو دەستنیشان دەکات " (راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٢ )، کەواتە جیاکردنەوەی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو پڕۆسەیەکی دەرونییە و پەیوەندیی بە زانیاریە زانینییەکانی ناخی مرۆڤەوە هەیە. زمانەوانە زانینییەکان بۆ دەستنیشانکردنی هەر یەکە لە تەنی جولاو و ناوچەی وەستاو چەند تایبەتمەندییەکیان خستۆتە ڕوو (کوچش، ١٣٩٥: ٣٨٦ )، کە هاوکات دەتوانین وەکو جیاوازی نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاویش سەیریان بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ناوچەی وەستاو | تەنی جوڵاو |
| --- | --- |
| گەورەترە | بچوکترە |
| جوڵەی کەمترە | جوڵەی زیاترە |
| لەڕوی پێکهاتەوە ئاڵۆزترە | لەڕوی پێکهاتەوە سادەترە |
| نابەرجەستەترە | بەرجەستەترە |
| زانیاری کۆنە | زانیاری تازەیە |
| شوێنەکەی زیاتر بەرچاوە | شوێنەکەی کەمتر بەرچاوە |

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مەرج نییە هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە بەسەریەکەوە لە تەنی جوڵاو یان ناوچەی وەستاوی دیمەنێکی تایبەتدا بەرچاو بکەوێت، بەڵکو ئێمە زیاتر لەسەر بنەمای یەک یان دوو تایبەتمەندی بڕیار لەسەر جیاکردنەوەی تەنی جولاو و و ناوچەی وەستاو دەدەین (کوچش، ١٣٩٥: ٣٧٨)، بۆنموونە:

١١. *مۆبایلەکە لەسەر مێزەکەیە.*

بیری ئێمە پێمان دەڵێت مۆبایل = TR و مێز = LM چونکە مۆبایل بەبەراورد لەگەڵ مێزەکە، هەم بچوکترە و هەم مەودای جوڵەی زیاترە، هەر لەبەر ئەمەشە، ئەگەر بڵێین

مێزەکە لەژێر مۆبایلەکەیە کەمێک سەیر دێتە بەرچاو، مەگەر کەسێک بەدوای مێزەکەدا بگەڕێت و ئاخێوەریش بەگاڵتەوە بڵێت مێزەکە لەژێر مۆبایلەکەیە.


هەروەها لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییانەی، کە خستمانە ڕوو دەتوانین بڵێین: لە ڕستەدا سەرەتا تەنی جوڵاو پاشان ناوچەی وەستاو دێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢٧)، بۆ نموونەی لە ڕستەی ژمارە (١١)دا ئاسایی ترە، بوترێت: موبایلەکە لەسەر مێزەکەیە، وەک لەوەی بوترێت: مێزەکە لەژێر موبایلەکەدایە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە موبایلەکە تەنی جوڵاوە، بۆیە دەبێت لە سەرەتادا بێت، بە واتایەکی تر هاتنی تەنی جوڵاو لە سەرەتادا ئاسایی ترە وەک لەوەی لە کۆتاییدابێت، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

١٢. *حەڵقەی لە پەنجە کرد.*

وەک دەبینین پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، واتە ئەوە پەنجەیە، کە چۆتە ناو حەلقەوە، نەک حەڵقە چووبێتە ناو پەنجە، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: بۆچی ئاسایی ترە بگوترێ: حەڵقەی لە پەنجەکرد، نەک پەنجەی لە حەڵقەکرد، وەلامەکەی، دیارە و پەیوەندی بە تەنی جولاو و ناوچەی وەستاوەوە هەیە ، لەم ڕستەیەی سەرەوەشدا حەڵقە

ڕۆلی تەنی جولاو و پەنجەش ڕۆڵی ناوچەی وەستاو دەبینێت هەر ئەمەشە وایکردووە هاتنی حەڵقە لە سەرەتای ڕستەکە ئاسایی تر بێت وەک لەوەی لە شوێنێکی تر بێت(لی، ١٣٩٧: ٤٠-٤١).

ناوچەی وەستاویش لە هەر نەخشەیەکی وێنەییدا دەکرێت بەشێوەی (یەک لقی) یان (دوو لقی) دەرکەوێت ( یوسفی راد، ١٣٨٧: ١٢٦)، وەک لەهێڵکاریی ژمارە(٢)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٢) ناوچەی وەستاوی یەک لقی و دوولقی

## ١-٢-١-٢- جۆرەکانی نەخشەی وێنەیی:

زمانەوانان بە سود وەرگرتن لە ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر چەندین جۆر نەخشەی وێنەیی دەخەنەڕوو، وەک:

١. نەخشەی قەبارەیی(حجمی)( containment schema)
٢. نەخشەی جوڵەیی( حركتی)(path schema)
٣. نەخشەی هێزی (force schema)
٤. نەخشەی ڕوویی (surface schema)
٥. نەخشەی تێپەڕ(pass schema)
٦. نەخشەی سەرەتا(leaving schema)
٧. نەخشەی ئاڕاستەیی(direction schema)
٨. نەخشەی مەبەست( destination schema)(عبدالكريمی، ١٣٩٣: ١٢٧). زۆربەی زمانەوانەکان جەخت لە سەر سێ جۆر نەخشەی وێنەیی دەکەنەوە، بۆیە ئێمەش لە بەر گرینگی و پەیوەندیداربوونی نەخشە وێنەییەکان بەڕۆڵی ئامرازە بەندەکانەوە تەنیا جەخت لە سەر ئەو سێ نەخشە وێنەییانە دەکەینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: نەخشەی قەبارەیی:**


ئەمە یەکێکە لە جۆرەکانی نەخشەی وێنەیی، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ کەرەستە و

توخمی قەبارەدار و داخراودا پەیدا دەبێت، بە واتایەکی تر بەریەککەوتنی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی، کە وەکو دەفر سنورەکانی داخراون، بۆ نموونە : ژووری داخراو، خانوو، یان هەرشتێکی تر، کە خاوەنی قەبارە بێت، لە ئەنجامدا نەخشەیەکی وێنەیی ئەبستراکت، کە لە قەبارە فیزیکیەکەیەوە وەرگیراوە، لە بیری مرۆڤدا دروست دەبێت(صفوی، ١٣٨٣: ٣٧٤).

لەم نەخشە وێنەییەدا ئەزموونە جەستەییەکانی ئێمە ڕووبەڕووی دوو گروپ دەبنەوە:

یەکەم_ جەستەی ئێمە خۆی خاوەنی قەبارەیە.

دووەم_ نەک تەنیا جەستەی ئێمە، بەڵکو ئێمە خۆشمان لە ناو قەبارەی تر داین. هەروەها لە هەر نەخشەیەکی قەبارەییدا هەر یەک لە توخمەکانی (ناوەوە، سنور، دەرەوە)هەن، کە کەرەسەیەک(تەنی جوڵاو) یان لە ناوەوە، یان لەدەرەوە دەبێت، هیچ کاتێک لە ناوەڕاست(سەر سنورەکە) نابێت(کوچش، ١٣٩٥: ٣٤٤)، وەک ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژماره  (٣) نەخشەی قەبارەیی

وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٣)دا دیارە لە نەخشەی قەبارەییدا کەرەستەکە یان لەناو کەرەستەیەکی تردایە یان لەدەرەوەدایە، هیچ کاتێک لەسەر سنور نابێت.

نەخشەی قەبارەییش دەکرێ کۆنکریتی یاخود ئەبستراکت بێت، بۆ نموونە:

١٣. ا. *ئازاد لە ژوورەکەدایە.*

ب. *ئازاد لە خەیاڵێکی قوڵدایە.*


کاتێک سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکەیین، دەبینێین، لە ڕستەی یەکەمدا (ژوورەکە) ناوچەی وەستاوە و کۆنکریتییە، کەچی لە ڕستەی دووەمدا (خەیاڵێکی قوڵ) بە هەمان شێوە ناوچەیەکی وەستاوە ، بەڵام ئەبستراکتە و بەهۆی مێتافۆرەوە دروستبووە.

هەروەها هەر کاتێک شتێک لە ناو قەبارەیەکدابێت و

قەبارەکەش لە ناو قەبارەیەکی تر دابێت، ئەوا شتەکە لە ناو هەردوو قەبارەکەدایە(saeed, 2003: 354)، بۆ نموونە: کاتێک پێنووسێک لەناو سندوقێک دابێت و سندووقەکەش لەناو ژورێکدابێت، کەواتە پێنووسەکە هەم لەناو سندووقەکە و هەم لەناو ژوورەکەدایە.

**دووەم: نەخشەی جوڵەیی:**

ئەمەش یەکێکیترە لەو نەخشە وێنەییانەی کە جانسۆن لە ساڵی ١٩٨٧ خستۆیەتیە ڕوو بەپێی نەخشە وێنەییەکە هەر نەخشەیەکی وێنەیی لە خاڵی سەرەتا(کە بە A ئاماژەی بۆکراوە) ، خاڵی کۆتایی(کە بە B ئاماژەی بۆ کراوە) و ڕێگەیەک(کە بە تیرێک ئاماژەی بۆکراوە) پێکدێت( Saeed, 1997: 356)، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٣)خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٤) نەخشەی جوڵەیی(JOHNSON, 1987: 114)

بەپێی ئەو نەخشە وێنەییەی سەرەوە بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئەو جوڵە فیزیکە جیاوازانەی، کە بە ئاراستەی جیاواز ئەنجامیان دەدات، هۆکارن بۆ

هاتنەکایەوەی ئەم نەخشە وێنەییە ئەبستراکتە لە بیری مرۆڤ و دواتر ڕەنگدانەوەیان لە زمانی مرۆڤدا، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*١٤. ا. لە سۆرانەوە بۆ هەولێر چووم.*

*ب. گفتوگۆکەمان تائێرە هێناوە.*

*پ. بچۆرە سەر ناوەرۆکی باسەکە.*

*ت. من لە تورکیاوە بەڕێگەی ئاویەوە بۆ یۆنان چووم.*

کاتێک سەرنجی نەخشەی وێنەیی ئەم نموونانەی سەرەوە دەدەین، دەبینین هەر نەخشەیەکی وێنەیی لە خاڵی سەرەتا، (ڕێگە) و خاڵی کۆتایی پێکدێت.

**سێیەم: نەخشەی هێزی:**

لە ئەنجامی ئەو جوڵانەی کە لە نەخشەی جوڵەدا باسکران، زۆرجار بەربەستێک دێتە پێشەوە، کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ڕەوتی بەردەوامبوونی ئارستەی جوڵەکە، بەڵام مرۆڤەکان بەپێی ئەزموونەکانیان ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی هێز و توانا و ئەزموونە جیاوازەکانییانەوە بەچەند شێوەیەکی جیاواز ئەو بەربەستانە تێدەپەڕێنن.

زمانەوانان ئاماژە بە (سێ) جۆر لەو هێزە جیاوازانە

دەکەن (صفوی، ١٣٨٣: ٣٧٦- ٣٧٨)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئەوەیە کە لەسەر ڕێگەی جوڵەکردنەکە بەربەستێک دروست دەبێت، کە ناتوانرێت لێی تێپەڕبێت و جوڵەکە دەوەستێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٥)دا خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی ژمارە (٥) نەخشەی وێنەیی، هەبوونی بەربەست(JHONSON, 1987: 45)

ڕەنگدانەوەی نەخشەی وێنەیی جوڵە لە زماندا لەم نموونانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

*١٥. ا. بەهۆی کەلەڕەقیەکەیەوە بە ئامانج ناگات.*

*ب. توشی ڕووداوێک هاتووم، کە نە ڕێگەی گەڕانەوە نە چوونە پێشم هەیە.*

*پ. بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ڕێگەی خوێندنی لە خۆی داخست.*

*ت. بەم ڕەفتارەی، کە کردی ڕێگەی ڕزگار بوونی نەما.*

کاتێک سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکەین دەبینێن لە هەموو ڕستەکاندا بەربەستێک هاتۆتە پێشەوە، کە بۆتە

هۆی وەستاندنی بەردەوامیی جوڵەکە.

٢. ئەم جۆرە نەخشە وێنەییە ئەوەیە، کە لەسەر ڕێگەی جوڵەکە بەربەستێک دروست دەبێت، بەڵام جوڵەکە ناوەستێت، بەڵکو بە سێ شێوەی جیاواز بەردەوام دەبێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم. گۆڕینی ئاڕاستەی ڕێگەکە، بەمەرجێک نەبێتە هۆی دەرچوون لە بەربەستەکە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*١٦. ا. لە وانەیە ئەم تاقیکردنەوە ژیانت بگۆڕێ.*

*ب. نەخوێندەواری بوو منی توشی ئەو کارەکرد.*

دووەم. ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت بە کەنار بەربەستەکەدا ڕەتبێت و لە جوڵەکەی بەردەوام بێت، وەک:

*١٧. ا. خۆت لەو کێشیە لادە.*

*ب. گوێ بە قسەی خەڵکی مەدە و بەرەو ئامانجەکەت بڕۆ.*

*پ. ئەگەر لەو ڕێگەیە دانەمەزرای هەوڵێکی تر بدە.*

سێیەم. ئەوەیە کە مرۆڤ بە زەبری هێز بەربەستەکە ببڕێت و بە ناویدا بڕوات: وەک ئەم نموونانەی


خوارەوە:

*١٨. ا. بە هەر دەردە سەرییەک بێت خۆم لە ئاوەکە پەڕاندەوە.*

*ب. لە کۆتاییدا لەم بەڵایە ڕزگاربووم.*

*پ. بەناو هەموو مەترسیەکاندا تێپەڕیم.*

لە هێڵکاریی ژمارە (٦)دا نەخشەی وێنەیی هەر سێ شێوە جیاوازەکە خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٦) شێوە جیاوازەکانی نەخشەی هێزی (JHONSON, 1987: 46)


٣. ئەمەش جۆرێکی تری نەخشەی هێزییە. ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت بەربەستەکە لە سەر ڕێگەکەی لابدات و بەردەوامی بە ڕێگەی خۆی بدات، واتە بەبێ بچوکترین وەستان لە ڕێگەکەی بەردەوام بێت، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*١٩. ا. چاکتکرد کێشەکانت بە لاوەناو لە وانەکەت بەردەوام بوویت.*

*ب. ئافەرم ڕووداوەکەت لەبیرکرد و لە ژیان بەردەوام بوویت.*

*پ. وازت لە جگەرە کێشان هێناو تەندروستیەکی باشت هەیە.*

لەهەر یەکێک لەم ڕستانەی سەرەوەدا بەربەستێک هەبووە، کە بە تەواوی لابراوە بۆ ئەوەی جوڵەکە لە ئاراستەی خۆی بەردەوام بێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو نەخشە هێزیەیە، کە لە هێڵکاریی ژمارە (٧)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٧) نەخشیەی هێزی(JOHNSON, 1987: 47)

## ١-٢-١-٣- تایبەتمەندیی نەخشە وێنەییەکان:

زمانەوانە زانینییەکان بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندیی نەخشە وێنەییەکانیان لە چەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو(محمد ڕاسخ، ١٣٨٩: ٤٣-٤٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. نەخشە وێنەییەکان لە پەیوەندی نێوان جەستە و جیهانی

دەوروبەرمانەوە وەرگیراون، بۆ نموونە لە ئەنجامی مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەورووبەر لە چەمکی هێز تێدەگەین.

٢. دەشێت نەخشەی وێنەیی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەبێت، بۆ نموونە نەخشەی جوڵەیی  لە سێ بەشی وەکو (سەرەتا، ڕێگە و ئامانج ) پێکدێت، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

٢٠. ا. *ئازاد هەولێری جێ هێشت. (سەرەتا)*

*ب. ئازاد بۆ هەولێر چوو. (ئامانج)*

*پ. ئازاد لە سۆرانەوە چوو بۆ هەولێر. (سەرەتا و ئامانج)*

*ت. ئازاد لە ڕێگەی هاملتۆنەوە چوو بۆ هەولێر. (ڕێگە و ئامانج)*

*ج. ئازاد لە سۆرانەوە بە ڕێگەی هاملتۆن بۆ هەولێر چوو. (سەرەتا، ڕێگە و ئامانج)*

٣. نەخشە وێنەییەکان هەمان وێنە ئاوەزیەکان نین، بەڵکو لە وێنە ئاوەزییەکان ئەبستراکتترن، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین ڕوخساری هاوڕێیەکانمان لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە مەزەندەبکەین و وێنەکەی بێنینە بەرچاومان، بەڵام ئەمە بۆ نەخشە وێنەییەکان ڕاست نییە، چونکە نەخشە وێنەییەکان

زۆر لەوە قوڵتر و ئاڵۆزترن، کە تەنیا لە ڕێگەی یەک هەستەوە بە دەست بێن، بەڵکو لە ڕێگەی چەندین هەستەوە دروست دەبن، بۆ نموونە کاتێک کەسێک بیەوێت لە ڕێگەی خوێندنەوەوە خۆی فێری یاساکانی یاری تۆپی پێ بکات زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی، کە کەسێک خۆی لە ناو یاریگا دابێت و لە ڕێگەی ئەزموونەوە فێری یاریەکە بووبێت، جیاوازیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەسەی لە ناو یاریگا فێری تۆپی پێ دەبێت لە ڕێگەی چەند هەستێکی جیاوازەوە یارییەکەی وەرگرتووە، نەک وەکو کەسی یەکەم کە تەنیا سوودی لە هەستی بینین وەرگرتووە بۆ خوێندنەوەی یاساکانی یارییەکە.

٤. نەخشەی وێنەیی خۆی لە خۆیادا واتادارە، ئەمە لە نەخشەی هێزییدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت؛ گریمان لەسەر ڕێگاکەت (تۆڕی جاڵجاڵۆکە) هەیە، تۆش بۆ ئەوەی تۆڕەکە لە سەر ڕێگاکەت لابدەیت پێویستت بە هێزێکی کەم و هەندێک ئامرازی سادەی وەکو (گەسک، دار و هتد) هەیە، بەڵام ئەگەر بتەوێت دەرگایەکی داخراو بشکێنیت، ئەوا پێویستت بە هێزێکی زۆر و ئامرازە گرانەکان (قورسەکان)ی وەکو (چەکوش، کۆسەرە و هتد)دەبێت.

٥. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی نەخشە وێنەییەکان ئەوەیە،

که دەکرێت نەخشە وێنەییەکان لە نەخشەیەکەوە بۆ نەخشەیەکی تر بگۆڕێت، بۆ نموونە:

*٢١. ا. ئاوەکە ڕژا.*

*ب. ئاوەکان ڕژان.*

لە ڕستەی (٢١. ا)دا نەخشە وێنەییەکە نەژمێردراوە، بەڵام کاتێک لە ڕستەی ژمارە(٢١. ب) ئاوەکە لە ناو (بتڵ) کرا، ئەوا دەگۆڕێت بۆ نەخشەی وێنەیی ژمێردراو، کەواتە نەخشە وێنەییەکە لە نەژمێردراوەوە گۆڕدرا بۆ ژمێردراو. بە واتایەکی تر ئێمە لە سەرەتادا وێنەیەکی ئەبستراکتی ئاومان لە بیردا هەیە، کە ئاو ناژمێردرێت، بەڵام دواتر بە هۆی ئەزموونی بینینەوە، بینیمان ئەگەر ئاو لەناو (بتڵ) یان هەر دەفرێکی تر بکرێت ئەوا دەژمێردرێت، بۆیە بەهۆی ئەزموونی بینینەوە ئەو نەخشەوێنەییە چەمکیەی کە پێشتر لە بیری ئێمەدا هەبوو دەگۆڕدرێت بۆ نەخشە وێنەیەکی تر.

## ١-٢-٢- مێتافۆڕی چەمکی:

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەر لە دوو هەزار ساڵ، لە زانستی ڕەوانبێژی(rhetoric)دا لە مێتافۆر کۆڵراوەتەوە، هەروەها ئەوەشیان خستۆتەڕوو کە مێتافۆڕ

یەکێکە لە تەکنیکەکانی ڕەوانبێژی، کە لەسەر بنەمای بەراوردی نێوان دوو دیاردە دامەزراوە، بەلام بە پێچەوانەی لێکچواندن(simile) ئەم بەراوردە بە هۆی لێکچواندنەوە دەرنابڕدرێت (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٥٢). هۆکاری ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە مێتافۆر سەرنجی لێکۆڵەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئاشکرادەبێت، کاتێک لاکۆف و جانسۆن بۆ یەکەمین جار شیکردنەوەیەکی زانینییان بۆ مێتافۆڕ خستەڕوو، بە ناوی **مێتافۆڕی چەمکی**(داوری اردکانی و هاوکارانی، ١٣٩٣: ٣٢)، لەو تیۆرەدا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە مێتافۆڕ ڕۆڵێکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەجۆرێک، کە نەک تەنیا لە زمانی مرۆڤدا، بەڵکو لە بیرکردنەوە و کردەوەکانیشماندا بەدی دەکرێت، لە ڕاستیدا لە سیستەمە چەمکییەکانی ئێمە دا، کە تێیدا بیردەکەینەوە و ڕەفتاردەکەین سروشتێکی مێتافۆڕیانە هەیە( Lakoff and Johnson, 1980: 1)، کەواتە مێتافۆڕیش وەکو هەر یەکێک لە دیاردە زمانیەکانی تر پەیوەستە بە بیر و لێی جیانابێتەوە، هەربۆیەش لاکۆف و جانسۆن ئەوەیان خستۆتەڕوو کە شوێنی مێتافۆڕ بیرە نەک زمان(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ١١٨)، بەواتایەکی تر مێتافۆر تەنیا لە سەر ئاستی زمان دروست نابێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە سەر ئاستی چەمکەکان

دروست دەبێت، پاشان بۆ زمان دەگوازرێتەوە، بۆیە"ئێمە تەنیا بە شێوەی مێتافۆڕ قسە ناکەین، بەڵکو بەشێوەی مێتافۆڕ بیریش دەکەینەوە "(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٥٥)، ئەمە وایکردووە کە زمانەوانان زۆر بە ئاشکرا بڵێن "زمانی ئێمە زمانی مێتافۆڕە، ئێمە بەبێ مێتافۆڕ زمانمان نییە "(داوری اردکانی و هاوکارانی، ١٣٩٣: ٨)، مێتافۆڕ لە بیرکردنەوەکانماندا هەیە، بیرکردنەوەش ئەگەر قسەکردنێکی بێدەنگ نەبێت، ئەوا قۆناغی پێش دروستبوونی زمانە.

سەبارەت بە پێناسەی مێتافۆڕی چەمکیش زمانەوانە زانینییەکان دەنووسن: مێتافۆڕ بریتییە" لە لێکدانی دوو بواری چەمکی؛ یەکەمین بواری چەمکی بواری سەرچاوەیە(source domain)، کە چەمکێکی ئەزموونی و بە زۆری واقعێکی ڕوونە، بەسەر بواری دووەمدا، کە بواری ئامانجە( target domanin) و بەزۆری ئەبستڕاکتە "(تیلور و مور، ١٣٩٦: ٧٠)، بە دەربڕینێکی سادەتر، مێتافۆڕ ئەو دیاردەیەیە، کە " کەرەستەیەک لە بری کەرەستەیەکی تر بەکاربێت"( لیکاف و جانسۆن، ١٣٩٦: ٧٥)، بەڵام لە نێوان دوو بواری جیاوازدا.

مێتافۆڕی چەمکی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بوارە ئەبستراکتەکان کاردەکات، چونکە بوارە ئەبستراکتەکان بە یارمەتی مێتافۆڕەکانەوە لە سەر بنچینەی بوارە

کۆنکریتیەکانەوە بونیاد دەنرێن.

لاکۆف و جانسۆن لە کارەکانیاندا، سەرەتا بە خستنەڕووی چەند تایبەتمەندییەکی تێڕوانینی دێرین بۆ میتافۆڕ[٤]، کە لە سەردەمی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر لە سەر بنچینەی ڕەخنەگرتن و دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکانی تێڕوانینەکە بۆ میتافۆڕ، ئەم بنەمایانەی خوارەوە بۆ میتافۆڕی چەمکی دەخەنەڕوو:

١. بنچینە و بناغە میتافۆڕەکان چەمکەکانن، نەک وشەکان، بە واتایەکی تر میتافۆڕ یەکەیەکی چەمکییە نەک یەکەیەکی لێکسیکی.

٢. بە سەرنجدان لە بەڵگەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە میتافۆڕ بەگشتی لە سەر بنچینەی لێکچواندن نییە، بەڵکو لە سەر بنچینەی ئەزموونی دەوروبەری نێوان دوو بواری چەمکیی جیاواز دروست دەبێت.

٣. تەنانەت قوڵترین بواری چەمکی وەکو(کات، ڕەوشت، هتد) لە ڕێگەی میتافۆڕی جۆراوجۆرەوە درک پێ دەکرێت.

٤. شێوە و سیستەمی میتافۆڕە چەمکیەکان لەسەر بنچینەی ڕێککەوتن و مێژوو نیە، بەڵکو لە سەر بنەمای دەوروبەر و ئەزموونەکانی ڕۆژانە دروست دەبێت(داوری اردکانی و

هاوکارانی، ١٣٩٣: ٢١-٢٢).

وەکو پێشتر باسکرا هەموو مێتافۆرێکی چەمکی لە بواری سەرچاوە و بواری ئامانج پێکدێت، بە جۆرێک، کە بواری سەرچاوە فیزیکی تر و بواری ئامانج ئەبستراکتترە"(کوچش، ١٣٩٥: ١٩٦)، بۆ نموونە لە مێتافۆری چەمکی: گفتوگۆ جەنگە (argument is war)دا,

گفتوگۆ=بواری ئامانجە و جەنگ= بواری سەرچاوەیە، واتە لە مێتافۆری چەمکیدا لە سەرەتا بواری ئامانج، پاشان بواری سەرچاوە دێت، هەروەها لە مێتافۆری چەمکیدا، لە سەربنەمای بواری سەرچاوە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی بواری ئامانج دەکرێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٥٥)، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بە هۆی تایبەتمەندیە جەنگییەکانی وەکو( هێرشکردن، بەرگریکردن، سەرکەوتن، وێرانکاری و هتد)، ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی بواری ئامانج بکەین، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٢٢. ا. توانیم لە دانوستاندنەکە سەرکەوتووبم.*

*ب. لە قسەکانمدا هێرشێکی توندم کردە سەری.*

*پ. پارێزەرەکە زۆر بە توندی بەرگری لە تۆمەتبارەکە دەکرد.*

کاتێک سەرنجی ئەم ڕستانەی سەرەوە دەدەین دەبینین،

که هەر یەک لەو وشانەی، کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە، لە بواری سەرچاوە(جەنگ)ەوە وەرگیراون بۆ بواری ئامانج (گفتوگۆ)، کە بوارێکی ئەبستراکتە، چونکە" بوارە ئەبستڕاکتەکان بەهۆی میتافۆڕەوە دردەبڕدرێن"(روشن و اردبیلی ، ۱۳۹۲: ۱۲۸).

لاکۆف پێی وایە: کاتێک میتافۆڕێکی چەمکی بە هۆی زمانەوە دەنوێنرێت، ئەوا میتافۆڕە چەمکییەکە بۆ میتافۆڕێکی زمانی دەگۆڕدرێت (صفوی، ۱۳۹٦: ۱۰۸)، بۆ نموونە لە ڕستەی:

۲۳. *کاتم بە فیڕۆچوو.*

ئێمە مامەڵە لەگەڵ میتافۆڕێکی زمانیدا دەکەین، کە لە میتافۆڕێکی چەمکی(کات پارەیە) وەرگیراوە، میتافۆڕە چەمکیەکەش لەم دوو بوارەی خوارەوە پێکدێت:

بواری ئامانج = کات

بواری سەرچاوە = پارە

لە نموونەی ژمارە (۲۳)شدا، کە میتافۆڕێکی زمانییە، بە سود وەرگرتن لە میتافۆڕە چەمکیەکەوە دروستبووە، بە جۆرێک، کە (بەفیڕۆچوون) تایبەتمەندییەکی بواری سەرچاوە(پارە)یە وەرگیراوە بۆ بواری ئامانج(کات)، کە بوارێکی ئەبستراکتە، بەواتایەکی تر، لە واقعدا پارە وەکو کەرەستەیەکی بەرجەستە

به فیرۆدەچێت، کە لە لایەن مرۆڤەوە ئەزموون کراوە، بەڵام لە ڕستەکەی سەرەوەدا بۆ کات بەکارهاتووە، کە بابەتێکی ئەبستراکتە، ئەمەش بە سود وەرگرتن لە مێتافۆڕی چەمکی (کات پارەیە)، کە لە بیری مرۆڤدایە.

واتاسازیی زانینی مێتافۆڕ وەکو نەخشەکێشان(mapping)ی چەمکی لە نێوان دوو بواری جیاوازدا پێناسە دەکات(روشن و اردبیلی، ۱۳۹۲: ۱۲۰)بە واتایەکی تر " مەبەست لە نەخشەکێشان پڕاکتیزەکردنی تایبەتمەندییەکانی نێوان دوو بواری زانینییە، کە لە چوارچێوەی مێتافۆڕدا لە یەکتری نزیک دەبنەوە"(راسخ مهند، ۱۳۸۹: ۱۵۰)، بۆ نموونە لە مێتافۆڕی چەمکیی (عیشق گەشتە)دا نەخشەکێشان لەنێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج بەم شێوەی خوارەوەیە:

| بواری سەرچاوە/گەشت | نەخشەکێشان (mapping) | بواری ئامانج/عشق |
|---|---|---|
| ڕێبواران/ گەشتیاران | | عاشق و مەعشوق |
| هۆکار | | پەیوەندی دڵداری |
| گەشت کردن | | ڕەوتی ڕوداوەکان لە پرۆسەکەدا |

| | | |
|---|---|---|
| بەربەستەکانی سەر ڕێگە | | کێشەکانی ناو پەیوەندیەکە |
| بڕیاردان لە گەشتکردندا | | بڕیاردان لە ناو پرۆسەکەدا |
| گەیشتن بە خاڵی کۆتایی گەشتەکە | | گەیشتن بە خاڵی کۆتایی پرۆسەکە(بۆ نموونە هاوسەرگیری) |
| سەرنەکەوتن لە گەشتەکە | | سەرنەکەوتن لە پرۆسەکە( شکستی عیشق) |
| ماندوبوون و شەکەتی | | خەم و ئازاری عیشق |

خشتەی ژمارە (١) نەخشەکێشان لە نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوەدا

مێتافۆڕی چەمکی (عیشق گەشتە)، لە مێتافۆڕی زمانیدا ڕەنگدەداتەوە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٢٤. لە ناوەڕاستی ڕێگە جێی هێشتم.*

*٢٥. ئەم عیشقە زۆر ماندوی کردم.*

کەواتە مێتافۆڕی زمانی نواندنی ئەو مێتافۆڕە چەمکیەیە کە لە بیری ئێمەدا تۆمارکرواە (صفوی، ١٣٩٦: ١٠٧)، وەکو چۆن لە نموونەکانی (٢٤) و(٢٥) خستمانەڕوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مێتافۆڕ یەک ئاراستەییە،

بەو واتایەی، کە ئاراستەی مێتافۆڕ لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری ئامانجە، نەک پێچەوانەکەی، هەروەکو لە نموونەکانی پێشتر خستمانەڕوو عیشق لەسەر بنەمای گەشت چەمکسازی کراوە، نەک بە پێچەوانەوە، تەنانەت ئەگەر دوو مێتافۆڕ دوو بواری یەکسانیش لە خۆبگرن، هێشتا ناتوانین بەیەک ئاراستەیان نەزانین(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٥٧)، وەک ئەم دوو مێتافۆڕە چەمکیەی خوارەوە:

ا. مرۆڤ ئامێرە.

وەک لە ڕستەی:

٢٦. *ئازاد هەموو وانەکەی ئەزبەر کرد، ئازاد کۆمپیوتەرە.*

ب. ئامێر مرۆڤە.

وەک لە ڕستەی:

٢٧. *ئۆتۆمبێلەکەم تەواو نیە، بۆ هەر لایەک ئارەزوو بکات دەڕوات.*

کاتێک سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکەین، دەبینین لە مێتافۆڕی چەمکی (مرۆڤ ئامێرە)، مرۆڤ بواری ئامانجە، ئامێر بواری سەرچاوەیە، بۆیە تایبەتمەندیەکانی ئامێر(وەکو وردبینی)بۆ بواری ئامانج گوازتراونەتەوە، پێچەوانەی ئەمە ڕێگە پێدراو نییە، هەروەها لە مێتافۆڕی چەمکیی (ئامێر

مرۆڤه) ئامێر بواری ئامانجه و مرۆڤ بواری سەرچاوەیە، بۆیە تایبەتمەندیەکانی بواری سەرچاوە(مرۆڤ/ ویست و ئارەزوو)ە، بۆ بواری ئامانج(ئامێر/ ئۆتۆمبێل) گوازراوەتەوە و ئەگەری پێچەوانەکەی لە ئارادانییە، ئەگەر هەبو ئەوا مامەڵە لەگەڵ دوو مێتافۆڕی جیاوازدا دەکرێت، نەک تاکە مێتافۆڕێکی چەمکی.

زۆر جار پەیوەندی نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوە بە جۆرێکە، کە دەکرێت لە یەک کاتدا بوارێکی سەرچاوە بۆ چەند بوارێکی ئامانج بەکاربێت، یاخود هەر بوارێکی ئامانج بە چەندین بواری سەرچاوەوە بلکێنرێ(کوچش، ١٣٩٥: ٢٠٢)، بۆ نموونە (گەرمی) وەکو بوارێکی سەرچاوە بۆ چەندین بۆ بواری ئامانجی وەکو (عیشق، ڕق، کێشە، هتد)بەکاردێت، یاخود بە پێچەوانەوە (عیشق) وەکو بوارێکی ئامانج دەتواندرێت لەسەر چەند بواری وەکو ( جەنگ، گەشت، هتد) بونیادبنرێت.

## جۆرەکانی مێتافۆڕی چەمکی:

واتاسازان دوو جۆر مێتافۆڕی چەمکییان لە یەکتر جیاکردۆتەوە، کە بریتیین لە:

١. مێتافۆڕی چەمکیی زانیاری بونیاد.

٢. میتافۆڕی چەمکیی نەخشەوێنەیی بونیاد(صفوی، ١٣٩٦: ١٠٩- ١١٠).

میتافۆڕی چەمکی زانیاری بونیاد ئەو میتافۆڕەیە، کە لە ئەزموون و زانیارییە گشتیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە:

*٢٨. ئازاد چڕنوکی لێ گرتم.*

کە میتافۆڕێکی زمانییە لە سەربنچینەی میتافۆڕی چەمکی دروست بووە و پەیوەندی بە زانیاریە گشتیەکانی دەوروبەری ئێمەوە هەیە، کە دەزانین چڕنوک گرتن تایبەتە بە ئاژەڵ، بە واتایەکی تر بواری ئامانج(مرۆڤ/ئازاد)، بواری سەرچاوەش(ئاژەڵ/ چڕنوک گرتن)ە.

بەڵام میتافۆڕی چەمکی نەخشە وێنەیی بونیاد ئەو میتافۆڕەیە، کە بواری سەرچاوەکەی لە یەکێک لە نەخشە وێنەییەکان پێکهاتبێت، وەک:

*٢٩. دڵم پڕە.*

لە ڕستەی ژمارە (٢٩) دا، کە میتافۆڕێکی زمانیە لە سەر بنچینەی میتافۆڕی چەمکی (دڵ دەفرە) بونیادنراوە، کە تێیدا بواری سەرچاوەکە(دەفر/پڕە) لە سەر بنچینەی (نەخشەی قەبارەیی) دامەزراوە، پاشان تایبەتمەندییەکانی بۆ بواری ئامانج(دڵ) گوازراونەتەوە و لە ڕێگەی میتافۆڕێکی زمانی

خراوەتەڕوو.

## ١-٢-٣- مێتۆنیمی:

مێتۆنیمیش یەکێکی ترە لە بابەتە گرینگەکانی واتاسازیی زانینی، کە هەر لە زووەوە سەرنجی زانایانی ئەم بوارەی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، بۆ نموونە لاکۆف و جانسۆن یەکەمین کەس بوون، کە لە ڕوانگەی زانینییەوە لە مێتۆنیمیان کۆڵیوەتەوە و پێیان وایە مێتۆنیمیش هاوشێوەی مێتافۆڕ سروشتێکی چەمکی هەیە(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ١٤١)، بە واتایەکی تر مێتۆنیمیش وەکو چەمکێکی ئەبستراکت لە بیری ئاخێوەردا دروست دەبێت و پەیوەندیدارە بە توانا زانینییەکانی تری ناو مێشکی مرۆڤ، دواتر لە ڕێگەی ئاخاوتن یان نوسینەوە شێوەیەکی فیزیکی وەردەگرێت، بەواتایەکی تر مێتۆنیمی پرۆسەیەکی زانینییە ، کە تێیدا توخمێک، کە پێی دەگوترێت هۆی گواستنەوە(vehicle ) لە بری توخمێکی تر کە پێی دەگوترێت ئامانج (target ) بەکاردێت(کوچش، ١٣٩٥: ١٦٦- ١٦٧)، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٣٠. ا. مێزی ژمارە یەک داوای چا دەکات.*

*ب. واشنتن نیگەرانە.*

لە هەر یەک لەم دوو نموونەی سەرەوەدا میتۆنیمیەک هەیە، کە هەردوو توخمی (هۆی گواستنەوە) و (ئامانج) لەخۆدەگرێت؛ لە نموونەی (٣٠. ا) دا مێزی ژمارەیەک کە هۆی گواستنەوەیە لە بری ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کە لە دەوری مێزەکەدا دانیشتوون و (ئامانج)ە، هەروەها لە نموونەی (٣٠. ب)دا واشنتن لە بری حکومەتی ئەمریکا (ئامانج) بەکارهاتووە.

کەواتە لە میتۆنیمیدا کەرەستەیەک لە بری کەرەستەیەکی تردا بەکاردێت، بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە، لەوانە:

- چۆن دەکرێت کەرەستەیەک لە بری کەرەستەیەکی تر بەکاربێت؟

- چ شتێک ئەو توانایەمان پێدەدات کە توخمێکی تایبەت لە بری توخمێکی تری تایبەت بەکاربێنین؟

- مرۆڤ لە هەڵبژاردنی کەرەستەیەک وەکو هۆی گواستنەوە لە بری کەرەستەیەکی تر، کە ئامانجە پشت بە چ بنەمایەک دەبەستێن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەدا دەڵێین: ئەوە چەمکی (چوارچێوەیە) (بڕوانە ١-٢-٦-١)، ئەو توانایەمان پێدەدات، ئەندامەکانی بوارێکی دیاریکراو لە بری یەکتری بەکاربێنین،

چونکە هەر چوارچێوەیەک لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت، بۆ نموونە چوارچێوەی ڕێستۆرانت لە ئەندامەکانی وەکو (مشتەری، خواردن، مێز، کورسی، هتد)پێکدێت، بەکارهێنانی هەر ئەندامێک ئاماژەیە بۆ چوارچێوەکە، بۆیە دەکرێت مێز لە بری مشتەری بەکاربێت، هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا وەکو چوارچێوەیەک لە چەندین ئەندامی وەکو (سەرۆک، پایتەخت، حکومەت، هتد)پێکدێت، بۆیە دەکرێت پایتەخت لە بری حکومەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەمریکادا بەکاربێت، کەواتە هۆی گواستنەوە دەتوانێت بەناڕاستەوخۆ سەرنجی ئێمە بە لای ئامانجدا ڕابکێشێت(کوچش، ١٣٩٥: ١٦٧- ١٦٨)، کە " لەوانەیە پەیوەندی بە ئابووری کردنی زمانەوە هەبێت"(لی، ١٣٩٧: ١٥٤)، بۆ نموونە لە بری ئەوەی بڵێین:

( ئەو مشتەریانەی کە لە دەوری مێزی ژمارە یەکدا دانیشتوون داوای چا دەکەن)، دەڵێین:

(مێزی ژمارە یەک داوای چا دەکات).

## جیاوازی نێوان مێتافۆڕی چەمکی و مێتۆنیمی:

مێتافۆڕی چەمکی بەوە لە مێتۆنیمی جیا دەکرێتەوە، کە "سروشتێکی مەودابڕی هەیە، لە کاتێکدا مێتۆنیمی پێکهێنراوە

لە چیوەی یەک مەودادا"( غەریب، ٢٠١٦: ٩١)، بە واتایەکی تر میتافۆڕ بە پێچەوانەی میتۆنیمی نەخشەکێشانە(mapping) لە نێوان دوو بواری جیاوازدا، بەڵام میتۆنیمی نەخشەکێشانە لە نێو یەک بواردا(روشن و اردبیلی، ١٣٩٥: ١٤٢)، بۆ نموونە دەتوانین جیاوازی نێوان (دڵ دەفرە) وەکو میتافۆڕێکی چەمکی و (ئەفلاتونەکەم بدێ) وەکو میتۆنیمییەک لەم خشتەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

| میتافۆری چەمکی | | | | میتۆنیمی |
|---|---|---|---|---|
| بورای سەرچاوە/ دەفر | | بواری ئامانج/ دڵ | | ئەفلاتوون ئامانج |
| کەل و پەل هەڵدەگرێت | ← | خەم هەڵ دەگرێت | | نوسەر |
| دەشکێت | ← | دەرِەنجێت (دڵشکان) | | بەرهەم<br>. |
| کاتێک شتی تێدەکرێت گران دەبێت | ← | خەمی تێبکرێت گران/ زویر دەبێت(دڵگران بوون) | | . هۆی<br>. گواستنەوە |
| دەتوانرێت بەتاڵ بکرێتەوە | ← | دەتواندرێت بەتاڵ بکرێتەو( هیچم لەدڵدا نەما) | | |
| دەتوانرێت چاک بکرێتەوە | ← | دەتواندرێت ئاشت بکرێتەوە( دڵم چاککردەوە) | | |

خشتەی ژمارە (٢) جیاوازی نێوان میتافۆڕی چەمکی و میتۆنیمی

لەم خشتەی سەرەوەدا جیاوازی لە نێوان مێتافۆڕی چەمکی و مێتۆنیمی نیشاندراوە، کە تێیدا مێتافۆڕی چەمکی لە نێوان دوو بواری جیاوازی وەکو (بواری سەرچاوە/ دەفر) و (بواری ئامانج / دڵ) دا دروست دەبێت، کەچی لە مێتۆنیمی دا (هۆی گواستنەوە/ئەفلاتون) لە بری (ئامانج/بەرهەمەکەی ئەفلاتوون) لە سنووری یەک بواردا بەکارهاتووە.

## ١-٢-٤- پۆلێنکردن:

پۆلێنکردنیش یەکێکی تر لە بابەتە هەرە گرنگەکانی واتاسازیی زانینی، کە پەیوەندیدارە بە توانا زانینییەکانی ناو بیری مرۆڤ، زمانەوانان لەم بارەیەوە دەڵێن: پۆلێنکردن بریتییە لە " توانای مرۆڤ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەرەستانەی، کە ئەندامی یەک گرووپن"(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٣٧)، بە واتایەکی تر بیری مرۆڤ خۆی ئەو توانایەی تێدایە، کە کەرەستەکانی دەوروبەری بۆ پۆلی جیا جیا پۆلێن بکات.

هەروەها زمانەوانان پێیان وایە"توانای پۆلێنکردن لای هەموو مرۆڤێک وەکو یەکە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێ دەژی یاخود وابەستەی چ کەلتورێکە (کوچش، ١٣٩٥: ٣٢)،

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە دەستنیشانکردنی سنووری پۆلەکان هەموو کات وەکو یەک نییە، هەندێکجار سادەیە وەکو دەستنیشانکردنی پۆلەکانی (مێز، کتێب، کورسی و هتد)، هەندێکجار ئاڵۆزە وەکو دەستنیشانکردنی سنووری نێوان پۆلی ( چیاکان، گردەکان و هتد)، واتا دەستنیشانکردنی سنوورێکی ڕەهای نێوان چیاکان و گردەکان ئاسان نییە (راسخ مهند، ٧٧:١٣٨٩) کە بەهۆیەوە بزانین کامە بەرزایی بە چیا هەژماردەکرێت و کامە بەرزایی بە گرد هەژماردەکرێت.

پۆلێنکردنیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە بۆ نموونە، لە زمانەوانیی دێریندا پۆلێنکردن لە سەر بنەمای واتا ئەنجام دەدرا، کاتێک لە دەستنیشانکردنی پۆلی ناویدا، کە پۆلێکی زمانییە، دەوترا: (ناوەکان ئەو وشانەن، کە بۆ ناونانی مرۆڤ، گیانلەبەر، شتەکان و هتد) بەکاردێت)، دەبینین لە سەر بنەمای واتا پێناسەی پۆلی ناوی کراوە، بەڵام ڕۆنانکارەکان لە سەربنەمای چەند پێوەرێکی فۆڕمی پێناسەی پۆلی ناوی دەکەن بۆ نموونە دەڵێن: هەر کەرەستەیەک نیشانەی ناسیاوی وەربگرێت ئەوا وەکو ناو هەژماردەکرێت، کەچی زمانەوانیی زانینی بە هەمان شیوەی زمانەوانیی دێرین واتا دەکاتە بنەما بۆ پرۆسەی پۆلێنکردن، بەلام بە شێوەیەکی جیاواز ؛ بە پشت بەستن بە پۆلێنکردنی پێشنموونەیی

prototype categorization، که هەندێک لە ئەندامەکان نموونەی باشتر و دیارترن بۆ پۆلەکە، بۆ نموونە؛ ناوەکانی وەکو (مێز، تۆپ، ئازاد، ...هتد) نموونەی باشترن بۆ پۆلی ناوی، لە بەرانبەر ناوەکانی وەکو، (ترس، ڕاکردن، ...هتد)( کوچش، ١٣٩٥: ٤٧٦-٤٧٧)، چونکە ئەو ناوانەی، کە لە چەقی پۆلەکە دوور دەکەونەوە، سنوریان لەگەڵ پۆلەکانی تردا تێکەڵ دەبیت، بۆ نموونە (ترس) جگە لە ناو وەکو ئەندامێکی پۆلی ئاوەڵناویش(بە ترس) یاخود وەکو ڕەگی ڕانەبردووش ڕەفتار دەکات.

زمانەوانان بە شێوەیەکی گشتی لە پۆلێنکردندا جەختیان لە سەر دوو بۆچوونی جیاواز کردۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە بۆچونی دێرین و بۆچوونی پێشنموونەیی، کە لە زمانەوانیی زانینیدا ئاماژەی پێکراوە و مەبەستی سەرەکیی ئێمەیە، بەڵام پێویستە لە سەرەتادا ئاماژە بە بۆچوونی دێرین و تایبەتمەندییەکانی بکەین پاشان بێینە سەر پۆلێنکردنی پێشنموونەیی، چونکە پۆلێنکردنی پێشنموونەیی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە بۆچوونی دێرین هاتۆتەکایەوە .

## ١-٢-٤-١- بۆچوونی پۆلێنکردنی دێرین:

پۆلێنکردنی دێرین  بۆ تێڕوانینی یۆنانییە کۆنەکان و

بۆچوونەکانی سۆسێر دەگەڕێتەوە، کە پێی وابوو کەرەسەکانی دەوروبەرمان بە تایبەتمەندی(سیما) جەوهەرییەکانیان دەناسرێنەوە(کوچش، ١٣٩٥: ٣٥)، بە واتایەکی تر ئەندامیەتیی پۆلەکان لەسەر بنەمای دەستەیەک مەرجی پێویست و تەواو(بەس) necessary and sufficient condition پێناسە دەکرێت( Evans and green, 2006: 168) ، واتە ئەندامبوون لە بۆچوونی دێریندا بەندە بە کۆمەڵێک سیماوە، کە بە شێوەی دووجەمسەری(±)جیاکراونەتەوە و مەرجە هەر ئەندامێک پەیوەست بێت پێیانەوە، هەر بوونێک یان هەموو سیماکان هەڵدەگرێت و دەبێت بە ئەندام تیایدا، یان لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە(نەبی، ٢٠١٥: ٦٥)، بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا چەمکی(bachelor) (پیاوێک، کە بەساڵاچوو بێت و هاوسەرگیری نەکردبێت) لە بەرچاو بگرین، دەبینین بۆ ئەوەی (یەکێک) ببێتە ئەندام لەم پۆلەدا پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

١. هاوسەرگیری نەکردبێت
٢. نێربێت
٣. هەراشبێت

کەواتە هەریەکێک لەم مەرجانە بۆ ئەندامیەتی پێویستن،

بەڵام هیچ یەکێکیان بە تەنیا بەشی ئەندامیەتی لە پۆلەکە ناکات (ایوانز و گرین، ١٣٩٨: ٣٣٣)، بۆیە پێویستە هەر ئەندامێک هەموو مەرجەکان لەخۆبگرێت.

**تایبەتمەندییەکانی پۆلێنکردنی دێرین:**

گرینگترین تایبەتمەندییەکانی بۆچوونی پۆلێنکردنی دێرین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١. هەموو ئەندامانی پۆلێک لە مەرجەکاندا هاوبەشن،

٢. هەموو ئەندامانی پۆلەکە پێگەیەکی یەکسانیان هەیە.

٣. پۆلەکان سنورێکی تۆکمە و دیاریکراویان هەیە(کوچش، ١٩٣٥: ٣٧).


کاتێک سەرنجی ئەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە دەدەین، دەبینین لە تایبەتمەندی یەکەمدا دەڵێت: هەموو ئەندامانی پۆڵەکە لە مەرجەکانیان یەکسانن و هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئەندامەکاندا نییە، بۆ نموونە پۆلی باڵندە مەرجەکان(سیماکان)ی (+هێلکەکردن، +باڵ، +فڕین و هتد)، لە خۆدەگرێت، بە پێی ئەو مەرجە بێت هەر یەک لە ئەندامەکانی وەکو( کۆتر، مریشک، وشترمل (نعامە) و هتد)لەم سیمایانەدا هاوبەشن، هەروەها بەپێی تایبەتمەندی دووەم بێت هیچ ئەندامێک لە ئەندامێکی تر لە پێشترنیە و هەموویان یەک

پێگەی یەکسانیان هەیە بۆ پۆلی باڵندە؛ بەپێی تایبەتمەندی سێیەم بێت پۆلەکان سنورێکی تۆکمە و دیاریکراویان لە نێواندا هەیە، بۆ نموونە لەو شوێنەی، کە سنووری پۆلی باڵندە کۆتایی دێت سنووری پۆلی خشۆکەکان دەست پێدەکات.

## ١-٢-٤-٢- بۆچوونی پۆلێنکردنی پێشنموونەیی:

یەکێک لە دەستکەوتانەی دەرونزانیی زانینی لەم دواییانەدا پێی گەیشتووە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئەوەی، کە پۆلێنکردن لەسەر بنەمای هەموو یاخود هیچ (all-or-nothing)نیە، وەک ئەوەی دێرینەکان باسی دەکان، بەڵکو سروشتی دەرکەوتنی پۆلەکان لێڵییەکی زۆری تێدایە، بۆ نموونە لە وێنەی ژمارە(٢)دا ، کە ئاماژە بە پۆلی (کوپ) دەکات، لە وانەیە زۆربەی ئاخێوەران نموونەی (a) وەکو کوپ دەستنیشان بکەن، بەڵام کاتێک لەبارێکی تایبەتدا لە دەفری (e)ش خواردنەوەیەکی گەرم بخورێتەوە، ئەوا ئاخێوەر هەر بە کوپی دادەنێت، بەڵام کاتێک هەمان کەس لە بارودۆخێکی تایبەتی تردا بە کەوچک (سوپ) لە ناو دەفری (e)دا بخوات، ئەوکات پێی دەڵێت (قاپ) ( Evans and green, 2006: 26-28)، ئەگەربێت و ئاوی تیا بخواتەوە

ئەوکاتە پێی دەڵێت (جام)، کەواتە ناکرێت لە  سەر بنەمای چەند مەرجێکی جێگیر بڕیار لە سەر دەستنیشانکردنی ئەندامانی پۆلێک بدرێت.



وێنەی ژمارە(٢) ئەندامەکانی پۆلی کوپ(Evans and green, 2006: 29)

ئەوەی بۆ یەکەمین جار  بە چاوێکی ڕەخنەییەوە ڕوانییە بۆچوونی پۆلێنکردنی دێرین (ویتگنشتاین) بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٥٣ داوای کرد، ئەگەر سەرنجی (پۆلی یارییەکان )بدەی دەبینیین کە چەند ئەندامێکی، وەکو(شەترەنج، یاریە کارتیەکان ، یاری تۆپی پێ و هتد) لە خۆدەگرێت، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە؛ هەندێکیان بۆ خۆشین، هەندێکیان جوڵەیین و هەندێکیان ستراتیژییان تێدایە، بۆیە ویتگنشتایین بەو ئەنجامە گەیشت، کە ناتوانین تایبەتمەندییەک بدۆزینەوە، کە لە هەموو ئەندامەکاندا هاوبەش بێت، بۆیە پێی وایە ئەوەی کە ئەم ئەندامانە لە یەک پۆلدا دادەنێت شتێکە پێی دەوترێت لێکچوونی خێزانی( family

resembles)(کوچش، ١٣٩٥: ٣٨-٣٩)، بەواتایەکی تر ویتگنشتایین لەبەرانبەر ئەو ڕایە ڕەهایەی (ئەرستۆ) دەوەستێت، کە پێی وایە پۆلەکان سنورێکی ڕێک و یەکلاکەرەوەیان هەیە؛ ڕایەکی پێچەوانەی وەکو نەبونی سنورێکی یەکلاکەرەوە دەخاتەڕوو، کە پێی وایە سنوری نێوان پۆلەکان نەک یەکلاکەرەوە نییە بەڵکو زۆر ناڕوونیشە، بۆیە لەو بڕوایەدایە، کە پۆلێنکردن لەسەر بنەمای لێکچوونی خێزانی پێکدێت(افراشی، ١٣٩٠: ٥٧)، بۆ نموونە دەکرێت هەندێک لە ئەندامەکانی خێزانێک لوتیان وەک یەک بێت، هەندێکی تر قژیان وەکو یەک بێت، هەندێکی تر چاویان وەکو یەک بێت، هتد)، بەڵام بڕیار نیە یەک تایبەتمەندی لەناو هەموو ئەندامەکاندا هاوبەش بێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٨٨)، بە واتایەکی تر، گریمان سێ پۆلی (ا، ب و پ) مان هەیە و ئەندامەکانی هەریەکێکیان بریتین لە:

ا. (١-٢-٣)

ب. (٣-٤-٥)

پ. (٥-٦-٧)

کاتێک سەیری ئەندامەکانی هەریەکە لە پۆلەکانی (ا، ب و پ)دەکەین دەبینین کە (ا) و(ب) ئەندامێکی لێکچوو(هاوبەش)یان هەیە، کە ژمارە(٣)یە، هەروەها

(ب)و(پ)ش ئەندامێکی هاوبەشیان هەیە، کە ژمارە (٥)ە، بەڵام ناتوانین ئەندامێک بدۆزینەوە کە لە هەرسێ پۆلەکەدا هاوبەش بێت(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٩٨-٩٩)، هەمان لێکچونیش لە نێوان ئەندامانی یەک خێزاندا بەدیدەکرێت، بۆیە ویتگنشتاین لە سەر بنەمای لێکچوونی خێزانی بڕیاری دەستنیشانکردنی ئەندامانی پۆلێک دەدات نەک لەسەر (مەرجە پێویست و تەواوەکان).

دواتر لە سالانی (١٩٧٣-١٩٧٥) تیۆری پێشنموونەیی(prototype theory)، لە سەر بنچینەی پەسەندکردنی بۆچوونی لێکچوونیی خێزانی ویتگنشتاین ، لەلایەن ئیلنور ڕوش(Elenaror-rusch)و هاوکارانیەوە خرایە ڕوو(افراشی، ١٣٩٠: ٥٧)، کە پێیان وایە دەستنیشانکردنی ئەندامانی هەر پۆلێک بەستراوەتەوە بە پێشنمونەی پۆلەکەوە، پێشنموونەش نموونەی بنەڕەتیی هەر پۆلێکە و " یەکێکە لە ئەندامەکانی پۆلەکە، کە وەک نوێنەری بنەڕەتی یاخود وەکو دیارترین نموونە هەڵدەبژێردرێت"( هەمان سەرچاوە: ٥٧)، واتا لە کاتی بیستنی ناوی پۆلێک یەکەمین ئەندام کە دێتە بیری ئاخێوەر بۆ ئەو پۆلە، بریتییە لە ئەندامە پێشنموونەییەکە.

کەواتە پۆلەکان ناوەرۆکێکی پێشنموونەیی یاخود

ناوەندییان هەیە، و ناوەرۆکەکانی تر لە ڕێگەی میتۆنیمی و میتافۆڕەوە لەو ناوەرۆکە ناوەندییەوە سەرچاوە دەگرن(کوچش، ١٣٩٥: ٤١)، کە لە شێوەی تۆڕێکی واتایی لە دەوری ئەندامە پێشنموونەییەکەوە کۆدەبنەوە.

بە باوەڕی ڕوش ئێمە شتەکان بەهۆی ئەندامە پێشنموونەکانیانەوە پۆلێن دەکەین، بۆ نموونە لەلای ئێمە پێشنموونەی کورسی ئەوەیە، کە (پشت، شوێنی دانیشتن، چوار پایە و دوو شوێنی دەستگرتنی (کە بە ئارەزووە) ) هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک کورسیمان هەیە کە پێشنموونەیی نین وەک کورسیی سێدارە، کورسیی سەرتاشی، کورسیی نایلۆنی و هتد، ئێمە کاتێک کورسیی ناپێشنموونەیی بە کورسی تێدەگەین بەهۆی ناوەکەیەوە نیە، بەڵکو بە هۆی ئەو پەیوەندیەوەیە کە لەگەڵ کورسیە پێشنموونەییەکەدا هەیەتی، لە وانەیە کورسییە نایلۆنییەکە بەشێوەیەکی جیاواز لە کورسیی سەرتاشی، لێکچوونی لەگەڵ کورسییە پێشنموونەیەکەدا هەبیت(Lakkof and jhonson, 2003: 130)، کەواتە کاتێک، کە کورسیی نایلۆنی یان کورسیی سەرتاشی لە پۆلی کورسییە پێشنموونەییەکە دادەنێین بەهۆی لێکچوونی خێزانیەوەیە.

بە پێی تیۆری پێشنموونەیی هەر پۆلێک زیاترین

جیاوازی لەگەڵ پێشنموونەی پۆلێکی تر دا هەیە، بۆ نموونە؛ ئەگەر چۆلەکە وەکو پێشنموونەی باڵندە دابنێین و (سەگ)یش وەکو پێشنموونەی پۆلی مەمکدارەکان هەژماربکەین، دەبینین زۆرترین جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لە لایەکی ترەوە ئەندامە کەنارییەکان(peripheral)ی هەریەک لەو پۆلانە، جگە لەوەی کە کەمترین هاوبەشیان لەگەڵ پێش نموونەی پۆلەکەی خۆیاندا هەیە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەندامانی پۆلەکانی تریش هەندێک هاوبەشییان هەیە، بۆنموونە شەمشەمەکوێرە وەکو ئەندامێکی کەناریی پۆلی باڵندە سەیر دەکرێت، چونکە هەندێک تایبەتمەندی لەگەڵ ئەندامە پێشنموونەییەکەی پۆلەکەی جیاوازە، کەچی لەگەڵ ئەندامانی پۆلی مەمکدارەکاندا لە هەندێک تایبەتمەندی وەکو (زاوزێ)هاوبەشە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٨٩-٩٠)، بۆیە ناکرێت هەموو ئەندامەکانی یەک پۆل وەکو یەک سەیر بکرێن.

### تایبەتمەندییەکانی بۆچوونی پۆلێنکردنی پێشنموونەیی:

پۆلێنکردنی پێشنموونەیی چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکیی هەیە، کە هاوکات وەکو چارەسەرکردنی کەم و کوورِیەکانی پۆلێنکردنی دێرینیش دەزانرێت، کە بریتین لەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە:

١. پۆلێنکردنی پێشنموونەیی خاوەنی پلەبەندییە، واتە هەموو ئەندامانی پۆلەکە بە شێوەیەکی یەکسان نیشاندەری ئەو پۆلە نین.
٢. لە پۆلێنکردنی پێشنموونەییدا سنورێکی جێگیر و دیاریکراو لە نێوان پۆلەکاندا نیە.
٣. لە بەپۆلکردنی پێشنموونەییدا دەستنیشان کردنی ئەندامانی هەر پۆلێک لە سەر بنەمای دەستەیەک لە مەرجی پێویست و تەواو نیە.
٤. پۆلێنکردنی پێشنموونەیی خاوەنی لێکچوونی خێزانییە(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٩٧-٩٨).

مەبەست لە تایبەتمەندیی یەکەم ئەوەیە، کە ئەندامانی هەرپۆلێک پێگەیەکی یەکسانیان نیە، بەڵکو پلەبەندی لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێک، کە هەر پۆلێک خاوەنی ئەندامی پێشنموونەی کەنارین، بە واتایەکی تر هەندێک لە ئەندامەکان نموونەیەکی باشتر و دیارترن بۆ پۆلەکەیان، بۆ نموونە چۆلەکە نموونەیەکی باشترە لە شەمشەمەکوێرە بۆ پۆلی باڵندە. هەروەها خاڵی دووەم ئاماژە بەوە دەکات، کە سنورێکی دیاریکراو لە نێوان پۆلەکاندا نیە، بۆ نموونە لە سنورەکانی پۆلی (پیری، ڕەنگەکان و هتد) سنوری نێوان ئەندامەکانیان ڕوون و ئاشکرا نییە، واتە دیارنیە ڕێک لە چ

تەمەنێک پیری دەستپێدەکات، یاخود سنوری ڕەنگی سەوز لە چ خاڵێکدا دەستپێدەکات، هەڵبەتە هەندێک پۆلیش هەن دەستنیشان کردنی سنورەکانیان بەو شێوەیە ئاڵۆزنیە، هەریەک لە تایبەتمەندیەکانی سێیەم و چوارەم جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە پۆلێنکردنی پێشنموونەیی لە دەستنیشانکردنی ئەندامانی هەر پۆلێکدا لە بری پشت بەستن بە مەرجەکانی پێویست و تەواو، پشت بە لێکچوونی خێزانی دەبەستێت، چونکە وەکو پێشتریش باسکرا مەرجەکانی پێویست و تەواو، کە (سیما واتاییەکان) دەگرێتەوە، بۆ دەست نیشانکردنی ئەندامانی هەموو پۆلەکان گونجاونیە.

## ١-٢-٥- تێڕوانینی ئینسکلۆپیدیای :

تێڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی بریتییە لە گرنگی دان بەو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لەڕێگەی دەوروبەرەوە بەدەستیان دێنێت، بە واتایەکی تر زانیارییە ئینسکلۆپیدیەکان لە ئەنجامی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری، واتە (ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان) و مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، واتە (ئەزموونی فیزیکی) دروست دەبێت(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٦٤)، کەواتە ڕیشەی زانیارییە ئینسکلۆپیدییەکان لە ئەزموونە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە

دەگرێت.

لە تیۆرە دێرینەکانی پەیوەست بە واتا دوو ڕوانینی جیاواز بۆ واتا دەبینرێت، کە بریتین لە:

1. ڕوانینی فەرهەنگی
2. ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی( هەمان سەرچاوە: ٦٤)

زانیاریی فەرهەنگی واتای وابەستە و تایبەت بە زمانە و زانیاریی ئینسکلۆپیدیاییش زانیاریی وەرگیراوی توانا زانینییەکانی ئێمەیە لە جیهاندا، زۆربەی تیۆرە واتاسازییەکان واتای فەرهەنگی و واتای ئینسکلۆپیدیایی لەیەکتر دادەبڕن(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٣٦) و بەجیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن، بەڵام واتاسازیی زانینی خستنەڕووی واتای فەرهەنگ ئاسا و پێناسە ئاسا بۆ وشە ڕەتدەکاتەوە و زیاتر جەخت لەسەر واتای ئینسکلۆپیدیای دەکاتەوە؛ پێی وایە وشەکان خاوەنی واتایەکی دیاریکراو نین، بەڵکو تەنیا ڕێگەیەکن بۆ گەیشتن بە گەنجینەی زانیارییەکانی چەمکێکی دیاریکراو لەبیری مرۆڤدا (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤١)، واتە زانینییەکان واتای فەرهەنگی و واتای ئینسکلۆپیدیایی لە یەکتر جیا ناکەنەوە، بەڵکو پێیان وایە واتای فەرهەنگی بەشێکە لە واتای ئینسکلۆپێدیایی و واتای وشەیەک ئەو کاتە درکی پێ دەکرێت،

که لەناو بوارێک یان چوارچێوەیەک دا بێت(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٦٦)، بۆ نموونە دەربڕینە زمانییەکانی وەکو ( سبەی، ئەوە، ئێستا، ئێرە و ... هتد) ڕاستە خاوەنی واتای فەرهەنگین، بەڵام بەبێ لە بەرچاوگرتنی دەوروبەر واتاکانیان درکی پێ ناکرێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە دەوروبەری جیاوازدا چەمکی جیاواز لەخۆدەگرن.

هەروەکو پێشتریش خرایەڕوو واتاسازیی زانینی ڕوانینی فەرهەنگی ڕەتدەکاتەوە و مۆدێلی سیستەمی زانیاریی چەمکی(system of conceptual knowledge) دەخاتەڕوو، ئەم مۆدێلەش گریمانەی چەند بنەمایەک دەکات(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٠-٧٣)، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. لە نێوان سیمانتیک و پڕاگماتیکدا جیاوازیی بنچینەیی نییە:

وەکو پێشتریش باسکرا زانایانی واتاسازیی زانینی بە جیاکردنەوەی سیمانتیک و پڕاگماتیک ڕازینین، پێیان وایە ناتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا بکێشین، هەروەها لەو باوەڕەدان، کە لە بیری مرۆڤدا تەنیا نەخشەی وێنەیی واتای وشەکان هەیە و واتای

یەکلاکەرەوەی وشەکان لە لایەن دەوروبەرەوە دەستنیشان دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر وشەی (پاک) لە بەرچاو بگرین، گوێگر تەنیا بە سەرنجدان لە دەوروبەری وشەکە لە واتای وشەکە دەگات، وەک:

٣١. *هەڵبژاردنەکە پاکە.* پاک= بێ ساختەکاری

٣٢. *کۆمەڵگەکە پاکە.* پاک= بێ ئاژاوە و دزی، هتد

٣٣. برینەکە *پاکە* . پاک= بێ هەڵاوسان، بێ مەترسی

هەروەها واتاسازانی زانینی به پێچەوانەی ڕوانینەکانی تر پێیان وایە زانیارییە زمانییەکان (واتای فەرهەنگیی وشەکان) و زانیارییە نازمانییەکان لە یەکتری جیانین.

٢. زانیاری ئینسکلۆپیدیایی خاوەنی پێکهاتەیە:

واتاسازانی زانینی لەو باوەڕەدان کە زانیاری ئینسکلۆپیدیایی خاوەنی سیستەمێکی تۆڕ (شەبەکە)یی ڕێکخراون، هەڵبەتە ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن یەک وشە دەستمان دەکەوێت خاوەنی چەقی (center) یەکسان نین، واتە لە نێوان ئەو زانیارییانە هەندێکیان ناوەندی (پێشنموونەیی)ترن لەئەوانی تر.

٣. یەکە زمانییەکان خاڵی دەست گەیشتن بە زانیارییە

ئینسلکۆپیدییەکانن:

هەروەکو پێشتر باسکرا لە واتاسازیی زانینیدا وشەکان(یەکە لێکسیکییەکان)، وەکو خاڵی دەست گەیشتن( reference point) بە زانیاری ئینسکلۆپیدیایی سەیردەکرێن، بە واتایەکی تر وشەکان هۆکاری دەست گەیشتنن بە تۆڕێکی بەرفراوان لە زانیاریی ئینسکلۆپیدیایی.

٤. زانیارییە ئینسکلۆپیدییەکان دینامیکین:

ئەگەرچی ئەو واتایەی کە وابەستەی وشەیە تاڕادەیەک جێگیرە، بەڵام زانیاریی ئینسکلۆپیدیایی هەر وشەیەک سروشتێکی دینامیکی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر وشەی (شیر) لە بەرچاو بگرین، زانیارییە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەو وشەیە بە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو مادەیە دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێک بەیانی لە خەو هەڵدەستیت و هەست دەکەی گەرووت ئازاری هەیە، دواتر لە کەسانی دەوروبەر دەبیستی، کە شیر ئازاری گەروو ناهێڵێت تۆش دوای تاقیکردنەوە و ئەنجام بۆت دەردەکەوێت کە وایە، لێرەدا ئەزموونێکی نوێ لە پاڵ زانیارییە ئینسکلۆپیدییەکانی پێشتری وشەکە وەکو(شیر شەلەیەکی سپیە، چەورە، لە مەڕ و ئاژەلی گەورە دەست دەکەوێت، هتد) زیاد دەبێت.

زمانەوانە زانینییەکان لە بری وشەی

دەوروبەر(context) سوود لە زاراوە پسپۆڕییەکانی وەکو چوارچێوە(frame) و بوار(domain)وەردەگرن ( راسخ مهند، ١٣٨٩: ٦٧)، بۆ ئەم مەبەستەش فیلمۆر بە خستنەڕووی تیۆری چوارچێوەیی و لانگاکر بە پێشکەشکردنی تیۆری بوارەکان(مەوداکان) گرنگی واتای ئینسکلۆپیدیاییان لە زمانەوانیی زانینیدا نیشاندەدەن (هەمان سەرچاوە: ٦٥)؛ واتاسازیی زانینی لەڕێگەی تیۆری چوارچێوەیی و تیۆری بوارەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە واتا سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە و هیچ وشەیەک بە تەنها واتای نییە و بەکارهێنەری زمان کاتێک لە چەمکی وشەکان دەگات، کە لە داڕشتەی کۆزانیاریی گەورەتردا دەبن(ابراهیم: ٢٠١٩: ٤٥).

لەبەر گرنگی تیۆری چوارچێوەیی و تیۆری بوارەکان لە واتاسازیی زانینییدا، لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر هەریەکە لەو دوو تیۆرە:

## ١-٢-٥-١- تیۆری چوارچێوەیی:

چارلس فیلمۆر لە ساڵانی(١٩٧٥- ١٩٧٧-١٩٨٢) لە تیۆری چوارچێوەییدا گرنگی واتای ئینسکلۆپیدیایی دەخاتەڕوو، کە تیایدا هەر چوارچێوەیەک بە نەخشەیەکی


ئەزموونی دادەنێت، کە لە یادگەی درێژخایەنی ئێمەدا هەیە و بە دەربڕینی هەر وشەیەکی زمان چوارچێوەکەی چالاک دەبێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک ئەم ڕستەی خوارەوە دەردەبڕێت:

*٣٤. ئازاد دۆلمە دەخوات.*

ئەوا چوارچێوەی ڕێستۆرانت لە بیری گوێگر چالاک دەبێت.

هەروەها فیلمۆر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناتوانرێت درک بە واتای وشە یاخود پێکهاتەی ڕێزمانی لە دەرەوەی دەوروبەر بکرێت، بۆ نموونە وشەی (هەتیو) تەنیا لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا وەسف دەکرێت، بۆ نموونە لە خێزانێکدا، کە منداڵ، دایک و باوکی هەبێت، دایک و باوک چاودێریی منداڵەکە دەکەن، کاتێک دایک یان باوک یان هەردووکیان دەمرن و منداڵەکەش تەمەنی نەگەیشتبێتە (هەژدە) ساڵی ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە (هەتیو)هەژمار دەکریت (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٧٠)، کەواتە بۆ ئەوەی لە چەمکی هەتیوو بگەین پێویستە شارەزاییمان لەو چوارچێوەیە هەبێت، کە وشەی هەتیووی تێدا بەکاردێت، بۆیە فیلمۆر پێی وایە وشە و توخمە ڕێزمانییەکانی تر لە لایەن چوارچێوەکانیانەوە پێناسە دەکرێن، هەر بۆیەش ناتوانین بەبێ چوارچێوەی وشەکە، لە واتای وشەکە بگەین(روشن و

اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٥)، بۆ نموونە لە چوارچێوەی کڕین و فرۆشتنی کاڵادا پەیوەندییەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:




هێڵکاریی ژمارە( ٨ )چوارچێوەی کڕین و فرۆشتنی کاڵا(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٥)

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چەمکی چوارچێوە فرە ڕەهەندە، بۆ نموونە وشەی (دایک) ڕەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک ڕەهەندی ژێنەتیکی و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٣٥. ا. دەزانی نەسرین دایکی بەهارە.*

*ب. بەڕاستی نەسرین شایستەی ئەوەنیە ببێت بە دایک.*

لە نموونەی ژمارە(٣٥. ا)دا بە بەکارهێنانی وشەی (دایک) ئاماژە بە پەیوەندیی بایەلۆژی کراوە، بەمەش زیاتر چوارچێوەی ژێنەتیکی چالاک دەبێت، کەچی لە نموونەی ژمارە(٣٥. ب)دا، کە وشەی (دایک)بەکارهاتووە، مەبەست لێی

ئەوە نییە، کە نەسرین لە ڕووی بایەلۆژییەوە کەموکووڕی هەیە، بەڵکو مەبەستمان دایکێکە، کە بەشێوەیەکی تایبەت(نەگونجاو) ڕەفتار دەکات، کە شیاوی ئەوەنییە ببێت بە دایک، بۆیە لێرەدا چوارچێوەی کۆمەلایەتی چالاک دەبیت(لی، ١٣٩٧: ٢٣)، کەواتە بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان کەرەستە زمانییەکان چوارچێوەی جیاواز لە خۆدەگرن.

هەروەها شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە کاتێک چوارچێوەیەکی نوێ دێتەئاراوە، ئەو وشانەی کە لە زمانەکەدا هەن بۆ بوارە نوێیەکە دەگوازرێنەوە(لی، ١٣٩٧: ٢٥)، بۆ نموونە وشەکانی وەکو (سواربوون، دابەزین، هتد) پێشتر لە بوارەکانی ئەسپ سواریدا بەکاردەهات، دواتر بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، کە بواری نوێ وەکو ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوەی وەکو (ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر، فڕۆکە، هتد، پەیدابوون، وشەکان بۆ ئەو بوارە گوازراونەتەوە.

**تایبەتمەندیەکانی تیۆری چوارچێوەیی:**

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی تیۆری چوارچێوەیی لەم خاڵانە خوارەوەدا دەخەینەڕوو(راسخ مهند، ١٣٨٩؛ ٧٢):

١. واتای وشەکان تەنیا لە نێوان چوارچێووەکانیاندا درکیان پێ دەکرێن، ئەگەر چوارچێوەیەک لە کۆمەڵگەیەکدا نەما، ئەو وشانەی کە تایبەتن بەو چوارچێوەیەش لەو کۆمەڵگایەدا نامێنێن.

٢. چوارچێوەکان تێڕوانینی ئاخێوەر نیشان دەدەن، لەم بارەیەوە فیلمۆر لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژە بە دوو وشەی (coast) و(shore)دەکات، کە هەردووکیان ئاماژە بەو وشکانیە دەکەن، کە لە نزیک دەریا(کەنار دەریا)وەن، بەڵام لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە، (coast) لەلایەن کەسێکەوە بەکاردێت، کە خۆی لەسەر وشکانی(کەنارەکە) بێت، بەڵام (shore) لەلایەن کەسێکی ترەوە بەکاردێت، کە خۆی لە ناو دەریا بێت و ئاماژە بە کەنار دەریاکە بکات.

٣. لە واتاسازیی چوارچێوەییدا مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بە هەمان شێوەی مۆرفیمە لێکسیکیەکان بایەخیان هەیە.


٤. دەکرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری بارو دۆخی یەکسان بکرێت، بۆ نموونە کەسێک، کە بە زەحمەت پارە خەرج بکات، یان پێی دەوترێ (ماڵگر/ ماڵداریکەر)، یان پێی دەوترێ (ڕەزیل) ، کە یەکەم واتایەکی ئەرێنی و دووەم واتایەکی نەرێنی هەیە.

## ١-٢-٥-٢- تیۆری بوارەکان:

تیۆری بوارەکان لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن لانگاکرەوە بە هەمان شێوەی تیۆری چوارچێوەیی فیلمۆر لە سەر بنەمای واتای ئینسکلۆپیدیایی بونیادنراوە، کە پێی وایە تێگەیشتنی واتای وشە بە بێ تێگەیشتن لەو بوارەی کە تێیدا بەکاردێت نایەتەدی (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٧٣)، بۆ نموونە هەر یەک لە وشەکانی (سارد، گەرم، شلەتێن، فێنک، کە لە بواری گەرمیدا بەکاردێن، بەبێ تێگەیشتن لە سیستەمی گەرمی ناتوانین لەو وشانە تێبگەین، بۆیە دەتوانین بڵێین تیۆری بوارەکان هەمان تێڕوانینی تیۆری چوارچێوەیی فیلمۆری بۆ واتای وشە هەیە، بۆیەش زمانەوانان لەو بارەیەوە دەڵێن: تیۆری چوارچێوەیی و تیۆری بوارەکان لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن، بە واتایەکی تر ئەو دوو تیۆرە تا ئەو ڕادەیە لە یەکتر نزیک دەبنەوە، کە لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا لەبری یەکتر بەکاردێن، تەنیا دوو ناوی جیاوازیان هەیە، کە لەلایەن فیلمۆر و لانگاکرەوە بۆ یەک مەبەست بەکارهاتوون(غەریب، ٢٠١٦: ٤٨-٤٩).

بە پێی تیۆری بوارەکان، بوارەکان بە شێوەی زنجیرەی پلەیی ڕێکدەخرێن، بەشێوەیەک، کە پەیوەندیی نێوان بوارەکان

بەش لە گشتە، هەروەکو لە هێڵکاریی ژمارە(٩)دا دیارە، چەمکی (ئانیشک ) بە سەرنجدان لە بواری (بازوو) درکی پێ دەکرێت، هەروەها بەشێوەیەکی پلەیی بازوو بە هۆی بواری دەست و دەستیش بە بواری جەستە درکی پێ دەکرێت، جەستەش بە شێویەکی گشتی لە (بۆشایی)دا درکی پێ دەکرێت، بۆشاییش بوارێکە، ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهاندا سەرچاوە دەگرێت(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٧٩-٨١) .




هێڵکاریی ژمارە (٩ ) شوێنی ئانیشک لە زنجیرەی بواری بۆشاییدا(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٨١)

کەواتە هەریەک لە چاڕلس فیلمۆر و لانگاکر بە تیۆرەکانی چوارچێوەیی و بوارەکان (مەوداکان)، هۆکاری سەرەکیی هاتنەئارای ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی بوون بۆ دەربڕاوەکان(غەریب، ٢٠١٦: ٤٥)، کە ڕوانینی سەرەکی قوتابخانەی زمانەوانی زانینییە بۆ واتا.

## ١-٢-٦- تێڕوانین:

ئەمەش یەکێکی ترە لە بابەتە گرنگەکانی واتاسازیی زانینی، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، چونکە هەر یەک لە ئێمە لەڕێگەی تێڕوانینی جیاوازەوە ئاماژە بە دیمەنەکان(شانۆکان)ی دەوروبەرمان دەکەین.

لانگاکر زاراوەی تێڕوانینی بۆ ئاماژەدان بەهەردوو بابەتی گۆشەنیگا(viewpoint) و چەقی سەرنجدان(foucsing)بەکارهێناوە(صفوی، ١٣٨٣: ٣٩٣)، کەواتە هەریەک لە گۆشەنیگا و چەقی سەرنج دوو هۆکاری سەرەکین بۆ لێکدانەوەی هەر دیمەنێک لە لای ئاخێوەرەوە، بۆیە لە خوارەوە باسی هەر یەکێکیان دەکەین:

### یەکەم. چەقی سەرنجدان:

یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەهۆیەوە لێکدانەوە بۆ دیمەنێک

دەکرێت، بۆ نموونە:

٣٦. ا. *هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لێیدرا.*

*ب. بەچەکی کیمیایی لە هەڵەبجە درا.*

کاتێک سەیری نموونەکانی ژمارە(٣٦) دەکەین دەبینین، لە ڕستەی (٣٦. ا)دا ئاخێوەر چەقی سەرنجی لەسەر شاری (هەڵەبجە)یە، بەڵام لە ڕستەی (٣٦. ب)دا ئاخێوەر چەقی سەرنجی بۆ سەر (چەکی کیمیاوی) گواستۆتەوە، بۆیەش لە سەرەتای ڕستەکەدا بەکار هاتووە.

**دووەم. گۆشەنیگا:**

کاتێک سەیری ئەو لێکۆڵینەوانە دەکەین، کە لەسەر تێڕوانین ئەنجامدراون، دەبنین گۆشەنیگا پانتاییەکی زۆر فراوان تری لە چەقی سەرنجدان داگیرکردووە، بۆیە پێویستە ئێمەش شیکردنەوەی وردتر لە سەر گۆشەنیگا بخەینەڕوو.

زمانەوانان لەم بارەیەوە دەنووسن:" گۆشەنیگا پیشاندەری جۆری تێڕوانینی قسەکەر یاخود نوسەرە بۆ هەر دیمەنێک(شانۆیەک)، کە بەسود وەرگرتن لە زمان وەسف دەکرێت"(عبدالکریمی، ١٣٩٣: ١٠٣)، بەواتایەکی تر دەکرێت بڵێین: ئێمە دیمەنەکان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆمانەوە

بەچەمک دەکەین(کوچش، ١٣٩٥: ٣٨٨)، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

٣٧. ا. *ئەمڕۆ درەنگ چوومە فاکەڵتی.*

*ب. ئەمڕۆ درەنگ هاتمە فاکەڵتی.*

٣٨. ا. *دەرگاکە بە ئارامی کرایەوە و دوو کەس هاتنە ژوورەوە.*

*ب. دوو کەس بە ئارامی دەرگاکەیان کردەوە و چوونە ژوورەوە.*

٣٩. ا. *ئازاد ئۆتۆمبێلێکی لە نەوزاد کڕی.*

*ب. نەوزاد ئۆتۆمبێلێکی بە ئازاد فرۆشت.*

کاتێک سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکەین، دەبینین، لە هەر نموونەیەکدا هەردوو ڕستەکە بۆ وەسف کردنی دیمەنێک بە کارهاتوون، بەڵام هەرگیز ناتوانین بڵێین هەردوو ڕستەکە لە ئاماژەدان بە یەک دیمەن یەکسانن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەو، کە هەریەکێک لەو ڕستانە پەیوەندی بە گۆشەنیگایەکی جیاوازی ئاخێوەرەوە هەیە، بۆ نموونە لە ڕستەی (٣٧. ا)دا شوێنی دەربڕینی ڕستەکە ماڵەوەیە، یان هەر شوێنێکی تر جگە لە فاکەڵتی، کەچی لە نموونەی (٣٧.

ب) دا بە دڵنیاییەوە شوێنی دەربڕینی ڕستەکە فاکەڵتیە، چونکە لەو گۆشەنیگایەوە سەیری دیمەنەکە دەکات، هەروەها لە نموونەی (٣٨. ا)دا وادەردەکەوێت، کە قسەکەر لە ژوورەوە بێت لە کاتی دربڕینی ئەم ڕستەیە، چونکە لەو گۆشەنیگایەوە لە دیمەنەکە دەڕوانێ، بەڵام لە نموونەی (٣٨. ب)دا، بە پێچەوانەوەیە، چونکە کاتێک ئاخێوەر ڕستەکە دەردەبڕێت خۆی لەدەرەوە بووە، بۆیە لەو گۆشەنیگایەوە سەیری دیمەنەکەی کردووە، بەهەمان شێوە ڕستەکانی(٣٩. ا)و(٣٩. ب) یەکسان نین، چونکە هەرچەند هەردووکیان ئاماژە بەیەک ڕووداو دەکەن بەڵام لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە، ئاخێوەر لە ڕستەی ((٣٩. ا)دا لە گۆشەنیگای ئازاد و لە ڕستەی (٣٩. ب) لە گۆشەنیگای نەوزاد بۆ ڕووداوەکە دەڕوانێت، بە فراوانکردنی ڕستەکان ڕاستیی مەبەستەکە زیاتر دەردەکەوێت، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

*٤٠. ا. ئازاد ئۆتۆمبێلێکی بە نرخێکی باش لە نەوزاد کڕی.*

*ب. نەوزاد ئۆتۆمبێلێکی بە نرخێکی باش بە ئازاد فرۆشت.*

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری دیمەنەکە کراوە، چونکە لە نموونەی (٤٠. ا)دا لایەنگری کڕیار کراوە و لەو

گۆشەنیگایەوە ڕستەکە دەربڕاوە، بۆیەش (نرخی باش= هەرزان)، کەچی لە نموونەی (٤٠. ب)دا بەپێچەوانەوەیە و لە گۆشەنیگای فرۆشیارەوە سەیری ڕووداوەکە کراوە، بەو پێیەش بێت (نرخی باش= گران) ، کەواتە نموونەکانی(٤٠) ئەوە دەسەلمێنێت، کە نموونەکانی ژمارە(٣٩)دوو گۆشەنیگای جیاوازن(لی، ١٣٩٧: ١٣_١٤).

# بەشی دووەم:

# تۆڕی واتایی و ئامرازی بەند

## ٢- تۆڕی واتایی و ئامرازی بەند

لەم بەشەدا سەرەتا تیشک دەخەینە سەر هەریەکە لە تۆڕی واتایی و بابەتە پەیوەندی دارەکانی، پاشان لەڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە هەوڵی ناساندی ئامرازی بەند دەدەین، هەر لەو سۆنگەیەوە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی و جۆرەکانی دەخەینەڕوو:

### ٢-١- تۆڕی واتایی و بابەتە پەیوەندیدارەکانی:

بەرلەوەی باسی تۆڕی واتایی و پێکهاتەکەی بکەین، بە پێویستی دەزانین، کە تیشک بخەینە سەر هەریەکە لە دیاردەی فەرەواتایی(polysemy) و پۆلە تیشکییەکان(Radial categories)، چونکە هەریەک لەو دوو بابەتە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تۆڕی واتاییەوە هەیە؛ فرەواتایی ناوەرۆکی تۆڕی واتایی پێکدێنێت، تەنانەت زۆرجار زمانەوانان زاراوەی تۆڕی فرەواتایی لە بری زاراوەی تۆڕی واتایی بەکاردێنن(بامشادی، ١٣٩٣: ٣٢)، پۆلە تیشکیەکانیش بریتین لە لایەنی ئەبستراکت و شاراوەی هەر تۆڕێکی واتایی، کە لەبیری مرۆڤدایە و هەر گۆڕانێک لە پۆلە تیشکیەکاندا ڕووبدات ئەوا ڕاستەوخۆ لە تۆڕی واتاییشدا ڕوودەدات:

## ٢-١-١- فرەواتایی

فرەواتایی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی واتاسازی زانینی، کە بایەخێکی زۆری پێدراوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی سەرەکی ئێمەوە هەیە.


زمانەوانان لەو بارەیەوە دەنووسن" فرەواتایی دیاردەیەکە، کە بەهۆیەوە یەک فۆڕمی زمانی خاوەنی ژمارەیەک واتای جیاوازە و واتا جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی دان (Evans and Tyler, 2004: 5 )، بە واتایەکی تر دیاردەی فرەواتایی ئەو کاتە دێتەکایەوە، کە توخمێکی زمانی زیاتر لە واتەیەکی هەبێت و واتاکانیش بۆ یەک ڕەچەڵەک بگەڕێنەوە.

فرەواتایی دیاردەیەکی زۆر فراوان و بەربڵاوە، ڕیشەکەی لە ئاوەزی مرۆڤدایە و لێکۆڵینەوە لەو بوارە دەمانگەینێت بە چەند ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش، بۆ نموونە بارسلون و والنزولا لەپاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر فەرهەنگی(ویبستەر)، بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە لە فەرهەنگەکەدا لەناو (٦٠٠٠٠) دەروازەی فەرهەنگی دا، (٢١٤٤٨) دەروازی فەرهەنگی، کە دەکاتە ٤٨٪ی کۆی وشەکانی ناو فەرەهەنگەکە لە دوو واتا زیاتریان هەیە و فرەواتان(بارسلون و والنزولا، ٢٠١١: ٢٥) وەرگیراوە لە

(بامشادی، ١٣٩٣: ٣١)، کەواتە فرەواتایی زۆربەی کەرەسەتە زمانییەکان دەگرێتەوە. لە واتاسازیی زانینیشدا ئامرازە بەندەکان بە یەکێک لەو کەرەستە زمانیانە دادەندرێن، کە چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرن، بۆ نموونە لاکۆف و برۆگمان چەند واتایەکی جیاوازیان لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئامرازی بەندی over خستۆتەڕوو، ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو واتا جیاوازانە:

١. واتای (بەسەر- پەڕینەوە) (above- across)
٢. واتای بەسەر (above)
٣. واتای داپۆشین(covering)(Saeed, 2003: 359)، واتای یەکەم وەکو نەخشەی جوڵەیی باسی لێوەکراوە، بە جۆرێک کە (تەنی جوڵاو) بەسەر ناوچەی وەستاو دا جوڵە دەکات و دەپەڕێتەوە، وەک لە نموونەی(٤١) و هێڵکاریی ژمارە (١٠)دا خراوەتەڕوو:

٤١. *فڕۆکەکە بەسەر گردەکەدا دەفڕێت.*





هێڵکاریی ژمارە (١٠) واتای بەسەر_پەڕینەوەی ئامرازی بەندی (over) (
Saeed, 2003: 360)

واتە فڕۆکەکە(تەنی جوڵاوە) و بەسەر گردەکە (ناوچەی وەستاوە)دا دەفڕێت، بەڵام لە واتای دووەمدا تەنی جوڵاو جێگیرە بەسەر ناوچەی وەستاودا و جوڵەناکات، وەک:

*٤٢. چەترەکە بەسەر سەریەوەیە.*

وەک لە هێڵکاریی ژمارە(١١)دا دیارە.





هێڵکاریی ژمارە (١١) واتای (بەسەر)ی ئامرازی بەندی (over)(Saeed, 2003: 361 )

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا چەترەکە(تەنی جوڵاو) و لەسەر سەری کەسێک (ناوچەی وەستاو) وەستاوە و ناجوڵێت،

کەچی لە واتای سێیەمدا (TR) ئەرکی داپۆشینی بینیوە و (LM) ی داپۆشیوە ، بۆ نموونە :

٤٣. *تەختەکە لەسەر کونەکە دانراوە.*

وەک لە هێڵکاریی ژمارە(١٢)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (١٢)ی داپۆشینی ئامرازی بەندی (over)( Saeed, 2003: 361 )

لەم هێڵکاریەی سەرەوەشدا تەختەکە( تەنی جوڵاو)ە، کە کونێک(ناوچەی وەستاوە)ی داپۆشیوە.

فرەواتایی لە بەرانبەر هەریەک لە تێڕوانینەکانی تاک واتایی(monosemy) و هاوبێژی[٥] هاتەکایەوە، چونکە بەپێی تێڕوانینی تاک واتایی بۆ هەر یەکەیەکی زمانی زیاتر لە نواندنێکی واتایی بوونی نییە (بامشادی و انصاريان، ١٣٩٣: ٧٦)، هەروەها بەپێی تێڕوانینی هاوبێژی واتا جیاوازەکانی فۆڕمێکی واتایی هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە.

لەبەر ئەوەی هەریەکە لە تێڕوانینی تاک واتایی و تێڕوانینی هاوبێژی هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە دیاریدەی

فرەواتایی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینی، و فرەواتایی دەکەوێتە نێوان سنووری هەردوو بۆچوونی تاک واتایی و هاوبێژی (کرمی، ١٣٩٥: ٣٩)، بۆیە بە پێویستی دەزانین، کە بەکورتی باسی هەریەکە لەو دوو تێڕوانینە بکەین:

## ٢-١-١-١- تێڕوانینی تاک واتایی:

تێڕوانینی تاک واتایی بۆ یەکەمین جار لە لایەن ڕول(Ruhl)ەوە پێشنیاز کراوە، کە پێی وایە وشە تەنیا خاوەنی یەک واتای گشتی و گریمانەییە؛ ئەم واتایە بەجۆرێک گریمانەییە، کە دەکرێت لە هەر دەوروبەرێکدا بەپێی زانیارییەکانی دەوروبەرەکە واتای نوێی بۆ بدۆزرێتەوە، واتە وشە خاوەنی واتای جیاواز نییە، بەڵکو خاوەنی بەکارهێنانی جۆراوجۆرە و لەهەر بەکارهێنانێکیشدا واتایەکی نوێ لەو دەوروبەرە وەردەگرێت( بامشادی، ١٣٩٣: ٢٩- ٣٠)، بەواتایەکی تر هەروشەیەک تەنیا یەک واتای ئەبستراکت و فراوانی هەیە و واتاکانی تر لەدەوروبەر وەرگیراون، بەڵام هیچ یەکێک لە واتا وەرگیراوەکان پێناسی جیاوازییان نیە و وەکو واتای سەربەخۆ هەژمار ناکرێن، بەڵکو بریتین لەو لێکدانەوانەی، کە لە دەوروبەرەوە دەستمان کەوتوون(کرمی، ١٣٩٥: ٣٩).

زمانەوانە زانینییەکان پێیان وایە تێڕوانینی تاک واتایی چەند خەوش و کەم و کوڕیەک لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە:

١. هەندێک لەو واتایانەی، کە سەر بەیەک فۆڕمی لێکسیکین، وابەستەی دەوروبەر نین، بۆیە زانیارییە پراگماتیکییەکان بەتەنیا بەس نیە بۆ پێشبینی کردنی هەموو واتاکانی سەربە یەک فۆرمی لێکسیکی.

٢. بەپێی بۆچوونی تاک واتایی واتای بنەڕەتی هەر وشەیەک پێویستە ئەوەند فراوان و ئەبستراکت بێت، کە هەموو ئەو واتا جیاوازانەی، کە لێی داڕێژراون لەخۆ بگرێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا لەوانەیە واتای بنەڕەتی وشەکە ئەوەندە فراوان بێت، کە واتای فۆڕمی لێکسیکی تریش لەخۆبگرێت(هەمان سەرچاوە: ٣٩).

## ٢-١-١-٢- تێڕوانینی هاوبێژی:

لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە لەو باوەڕەدان، کە پرۆسەی فراوانبوونی واتای وشەکان پرۆسەیەکی لەخۆوەیە و هیچ بنەمایەک لەخۆناگرێت، بۆیە پێیان وایە واتا جیاوازەکانی یەک فۆڕمی زمانی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە و بە ڕێککەوت هاتوونەتەکایەوە(هەمان سەرچاوە: ٣٩)، هەڵبەتە زمانەوانان هەر لە کۆنەوە بڕوایان بە دیاردەی فرەواتایی

هەبووە و بۆ جیاکردنەوەی هەردوو دیاردەکەش پشتیان بە بڕیاری فەرهەنگسازەکان بەستووە، چونکە بەپێی بۆچوونەکانی پێش واتاسازیی زانینی هەر یەکە لە دیاردەی فرەواتایی و دیاردەی هاوبێژی زیاتر لە واتایەک لە خۆدەگرن، بەڵام واتا جیاوازەکانی فرەواتایی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆیە لە فەرهەنگدا یەک دەروازەی فەرهەنگییان بۆ دەکرێتەوە، کەچی لە هاوبێژییدا لەبەرئەوەی واتا جیاوازەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بۆیە بۆ هەر واتایەک دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت دەکرێتەوە(Saeed, 2003: 64).

زمانەوانە زانینییەکان پێیان وایە ئەم جۆرە تێڕوانینە(تێڕوانینی هاوبێژی)، بە هەمان شێوەی تێڕوانینی تاک واتایی بەدەر نیە لە کەموکووڕی و دیاردەکە چەند کەموکووڕییەک لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە:

١. ئەم تێڕوانینە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان واتا جیاوازەکانی یەک فۆڕمی لێکسیکی لەبەرچاو ناگرێت.

٢. بەشێوەیەکی ئێستایی دەڕوانێتە ئەم دیاردەیە و پێی وانییە کە زمان لە حاڵەتی گۆڕاندایە.

٣. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە فراوانبوونی واتاکانی یەک وشە بە ڕێککەوت و ڕوداو دەزانن. ئەمە لەکاتێکدایە، کە

زانینییەکان پێیان وایە گۆڕانی زمان بە شێوەیەکی ڕێک و سروشتییە، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنگرانی تێڕوانینی هاوبێژی ناتوانن پەیوەندی لەنێوان واتا جیاوازەکانی فۆڕمێکی زمانی بدۆزنەوە، بۆیە بەناچاری پەنا دەبەنە بەر ڕێککەوت(کرمی، ١٣٩٥: ٣٩).

لە ئەنجامدا بۆچوونی هاوبێژیش نەیتوانی لێکدانەوە بۆ ئەو هەموو فراوانبوونەی واتا بکات، کە لە هەموو لایەنەکانی زمان بەرچاو دەکەوێت، چونکە ئەگەر دیاردەکە بە ڕێککەوت بوایە ئەوا بەو فراوانیە نەدەبوو(بامشادی، ١٣٩٣: ٣١)، کە هەموو لایەنەکانی زمان بگرێتەوە.

کەواتە زمانەوانی زانینی نە باوەڕی بە تێڕوانینی تاک واتایی هەیە و نە باوەڕی بەتێڕوانینی هاوبێژی، بەڵکو پێی وایە ئەو فۆڕمە لێکسیکیانەی، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرن، بەتێپەڕبوونی کات هاتونەتەکایەوە، بە واتایەکی تر بۆچوونی فرەواتایی لەلایەک بەپێچەوانەی بۆچوونی تاک واتایی، واتا جیاوازەکانی یەک فۆڕمی لێکسیکی بە سەربەخۆ و جێگیر دەزانێت، نەک بە لێکدانەوەی دەوروبەر، لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی هاوبێژی پێی وایە هەموو واتا جیاوازەکانی یەک فۆڕمی لێکسیکی لەیەک سەرچاوەی مێژووییەوە هەڵقوڵاون (کرمی، ١٣٩٥: ٤٠)، هەر لەم

سۆنگەیەوە تایلەر و ئەیڤانس بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە فراوانبوونی واتای وشەکان نیشانەی فرە واتاییە و ئەو واتا جیاوازانەی کە پەیوەندییان بەیەک وشەوە هەیە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی هاندراو هاتوونەتە کایەوە، چونکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی زمان بریتییە لە پەیوەندی سازکردن لە پەیوەندی سازکردنیشدا پێویستە وشەکان لەخۆوە بەکارنەهێنرێت، بەڵکو دڵنیا بین، کە گوێگر بە ئاسانی و بەبێ تەگەرە پەی بە واتا نوێکەی وشەکە دەبات، کەواتە بۆ ئەوەی گوێگر بە ئاسانی لە واتا نوێکە بگات، پێویستە فراوانبوونی واتا سنووردار و ڕێکخراو بێت، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە:

_ قسەکەر چۆن بزانێت ئەو وشەیەی، کە بۆ مەبەستەکەی هەڵیبژاردووە نابێتە هۆی ناڕوونی و تێکچوونی پەیوەندیی ئاخاوتن لای گوێگر؟

وەڵامەکەی ئەوەیە:

بۆ ئەوەی پەیوەندی ئاخاوتن بە ڕێک و پێکی بەڕێوەبچێت و نەبێتە هۆی ناڕوونی لای گوێگر، پێویستە ئەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ واتای پێشووتری وشەکە، واتە ئەو واتایەی، کە پێشتر وشەکەی پێ ناسراوە و لای گوێگر ئاشنایەتی( تایلەر و ئەیڤانس، ٢٠٠٦:

٦) وەرگیراوە لە (بامشادی، ١٣٩٣: ٣٠_ ٣١).
هەروەها (Evans, 2003: 188)، گرینگترین ئەو فراوانبوونانەی لە دیاردەی فرەواتایی ڕوودەدات، دەیبەستێتەوە بە دەورەبەرەوە، بۆ نموونە:

*44. The Tablecloth is over the table. سەرپۆشەکە لەسەرمێزەکەیە.*

لەم نموونەی سەرەوەدا سەرپۆشەکە ڕووی سەرەوەی مێزەکەی داپۆشیوە و واتای پۆشینی لە ئامرازی بەندی (over) وەرگرتووە، کەواتە واتای (پۆشین) لەم دەوروبەرەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک ئەوەی لە سروشتی ئامرازەکە دا هەبێت، دواتر ئەم واتایە لەو دەوروبەر و بەکارهێنانە تایبەتییەوە جیادەبێتەوە و وەکو واتایەکی جیاوازی ئامرازی بەندی (over) ڕەفتار دەکات. (Tyler and Evans, 2003: 161 )، هەروەها تایلەر و ئەڤانس زاراوەی بەهێزکردنی پراگماتیکی pragmatic strengthing بۆ پرۆسەی جیابوونەوە لە دەوروبەر و دووبارە بەکارهاتنەوە، بەکاردێنن (Evans and Tyler, 2004: 8)، و پێیان وایە هۆکاری سەرەکی پەیدانبونی

فرەواتایی یاخود فراوانبوونی واتای وشەکان بەهۆی ئەم پرۆسەیەوەیە(بامشادی، ١٣٩٣: ٣٢).

لە لایەکی ترەوە لاکۆف و برۆگمان ئاماژە بەوە دەکەن، کە فرەواتایی لە ڕۆنانی چەمکیدا هەیە و تەنیا تایبەت نییە بە زمان، واتە فرەواتایی وەکو هەر یەکێک لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی تایبەتەمەندیی ئاوەزی هەیە(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٩٧)، بە واتایەکی تر فرەواتایی وەکو هەریەکە لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی لە بنەڕەتدا وەکو چەمکێکی ئەبستراکت لە بیری مرۆڤدا تۆمارکراوە، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ زمان، بۆیە بە پێچەوانەی بۆ چوونی دێرین، زمانەوانە زانینییەکان لەو بڕوایەدان، کە فرەواتایی تایبەت نییە بە واتای وشە، بەڵکو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ و لە ئاستەکانی تری زمان (مۆرفۆلۆجی و سینتاکس)یشدا بەرچاودەکەوێت (مختاری و رضایی، ١٣٩٢: ٧٦).

لە نێوان واتا جیاوازەکانی فرەواتاییدا واتایەکی پێشنموونەیی و چەند واتایەکی لاوەکی هەن، واتا پێشنموونەیەکە، واتا لاوەکییەکان بەشێوەی تۆڕ(شەبەکە)یی بەدەوری خۆیەوە دەبەستێتەوە(روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٤٠)، بە واتایەکی تر لە دیاردەی فرەواتاییدا هەر وشەیەک یەک واتای بنچینەیی و پێشنموونەیی هەیە، کە بەشێوەی ئاسایی بەرجەستەترین

واتای توخمێکی زمانی یە و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە دەوری هەر واتایەکی بنەڕەتیش چەند واتایەکی لاوەکی هەن، کە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرانبەر واتا پێشنموونەییەکە ئەبستراکت ترن و بە بەراورد بە واتا بنەڕەتییەکان بەکارهێنانیشیان کەمترە (تیلور ومور، ١٣٩٦: ١٠٢)، بەڵام هەموو واتاکان لەیەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون.

## ٢-١-٢- پۆلە تیشکییەکان

پۆلە تیشکییەکانیش یەکێکی ترە لەو بابەتە گرنگانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێکهاتەی ناوەوەی تۆڕی واتاییەوە هەیە و لایەنی شاراوە و ئەبستراکتی تۆڕی واتایی دەگرێتەوە، کە تێیدا کۆمەڵێک چەمکی پەیوەندیدار بەیەکەوە لەگەڵ چەمکێکی پێشنموونەیی ڕێکخراون( Evans and Green, 2006: 331)، هەر لەم بارەیەوە لاکۆف پێی وایە وشەکان لە ناوخۆیاندا پۆلی ئاڵۆزیان هەیە، کە ناوی ناوە پۆلە تیشکیەکان(راسخ مهند، ٢٣٨٩: ٩٦)، بە واتایەکی تر لە دیاریدەی فرەواتاییدا واتا جیاوازەکانی کەرەستەیەکی زمانی لە بیری مرۆڤدا وەکو پۆلێکی تیشکی سەیردەکرێت، کە خاوەنی واتایەکی پێشنموونەیی و چەند واتایەکی لاوەکییە (سبزاوی، ١٣٩٧: ٢٥٦)، بۆیە دەکرێت لە سادەترین پێناسەدا

بڵێین: پۆلی تیشکی " پۆلێکی چەمکییە، کە تێیدا چەند چەمکێک لەپەیوەندی لەگەڵ یەک چەمکی ناوەندیدا ڕێکدەخرێن"(دهقان، ۱۳۹۷: ۷)، هەروەها لە پۆڵی تیشکیدا هەر کۆمەڵەیەک خاوەنی پێکهاتەیەکی تیشکی و چەند ئەندامێکی پلەدارن(مختاری و رضایی، ۱۳۹۲: ۷۵)، بە واتایەکی تر بە پێی واتاسازیی زانینی چەمکە جیاوازەکانی یەک توخمی زمانی لە بیری مرۆڤدا بە شێوەی پۆلێکی تیشکی لە دەوری یەک واتای پێشنموونەییدا بڵاودەبنەوە.

هەروەها زمانەوانە زانینییەکان لەو باوەڕەدان کە پێکهاتە سینتاکسیەکانیش بەهەمان شێوەی پێکهاتە لێکسیکییەکان لە پۆلی تیشکیدا خاوەنی واتای پێشنموونەیی و واتای جیاوازن(تیلور ومور، ۱۳۹٦: ۱۰۳)، واتە لە ناو توخمە سینتاکسیەکانیشدا واتایەک بەناوی واتای پێشنموونەیی واتاکانی تر بەدوای خۆیدا کۆدەکاتەوە.

زمانەوانان لەو باوەڕەدان، کە تەواوی واتای وشەکان لە یادگەی درێژخایەنی مرۆڤدا هەڵدەگیرێن، بەڵام جۆری پەیوەندی نێوان واتاکان لە سەر بنچینەی پۆلە تیشکیەکان دەخرێتەڕوو(راسخ مهند، ۱۳۸۹: ۹۸)، واتە پۆلە تیشکییەکان تەنها جۆری پەیوەندیی نێوان واتاکان لە بیری مرۆڤدا بەشێوەیەکی ئەبستراکت دەخەنەڕوو.

## ٢-١-٣- تۆڕی واتایی Semantic Network


تۆڕی واتایی لایەنی دەرکەوتە و فیزیکی ئەو پەیوەندییە جیاوازانەیە، کە واتا جیاوازەکانی چەمکێک لەبیری مرۆڤدا بەشێوەی تیشکی دروستی دەکەن، بەواتایەکی تر تۆڕی واتایی "شێوەیەکی گرافیکی یە، بۆ خستنەڕووی ئەو چەمکانەی، کە کۆمەڵێک گروپ و پەیوەندی لە خۆدەگرن"(مختاری و رضایی، ١٣٩٢: ٧٤)، و لێکۆڵەران لەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە بواری واتاسازی زانینیدا ئەنجامی دەدەن بۆ خستنەڕووی واتا جیاوازەکانی توخمێکی فرەواتا سود لە تۆڕی واتایی وەردەگرن و واتای پێشنموونەیی و واتا لاوەکیەکانی توخمەکە بە هۆی ئەو تۆڕە واتاییەوە دەخەنەڕوو، بۆیە " مەبەست لە پێشکەشکردنی تۆڕبەندی سیمانتیکی خستنەڕووی پەیەوەندیی چەمکەکانی زمانێکی دیاریکراوە"(ابراهیم، ٢٠١٩: ٧٢)، چونکە ئەو وشە و هێڵکارییانەی، کە لە تۆڕەکەدا دەخرێنەڕوو نوێنەری ئەو چەمک و پەیوەندییانەن کە لە بیری مرۆڤدا هەن.

زمانەوانە زانینیەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە "لە بەرانبەر هەر وشەیەک تۆڕێکی واتایی ئاڵۆز هەیە، کە چەمکە جیاوازەکانی ئەو وشەیەی لەخۆگرتووە"(خانزادە، ١٣٩٢ :

(٤٦).

سەبارەت بە گەشەسەندنی تۆڕی واتاییش لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە تۆڕی واتایی هەر لە سەرەتای پێشکەشکردنیەوە بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیووە و هەر قۆناغێکیش بەمەبەستی چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی کەموکوورِیەکانی قۆناغی پێشتر هاتۆتەکایەوە[٦]، و زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لاکۆف بۆیەکەمین جار لەساڵی ١٩٨١ لەڕووی زانینییەوە تۆڕی واتایی ئامرازەبەندەکانی خستەڕوو، کە (٤٢) واتای جیاوازی لەخۆگرتبوو(بامشادی، ١٣٩٣، ١٠).

شێوەی تۆڕی واتاییش بە جۆرێکە، کە واتای بنەڕەتی لە ناوەڕاست و واتا جیاوازە پەیوەندیدارەکانی تریش بە دەوری واتا بنەڕەتییەکەوەن (بامشادی و هاوکارانی، ١٣٩٦: ٢٤)، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەردەکەوێت، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوادا خراوەتەڕوو:



هێڵکاریی ژماره ( ١٣ ) تۆڕی واتایی

ئەو واتایەی کە لەکرۆکی تۆڕە واتاییەکەدا دێت پێی دەوترێ واتای بنەڕەتی (sense primary)، کە بازنەیەکی گەورەی ڕەشە، هەروەها ئەو بازنانەی کە گەورە و ڕەشنەکراون پێیان دەوترێ هێشووی واتایی (cluster of sense)، کە چەند واتایەکی لە یەکتر نزیک کۆدەکەنەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک بازنەی ڕەشکراوی بچوک، کە واتا جیاوازەکان(distict senses) دەگرێتەوە، تەواوی بازنەکانیش بە هۆی چەند (تیشکێک)ەوە بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ بە واتا بنەڕەتییەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە تۆڕی واتایی واتای نوێ بۆ هەر وشەیەک پێشان نادات، بەڵکو جۆری پەیوەندی واتا جیاوازەکان لەگەڵ واتا بنەڕەتییەکە پێشاندەدات(راسخ مهند، ١٣٨٩: ٩٨)، هەروەها زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە " لە نێوان واتا جیاوازەکانی وشە فرەواتاکاندا پەیوەندیەکی واتایی ( لەجۆری

مێتافۆر و مێتۆنیمی) هەیە"(تیلور و مور، ١٣٩٦: ٣١)، بۆیە لە تۆڕی واتاییدا هەرچەندە واتا جیاوازەکان واقعی تربن زیاتر لە واتای  بنەڕەتی نزیک دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە هەرچەندە واتا جیاوازەکان لە واقع دورتر بکەونەوە، ئەوا زیاتر لە واتای بنەڕەتی دووردەکەونەوە  و وەک واتای کەناری(peripheral) دەردەکەون (سبزاوی، ١٣٩٧: ٢٥٦) و وەکو واتایەکی کەناری مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت، کە لە واتا بنەڕەتییەکەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## ٢-١-٣-١- مۆدێلی فرەواتای بنەمادار:

مۆدێلی فرەواتای بنەمادار یەکێکە لەو مۆدێلە باوانەی، کە لە زمانەوانیی زانینیدا بۆ خستنەڕووی تۆڕی واتایی وشە فرەواتاکان، بەتایبەتی ئامرازە بەندەکان سودی لێ وەرگیراوە. ئەم مۆدێلە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن تایلەر و ئەیڤانسەوە بناغەکەی دارێژراوە، دواتر لە ساڵانی ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥ فراوانکراوە، هەرچەندە ئەم مۆدێلە لەسەرەتا بۆ خستنەڕووی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکان خرایەڕوو، بەڵام دواتر بۆشیکردنەوی تۆڕی واتایی کەرەستە زمانیەکانی تری وەکو (کات، کار و هتد، سودی

لێوەرگیرا(ایوانز و گرین، ۱۳۹۸: ٤٦٢) مۆدێلی فرەواتای بنەمادار هەوڵدەدات ئەوە بخاتەڕوو کە واتای وشە هەمیشە جێگیرو وەستاو نییە، بەڵکو بەتێپەڕبونی کات توانای گۆڕینی هەیە، هەر لەم ڕووەوە زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چەمکە لێکسیکیەکان لە سروشتی خۆیاندا داینامیکین؛ پرۆسەی زیاد بوونی واتای نوێ بۆ وشەیەک پێی دەوترێت فراوانبوونی واتا، دوای پرۆسەی فراوانبوونی واتاش، واتا نوێیەکە لە ئەنجامی بەردەوام بەکارهێنان و بە تێپەڕبوونی کات  بە سەربەخۆ و بەبێ ئەو واتایەی کەلێیەوە وەرگیراوە بەکاردیت و خاوەنی نواندنی ئاوەزی خۆی دەبێت، مۆدێلی فرەواتای بنەمادار بە بایەخەوە سەیری لایەنی فراوانبوونی واتا دەکات و دەیەوێت نیشانی بدات، کە هەموو واتا جیاوازەکانی یەک وشەی فرەواتا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەرچەند لەوانەیە لە ئێستادا لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەو جۆرە نەهێتە بەرچاو(بامشادی، ۱۳۹۳: ۳٦)، بۆ نموونە:

*٤٥. ا. پیاوەکە لە زیندانە.*

*ب. منداڵەکە لە خەوێکی قوڵدایە.*

کاتێک سەرنجی نموونەی ژمارە(٤٥.ا) دەدەین، دەبینین، پیاوەکە(TR) لەناو چوارچێوەیەکی داخراو دایە، کە زیندان (LM)ە، شێوەی پەیوەندی نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی

وەستاوی ئەم نموونەیەش بریتییە لە نەخشەی وێنەیی دەفر، بۆیە لەم دەوروبەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یەکێک لە واتاکانی ئامرازی بەندی (لە) بریتییە لە واتای (لەناو)، ئەگەر وا دابنێین کە لەم ڕستەیەدا بۆ یەکەمجار لەو دەوروبەرەوە بە واتای (لەناو)ی ئامرازی بەندی (لە) ئاشنا بووین، وەکو واتایەکی نوێ، پاشان بە تێپەڕبوونی کات و بە بەکارهاتنی واتا نوێیەکە لەبواری تر، وەکو لە نموونەی ژمارە (٤٥. ب)دا دیارە، مناڵەکە(TR) لەناو خەو(LM) دایە، خەویش حاڵەتێکی تایبەت و بوارێکی ئەبستڕاکتە، کەواتە لەنمونەی ژمارە (٤٥. ب)دا، ئامرازی بەندی (لە) بە واتای (لەناو) لە بوارێکی ئابستڕاکت بەکارهاتووە، بەبێ ئەوەی ئاخێوەری ئاسایی بیر لەو دەوروبەرە کۆنکرێتییە بکاتەوە، کە لەسەرەتادا واتاکەی لێوە وەگیراوە و پاشان لەڕێگەی مێتافۆڕەوە بۆ بوارە ئەبستڕاکتەکە گوازراوەتەوە.

مۆدێلی فرەواتای بنەمادار لێهاتووی خۆی لە شیکردنەوەی فراوانبوونی پۆلە لێکسیکییەکانی وەکو ئامرازە بەندەکان، ناوەکان، کارەکان و ...هتد، لە زمانەکانی ئینگلیزی، ڕوسی، یۆنانی و هتد، نیشاندا(ایوانز، ٢٠٠٧: ١٧٠) وەرگیراوە لە (بامشادی، ١٣٩٣: ٣٦).

پێوەرەکانی مۆدێلی فرەواتای بنەماداری تایبەت بە وشە

فرەواتاکانیش بریتیین لە:

**یەکەم: پێوەرەکانی دەستنیشان کردنی واتا جیاوازەکانی وشە فرەواتاکان:**

ئەیڤانس لە سالآنی (Evans, 2004: 93_94) و (Evans, 2005: 41) سێ پێوەر بە مەبەستی خستنەڕووی واتا جیاوازەکانی وشە فرەواتاکان دەخاتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

١. پێوەری واتایی:

بەپێی ئەم پێوەرە؛ بۆ ئەوەی واتایەک وەکو واتای جیاواز هەژمار بکرێت پێویستە واتایەکی زیادە لە واتا جیاوازەکانی تری پەیوەست بە وشەیەکی فرەواتا، لەخۆبگرێت.

٢. پێوەری فراوانبوونی چەمکی:

ئەم پێوەرە پەیوەندی بە فراوانبوونی چەمکی و سنوورداری هەڵبژاردنەکانی واتای وەرگیراوەوە هەیە.

٣. پێوەری ڕێزمانی:

بەپێی ئەم پێوەرەش، هەر واتایەک بۆ ئەوەی جیاوازبێت لەگەڵ واتاکانی تری وشەیەکی فرەواتا، پێویستە ڕەفتاری

ڕێزمانی جیاواز لەخۆیدا ئەنجام بدات.

بەپێی هەرسێ پێوەرەکەی سەرەوە وشەی (fly) لەم دوو نموونەیەدا دوو واتای جیاواز نیشاندەدەن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

46.a. The bird is flying. (in the sky) *چۆلەکەکە دەفڕێت.* (لە ئاسماندا)

b.The child is flying the kits. (in the brezze(لە هەوادا) *مناڵەکە کۆلارەکە دەفڕێنێت.*

کاتێک لەڕوانگەی هەرسێ پێوەرەکەوە سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە دەکەین، دەبینین، بەپێی پێوەری یەکەم، وشەی (fly) لە نموونەی (46.a)دا واتای (جولەی ئایرۆدینامیکaerodynamicی(بەبێ بەرەکەوتن لەگەڵ زەوی)بەخشیوە، کەچی لە نموونەی ژمارە(46.b)دا وشەکە بە واتای(چالاکیەکانی کاراagentیەک، کە توانای جولەپێکردنی توخمێکی ئایرۆدینامیکی هەبێت )دێت.

بەپێی پێوەری دووەمیش واتای نموونەی ژمارە(46.a) لەگەڵ توخمێکدا بەکارهاتووە، کە لە ئاسمانە و توانای خۆجولاندنself-propelledی هەیە، کە چۆلەکەیە، واتە ئەم واتا جیاوازە لەگەڵ توخمێکدا بەکارنایێت کە واتای

خۆجوڵاندنی نەبێت، بۆ نموونە، لەگەڵ (*تۆپەکە دەفڕێت)، کەچی لە نموونەی ژمارە (46.b)دا وشەی (fly) تایبەتە بە چالاکیەک کەلەلایەن کارایەکەوە لەسەر توخمێک ئەنجام دەدرێت.

هەروەها بەپێی پێوەری ڕێزمانیش، جیاوازی وشەی (fly) لە هەردوو ڕستەکەدا لەوەدایە، کە لە نموونەی(46.a)دا کاری (fly) لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕە و بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێت، کەچی لە نموونەی (46.b)دا تێپەڕە و بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت (Evans and green: 2006: 351).

**دووەم: پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی وشە فرەواتاکان:**

ئەیڤانس لە ساڵانی (Evans, 2004: 97) پێنج پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی وشە فرەواتاکان دەخاتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

١. یەکەمین واتای دانپێدانراو لەڕووی مێژووییەوە(بە پێی ئەو دەقانەی، کە لەبەردەستن).

٢. زاڵترین واتا لە تۆڕی واتاییدا

٣. توانای پێشبینی کردنی واتاکانی تری هەبێت.

٤. واتایەک، کەخاوەنی پێشینەیەکی زانینی قایلکەربێت.

٥. واتایەک، کەپەیوەندی بە ئەزموونی مرۆڤەوە هەبێت.

دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی باسی مۆدێلی فرەواتایی بنەمادارمان کرد و ئەو پێوەرانەمان خستەڕوو، کە ئەیڤان لە سالانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتی و واتا جیاوازەکانی هەر وشەیەکی فرەواتا خستبوویانەڕوو، لێرەشدا بەتایبەتی باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار و ئەو پێوەرانە دەکەین، کە تایلەر و ئەیڤانس لە ساڵی ٢٠٠٣ تایبەت بە دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای بنەڕەتی هەر ئامرازێکی بەند خستوویانەتەڕوو:

## ٢-١-٣-٢- مۆدێلی فرەواتای بنەمادار تایبەت بە ئامرازەبەندەکان:

ئەم مۆدێلە وەکو مۆدێلێکی زمانەوانیی زانینی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئەندێرا تایلەر و ڤیڤیان ئەیڤانس لە کتێبی (The Semantics of English prepositions)دا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتی و واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکان خرایەڕوو، بەپێی ئەم مۆدێلە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان واتای بنەڕەتی و واتا

جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکاندا هەیە(بامشادی و انصاریان، ۱۳۹۳: ۸۰)، ئەم مۆدێلەش ڕێگەیەکە بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندیە،

سەرهەڵدانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار لە دوای کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زانینی لە سەر ئامرازە بەندەکانەوە دێت، بە تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی جۆرج لاکۆف، برۆگمان، کرایتزێر و چەند زمانەوانێکی تر، کە چەند ساڵێک بەر لە هاتنەکایەوەی ئەم مۆدێلە لە سەر ئامرازی بەندی (over) لە زمانی ئینگلیزی ئەنجامیان دابوو و ڕاوبۆچوونی جیاوازی لە خۆگرتبوو، بۆ نموونە هەریەکە لە بۆچوونی دیاریکردنی گشتی(Full specification) لە لایەن لاکۆف و بۆچوونی دیاریکردنی بەشی(Partial specification) لە لایەن کرایتزێرەوە خرابوونەڕوو، لەبەر گرینگی هەردوو بۆچوونەکە و پەیوەندییداریان بە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار لێرەدا بە کورتی باسی هەریەکە لەو دوو بۆچوونە دەکەین:

**یەکەم: بۆچوونی دیاریکردنی گشتی:**

بەپێی ئەم بۆچوونە هەر واتایەکی جیاواز خاوەنی تۆپۆگرافیاییەکی جیاوازە و بەهۆی نەخشەیەکی وێنەیی جیاوازەوە نیشاندەدرێت، بە واتایەکی تر "لاکۆف واتا

جیاوازەکانی وابەستە بە ئامرازە بەندەکانی وەکو Over، کە ڕیشەکەی لە ئەزموونی بۆشاییدایە، لە سەر بنامای نەخشەی وێنەیی دیاردەکات(ایوانز و گرین، ١٣٩٨: ٤٤٠)، بۆ نموونە:

47.*The plane flew over.* *فڕۆکەکە فڕی بەسەر.*

لاکۆف پێی وایە لەم نموونەی سەروەدا ئامرازی بەندی over بە واتای(across- above) بەکارهاتووە، کە واتای بنەڕەتی ئامرازە بەندەکەیە.(بۆنەخشەی وێنەیی ئەم واتایە بڕوانە ٢-١-١).

پاشان ناوبراو (چوار) تایبەتمەندی بۆ ناوچەی وەستاو دەخاتەڕوو، کە بریتین لە:

١. فراوانی(ئاسۆیی) extended
٢. ستونی vertical
٣. بەریەککەوتن contact
٤. بەریەکنەکەوتن no contract( Lakoff, 1987: 420).

مەبەست لە خاڵی یەکەم فراوانبوونی ناوچەی وەستاوە بە ئاڕاستەی ئاسۆیی و خاڵی دووەم فراوانبوونی ناوچەی وەستاوە بە ئاڕاستەی ستونی، هەروەها مەبەست لە خاڵی

سێیەم و چوارەم بەریەککەوتن و بەریەکنەکەوتنی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاوە.

دواتر لاکۆف نەخشەی وێنەیی هەریەکە لەم نموونانەی خوارەوەی بەپشت بەستن بەم چوار تایبەتمەندییەی سەرەوە دەستنیشان دەکات:

48. *The bird flew over the yard.* *چۆلەکەکە بەسەر باخچەکەدا فڕی.*

49. *The plane flew over the hill.* *فڕۆکەکە بەسەر گردەکەدا فڕی.*


50. *The bird flew over the wall.* . *چۆلەکەکە بەسەر دیوارەکەدا فڕی*

51. *Sam drove over the bridge.* *سام(بە ئۆتۆمبێل) بەسەر پردەکەدا تێپەڕی.*

52. *Sam walked over the hill.* *سام(بە پێ) بەسەر گردەکە کەوەت.*

53. *Sam climbed over the wall*. ( Lakoff, 1987: ,(421- 422 ) *سام بەدیوارەکەدا سەرکەوت.*

لە نموونەی ژمارە (48)دا ناوچەی وەستاو تایبەتمەندی شێوەی ئاسۆیی هەیە و بەشێوەی ئاسۆیی فراوانبووە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دیارە:





هێڵکاریی ژمارە (١٤) فراوانبوونی ناوچەی وەستاو بەشێوەی ئاسۆیی

ئەگەر سەرنجی هێڵکاریی ژمارە (١٤)بدەین دەبینین، کە باخچەکە بەشێوەی ئاسۆیی فراوان دەبێت، هەروەها چۆلەکەکە کە تەنی جوڵاوە، هیچ بەریەککەوتنێکی لەگەڵ باخچەکەدا کە (ناوچەی وەستاوە) نییە.

لە نموونەی ژمارە (49)شدا ناوچەی وەستاو هەم بەشێوەی ستوونی و هەم بە شێوەی ئاسۆیی فراوان دەبێت، وەک لەم


هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (١٥) فرواونبوونی ناوچەی وەستاو بە شێوەی ئاسۆیی و ستونی

وەک لە هێڵکاریی ژمارە (١٥)دا دیارە گردەکە کە ناوچەی وەستاوە هەم بە ئاراسەتی ستوونی هەم بە ئاراستەی ئاسۆیی فراوان دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەریەککەوتنی لەگەڵ تەنی جوڵاودا هەبێت.


هەروەها لە نموونەی ژمارە(50)دا ناوچەی وەستاو بەشێوەی ستوونی فراوان بووە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (١٦) فراوانبوونی ناوچەی وەستاو بە شێوەی ستونی

کاتێک سەرنجی ئەم هێڵکارییەی سەرەوە دەدەیین، دەبینین، دیوارەکە بەشێوەی ستوونی فراوان بوە و بەرزبۆتەوە، بەڵام هیچ بەریەککەوتنێکی لەگەڵ چۆلەکەکە، کە تەنی جوڵاوە دانییە.


هەروەها لە نموونەی ژمارە(51)شدا ناوچەی وەستاو بە شێوەی ئاسۆیی فراوانبووە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ نموونەکانی پێشتر لەوەدایە، کە لە نموونەکانی پێشتر هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاودا نەدەبیندرا، بەڵام لەم نموونەیەدا بەریەککەوتن لە نێوان ئەو دوو توخمەدا هەیە، وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره (١٧) فروانبوونی ناوچەی وەستاو و بەرکەوتنی لەگەڵ تەنی جوڵاو

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا لەپاڵ ئەوەی ناوچەی وەستاو بەشێوەیەکی ئاسۆیی فراوانبووە، بەریەککەوتنیش لەنێوان سام وەکو تەنی جوڵاو و پردەکە وەکو ناوچەی وەستاودا دەبیندرێت.


لە نموونەی ژمارە (52)شدا ناوچەی وەستاو، جگە لەوەی بەریەککەوتنی لەگەڵ تەنی جوڵاودا هەیە، بە هەردوو ئاڕاستەی ستوونی و ئاسۆییش فراوانبووە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(١٨)دا دیارە:




هێڵکاریی ژماره (١٨)فراوانبوونی ناوچەی وەستاو بە ئاراستەی ستونیو ئاسۆیی و بەرکەوتنی لەگەڵ تەنی جوڵاو

لە هێڵکاریی ژمارە(١٨)شدا سام وەکو تەنی جولاو بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ گردەکە، کە ناوچەی وەستاوە، هەروەها گردەکەش وەکو ناوچەی وەستاو لەڕووی ستوونی و ئاسۆییەوە فراوان دەبێت.

لە نموونەی ژمارە(53)شدا هەست بەبەریەککەوتنی نێوان تەنی جوڵا و ناوچەی وەستاو دەکرێت، ناوچەی وەستاویش بە ئاڕاستەی ستوونی فراوان بووە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره (١٩) فراونبونی ناوچەی وەستاو و بەرکەوتنی لەگەڵ تەنی جوڵاو

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا سام وەکو تەنی جوڵاو بەریەککەوتنی لەگەڵ دیوارەکەدا هەیە، کە ناوچەی وەستاوە و بە ئاڕاستەی ستوونی فراوان دەبێت.
ئەمە جگە لەوەی لاکۆف گەورەو و بچووکی قەبارەی ناوچەی وەستاویشی  بە واتای جیاواز هەژمار دەکرد.

بۆچوونی دیاریکردنی گشتی لە لایەن زمانەوانەکانی وەکو ساندراو ڕایس و کرایتزێر ڕووبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١. بەم جۆرە شیکردنەوەیە واتایەکی بێ ژمار بۆ ئامرازی بەندی (over) دەستنیشان دەکرێت.

٢. هەروەها لەم جۆرە شیکردنەوەیەدا هەریەک لە ئامرازە

بەندەکانی وەکو (above, through, across)لە تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (دا) شوێنیان دەبێتەوە (بامشادی، ١٣٩٣: ٣٥).

بە بڕوای تایلەر و ئەیڤانس لاکۆف توشی هەڵەی فرەواتایی بووە (کرمی، ١٣٩٥: ٤٥)، مەبەست لە هەڵەی فرەواتایی ئەوەیە، کە لێکۆڵەر لەکاتی خستنەڕووی چەمکەکانی یەک وشەی فرەواتادا بە ڕادەیەک ڕووچووبێت، ئەو تۆڕە واتایەی، کە دەیخاتەڕوو ڕەنگدانەوەی بیری ئاخێوەرانی زمانەکە نییە (خانزادە، ١٣٩٢: ٤٧). جیاوازی بۆچوونی تایلەر و ئەیڤانس لەگەڵ لاکۆف لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تایلەر و ئەیڤانس شێوەی پەیکەربەندی نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو بە هاتنەکایەوەی واتای جیاواز دەزانن، لە کاتێکدا لاکۆف جیاوازی قەبارەی ناوچەی وەستاویشی بە واتای جیاواز هەژمار دەکرد.

**دووەم: بۆچوونی دیاریکردنی بەشی:**

بۆچوونی دیاریکردنی بەشی لە ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن کرایتزێرەوە پێشنیاز کراوە، کە تێیدا بەچەمککردنی دیمەنی بۆشایی لەسێ ئاستدا ئەنجامدراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئاستی توخمەپێکهێنەرەکان

٢. ئاستی پەیوەندی

٣. ئاستی یەکپارچەیی(Tyler and Evans, 2001: 728).

مەبەست لە ئاستی توخمەپێکهێنەرەکان بریتییە لە هەرسێ توخمی(تەنی جولاو، ناوچەی وەستاو و جوڵە)، هەروەها ئاستی پەیوەندیش بەریەککەوتن و بەریەکنەکەوتنی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو، لەگەڵ ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستوونی ناوچەی وەستاو دەگرێتەوە (بامشادی ، ١٣٩٣: ٣٥).

ڕوانینی کرایتزێر بۆ دەستنیشانکردنی واتای جیاوازەکانی ئامرازی بەند لەگەڵ لاکۆف جیاوازبوو و هەوڵیداوە سنورێک بۆ دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکان دابنێت، بۆنموونە کرایتزێر ئامرازی بەندی (over)ی لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا بەیەک واتای جیاواز هەژمار دەکرد، کەچی پێشتر لە لایەن لاکۆف بە دوو واتای جیاوازی هەژمار کرابوون:

54. a. The boy climbed over the wall. . کوڕەکە *بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت*

b. The Tennis ball flew over the wall.(Tyler and Evans, 2001: 728)

*تۆپی تێنسەکە بەسەر دیوارەکەدا فڕی.*

لە نموونەی ژمارە (54.a) دا کوڕەکە تەنی جوڵاوە و دیوارەکە ناوچەی وەستاوە و هەردووکیان بەریەککەوتنیان هەیە، هەروەها لە نموونی ژمارە (54.b)دا تۆپی تێنسەکە تەنی جوڵاوە و دیوارەکە ناوچەی وەستاوە، بەڵام بەپێچەوانەی نموونەی (54.a) هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاودا نییە، لاکۆف پێی وایە: لەبەر ئەوەی لە نموونەیی ژمارە (54.a) دا بەریەککەوتن لەنێوان تەنی جوڵاو و ناچەی وەستاودا هەیە و لە نموونەی ژمارە (54.b) دا بەریەککەوتن لە نێوان هەردوو توخمەکەدا نییە، بۆیە پێویستە هەردوو نموونەکەی سەرەوە بە دوو واتای جیاوازی ئامرازی بەندی (over) هەژماربکرێن، کەچی کرایتزێر بەکارهێنانی ئامرازە بەندەکە لە نموونەکانی سەرەوەدا بە یەک واتای جیاواز هەژمار دەکات، چونکە پێی وایە هەردوو نموونەکە یەک شێوەی پەیکەربەندییان لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاودا نواندووە.

هەبوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر (واتا جیاوازەکانی) ئامرازە بەندەکان لە لایەک و نەبوونی هیچ پێوەرێکی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی هەر

ئامرازێک لە لایەکی ترەوە ڕێگەخۆشکەربوو لە بەردەم هاتنەکایەوەی مۆدێلی فرەواتای بنەمادااران لە لایەن تایلەر و ئەیڤاسەوە (کرمی و یوسف راد، ١٣٩٧: ٨٨)، بە واتایەکی تر ئەم مۆدێلە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە هاتەکایەوە، کە نەبوونی هیچ پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئامرازەبەندەکان دروستی کردبوو، کە ببووە هۆی ئەوەی ڕاوبۆچونی جیاواز سەبارەت بە واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکان بخرێتەڕوو، واتە لە تێڕوانینەکانی پێشتردا ڕێگەیەکی دیاریکراو و سنووردار بۆ دەستنیشانکردنی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکان نەبوو، ئەمەش بۆتە جێگەی تێڕامان لە لایەن هەندێک لە زمانەوانە زانینیەکانی تر، بە تایبەتی زمانەوانەکانی وەکو (ئەیڤانس، تایلەر و گرین، هتد)؛ ئەیڤانس و تایلر بۆ یەکەمینجار ئەوەیان ئاشکراکرد، کە لە تێڕوانینەکانی پێشتر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(over)، زمانەوانان پشتیان بە سەرنجی تایبەتی خۆیان بەستووە و واتای بنەڕەتی فۆڕمێکی زمانیان هەڵبژاردووە، بە واتایەکی تر واتاسازە زانینیەکان هەمیشە لە سەر دەستنیشانکردنی واتای پێشنموونەیی پۆلەکان ناکۆکیان هەبووە، بۆ نموونە جۆرج لاکۆف واتای (above-across) ی وەکو واتای

پێشنموونەیی بۆ ئامرازی (over) دەستنیشان دەکات، کەچی کرایتزێر(Kreitzer) لەم دوایانەدا واتای (above)ی وەکو واتای پێشنموونەیی بۆ ئامرازەکە دەستنیشان کردووە(Evans and Green, 2006: 342، بەڵام تایلەر و ئەیڤانس پێیان وایە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتی چەند بنەمایەکی تایبەتی خۆی هەیە و واتا جیاوازەکانیش لە واتای بنەڕەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن(رضوان و خانزادە، ١٣٩٣: ٦٠)، بۆیە ناکرێت هەر واتایەک کە لە دەوروبەری جیاوازدا بێتە ئاراوە بە واتایەکی جیاواز هەژماربکرێت(بامشادی و انصاريان، ١٣٩٣: ٨٠)، بەڵکو پێویستە واتا جیاوازەکان لە سەر بنەمای چەند پێوەرێکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێن. ئەوەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار خرایەڕوو(بامشادی و هاوکارانی، ١٣٩٥: ٦٢)، کە " هەوڵیانداوە وێنەیەکی کۆنترۆڵکراو لە فرەواتاییدا بە دەست بێنن"(کەرمی، ١٣٩٥: ٤٦)، بە واتایەکی تر ئەیڤانس و تایلەر بەمەبەستی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای بنەڕەتی هەر ئامرازێکی بەند چەند پێوەرێکیان پێشنیاز کردووە. بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئامرازەبەندەکان:**

تایلر و ئیڤانس لە ساڵی ٢٠٠٣، دوو پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئامرازەبەندەکان دەخەنەڕوو، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. بۆ ئەوەی واتایەک بە واتایەکی جیاواز هەژمار بکرێت، پێویستە واتایەکی جیاواز لە واتاکانی تر لە خۆبگرێت، ئەم واتا جیاوازەش پێویستە پەیکەربەندی (شێوە) (configuration)ی جیاواز لە نێوان تەنی جوڵاو وناوچەی وەستاودا نیشانبدات.

٢. پێویستە واتا جیاوازەکان لە دەوروبەردا سەربەخۆبن(Tyler and Evans, 2003: 42-45)، واتە نابێت واتا جیاوازەکان بە دەوروبەرەوە بەندبن، بۆ نموونە:

55. *a. The hummingbird is hovering over the flower.*

*باڵندەکە(باڵندەیەکی ئەمریکی گیزگیزکەرە) لەسەر گوڵەکە وەستاوە.*

*b. The helicopter is hovering over the city.*

*هەلیکۆپتەرەکە لەسەر شارەکە وەستاوە.*

کاتێک سەیری ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە دەکەین دەبینین (over) لە نموونەی (55.a) دا پەیوەندیەکی بۆشایی(فەزایی) لە نێوان TR(چۆلەکەکە) و LM (گوڵەکە) دیاریدەکات، بە جۆرێک کە چۆلەکەکە لە سەرەوەی گوڵەکەیە، هەروەها لە نموونەی (55.b)یشدا بە هەمان شێوە(over)پەیوەندیەکی بۆشایی لە نێوانTR(فڕۆکەکە) و LM(شارەکە)دیاریدەکات، کە فڕۆکەکە لەسەرەوەی شارەکەیە، کەواتە بەپێی پێوەری یەکەم بێت ئەمانە دوو واتای جیاوازنین، چونکە هەردوو نموونەکە یەک پەیوەندی بۆشایی لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو بەکۆد دەکەن(ایوانز و گرین، ١٣٩٨: ٤٥٢-٤٥٣)، ئەمە لە کاتێکدایە، کە جۆرج لاکۆف وەکو دوو واتای جیاواز سەیری نموونەکانی سەرەوەی دەکرد، چونکە وەکو پێشتریش باسکرا لاکۆف بچوکترین جیاوازی ئەندازەیی نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاوی بە واتایەکی جیاواز هەژماردەکرد و پێی وابوو هۆکاری ئەو واتا جیاوازانەی نموونەکانی (55.a)و(55.b) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە نموونەی(55.b)، ناوچەی وەستاو کە شارەکەیە بەرفراوانترە لە ناوچەی واستاوی نموونەی (55.a)کە گوڵە، (کرمی، ١٣٩٥: ٤٥)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە پەیڕەوەی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار

دەكەین، بۆیە واتای (over) لە هەردوو نموونەكەدا بە یەك واتای جیاواز هەژمار دەكەین، چونكە لەگەڵ پێوەری یەك ناگونجێت.

ئێستاش بۆ ئەوەی زیاتر لە پێوەری دووەم بگەین سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدە:

56. *a. Joan nailed a board over the hole in the celling.* *جان تەختەیەكی(بە بزمار) لەسەر كونی بنمیچەكەدا.*

*b. Joan nailed a board over the hole in the wall.* *جان تەختەیەكی (بە بزمار)لەسەر كونی دیوارەكەدا.*

كاتێك سەیری ئەم دوو نموونەی سەرەوە دەكەین، دەبینین هەردوو نموونەكە، دوو شێوەی پەیوەندی جیاواز لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو دەخەنەڕوو، بە جۆرێك لە ڕستەی (56.a)دا پەیوەندی نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو ئاسۆییە(horizontal)، كەچی لە نموونەی (56.b)دا پەیوەندیەكە ستوونیە(vertical)، بەڵام لە هەردوو شێوەكەدا تەختەكە كونێكی داپۆشیوە، كەواتە داپۆشین(covering)بە یەكێك لە واتا جیاوازەكانی ئامرازی (over)هەژمار دەكرێت، ئێستا با بزانین بە پێی پێوەری دووەم واتای داپۆشین لەدەوروبەر وەرگیراوە یاخود نا لە نموونەی (56.a)دا پەیوەندی بۆشایی لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو

به (لەژێر)below بەکۆد کراوە، وەک تەختەکەTR لە واقعدا لەژێر کونی بنمیچەکەLMدایە بەڵام لە نموونەی(56.b)دا پەیوەندیەکە بە (لەتەنیشت)next to، واتە(تەختەکەTR لە تەنیشت کونی دیوارەکەLMیە) بەکۆد کراوە، بەڵام لە هەردوو ڕستەکەدا تەختەکە کونەێکی داپۆشیوە، بۆیە هیچ هۆکارێکی دەوروبەر نەبۆتە هۆی هەڵێنجانی واتای داپۆشین(Tyler and Evans, 2003: 43-44)، کەواتە (over) لەم نموونانەی سەرەوەدا هەم خاوەنی واتایەکی زیادەیە بەپێی پێوەری یەکەم، هەمیش ئەو واتایە لە دەوروبەردا ئازادانە ڕەفتار دەکات، بۆیە دەکرێت واتای داپۆشین بە یەکێک لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (over) هەژمار بکەین.

**دووەم: پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان:**

هەروەها (Tyler and Evans, 2003: 47-50) ئەم پێوەرانە بۆ دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان دەخەنەڕوو:


١. یەکەمین واتای دانپیانراو(تأییدکراو)، بەواتایەکی تر کۆنترین واتای هەر ئامرازێکی بەند دەکرێت وەکو واتای

بنەڕەتی هەژماربکرێت(بە پێی ئەو دەقانەی، کە لەبەردەستن).

٢. زاڵترین واتا لە تۆڕیی واتاییدا، هەر تۆڕێکی واتایی چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەڵام لە ناویاندا واتایەک هەیە، کە لە هەموو واتاکانی تر زاڵترە، چونکە دەکرێت لە ناو هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەستی پێ بکرێت.

٣. بەکارهێنانی لە پێکهاتەی لێکدراوەدا، واتە ئەو واتایەی، وەکو واتای بنەڕەتی هەڵدەبژێردرێت دەبێت لە پێکهاتەی لێکدراویشدا بەهەمان واتا بەکاربێت.

٤. پەیوەندیی هەبێت لەگەڵ ئامرازە بەندەکانی تردا، هەندێک لە ئامرازە بەندەکان بەسەرەنجدان لە بەکارهێنانیان کۆمەڵەیەکی لێکدراو یان بەرانبەری پێکدێنن و هەریەکە لە ئەندامەکانی کۆمەڵەکە لایەنێکی بۆشایی نیشاندەدات، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئامرازە بەندەکانی ( above, over, under and below) کۆمەڵەیەک پێکدێنن و ڕەهەندی ستونی بۆ چواربەش دابەش دەکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٢٠) کۆمەڵەی ئامرازە بەندەکانی ڕەهەندی ستونی (Tyler and Evans, 2003: 130)

واتای هەریەکە لەو ئامرازە بەندانەی، کە لە هێڵکاریی ژمارە (٢٠)دا هاتوون بە بەراورد لەگەڵ واتای ئەندامەکانی تری ناو گروپەکە پێناسە دەکرێت، هەروەها واتای هەریەکە لە ئەندامەکانی ناو گروپەکە دەتواندرێت وەکو واتای بنەڕەتی ئامرازە بەندەکە هەژمار بکرێت(خانزادە، ١٣٩٢: ٥١).

٥. پێشبینی ڕێزمانی، واتای بنەڕەتی دەبێت توانای ئەوەمان پێبدات، پێشبینی ئەوە بکەین، کە واتا جیاوازەکان لە واتای بنەڕەتی وەرگیراون(Tyler and Evans, 2003: 47-50)، ئەو پێشبینیانەش بە سەرەنجدان لە بەڵگە زمانییەکان تاقیدەکرێنەوە، ئەگەر بتوانین دەستنیشانی بکەین، کە واتا جیاوازەکانی یەک وشە  بە تێپەڕبوونی کات لە واتایەکی

بنەڕەتییەوە وەرگیراوە و پاشان بونەتە یەکێک لە واتا جیاوازەکانی ناو تۆڕی واتایی وشەکە، ئەوا دەتوانین پێشبینی بکەین، کە ژمارەیەکی زۆر  لە واتا جیاوازەکانی یەک وشە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە واتای بنەڕەتیی وشەکەوە وەرگیراون، واتە هەر واتایەک، کە ڕاستەوخۆ لە واتای بنەڕەتیی وشەکە  وەرنەگیرابێت ئەو لە یەکێک لەو واتایانە وەرگیراوە کە پێشتر لە واتای بنەڕەتییەوە وەرگیراوە(خانزادە، ١٣٩٢: ٥٢)

 دواتر (ایوانز و گرین، ١٣٩٨: ٤٥٥) هەندێک گۆڕانکاری لەم پێوەرانەدا دەکەن و پێوەرەکان بۆ (٤) پێوەر کەم دەکەنەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

١. سەرەتاییترین واتای دانپێنراو.
٢. زاڵترین واتا لە تۆڕی واتاییدا.
٣. پەیوەندی لەگەڵ ئامرازە بەندەکانی تردا.
٤. ئاسانی پێشبینی کردنی فراوانبوونی واتایی.

مەبەست لە پێوەری یەکەم دەستنیشانکردنی یەکەمین واتا لە ڕووی مێژووییەوە کە بەکارهاتووە، هەروەها پێوەری دووەم جەخت لەسەر زاڵیەتی واتای بنەڕەتی دەکاتەوە و لە تۆڕی واتاییدا چەقی تۆڕەکە دەگرێت و واتا

جیاوازەکانی تریش  لە واتای بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرن، هەرچی پێوەری سێیەمە ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەبێت ئەو واتایە پەیوەندی لەگەڵ واتای ئامرازەکانی تریشدا هەبێت، بۆ نموونە، واتای (over) لەگەڵ هەریەکە لە واتاکانی ( below, under, above)لە پەیوەندی بۆشایی دایە، کۆتا پێوەریش جەخت لەسەر ئاسانی پێشبینی کردنی فراوانبوونی واتاکە دەکاتەوە، چونکە هەرچەندە پێشبینی کردنەکە ئاسانتربێت ئەوا واتاکە لە واتای بنەڕەتی نزیکتر دەبێتەوە، کە وادەکات واتاکە باشترین نموونەی تۆڕەکە بێت.

## ٢-١-٣-٣- پێشدیمەن (Proto-scene):


پێشدیمەن نواندنێکی ئەبستراکت و ئایدیاڵی پەیکەربەندی جیهانی ڕاستییە، لە جیهانی فیزیکی دا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و لە ئاوەزی مرۆڤدا وەکو چەمکێکی ئەبستراکت تۆمارکراوە (Tyler and Evans, 2003: 52)، بەواتەیەکی تر پێشدیمەن بریتییە لە پەیکەربەندیی واتای بنەڕەتیی هەر وشەیەکی فرەواتا، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەبستڕاکت لە بەرانبەر جیهانی فیزیکی و ئەزموونەکانی وەری دەگرێت و لە ئاوەزیدا دەمێنێتەوە.

زمانەوانە زانینییەکان لە شیکردنەوەی تۆڕی واتاییی وشە

فرەواتاکاندا پێشدیمەن وەکو بنچینە و بناغەی هەر تۆڕێکی واتایی دیاری دەکەن (کرمی، ١٣٩٢: ٥٣) و لە هەر تۆڕێکی وشەیەکی فرەواتادا واتا جیاوازەکانی پەیوەست بە وشەکە هەڵسوکەوت لەگەڵ پێشدیمەندا دەکەن(خانزادە، ١٣٩٢: ٥٢).

هەروەها لە هەر پێشدیمەنێکیشدا دوو توخم بەرچاو دەکەوێت، کە بریتین لە تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو، کە شێوەی هەڵکەوتنیان لەگەڵ یەکتر دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی واتای جیاواز، بۆ نموونە ئەم هێلکارییەی خوارەوە بریتییە لە پێشدیمەنی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (in)، کە لە ڕستەی ژمارە (57)دا بەدەستی هێناوە:

57. *The cat is in the box.* *پشیلەکە لەناو سندوقوکەدایە.*



(Tyler and Evans, (in) هێڵکاریی ژمارە (٢١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی
2003: 52)

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا پێشدیمەنی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(in) خراوەتەڕوو، کە تێیدا پشیلەکە(TR) بەشێوەی بازنەیەکی ڕەشکراو لەناو سندوقێک(LM)دایە، کە لە شێوەی چوارگۆشەیەکی ڕەشی تۆخکراودایە.

## ٢-٢- ئامرازی بەند:

لەم تەوەرەدا؛ لەسەرەتا لەڕوانگەی زانینییەوە ئامرازی بەند دەناسێنین، پاشان هەر لەو ڕوانگەیەوە ئامرازەبەندە کوردییەکان و جۆرەکانی دەخەینەڕوو، بەمشێوەیەی خوارەوە:

## ٢-٢-١- ئامرازی بەند لەڕوانگەی زانینییەوە:

ئامرازی بەند (adposition) زاراوەیەکی گشتییە بەمەبەستی ئاماژەدان بە هەردوو زاراوەی پێشبەند (preposition) و پاشبەند(postposition) بەکاردێت، بە واتایەکی تر ئامرازی بەند کۆکراوەی هەردوو زاراوەی پێشبەند و پاشبەندە. ئامرازە بەندەکانیش لەگەڵ فرێزە ناوییەکان دێن و فرێزی بەند پێکدێنن[٧]، هەرکاتێک ئامرازە بەندەکە لەپێش فرێزە ناویەکەوە هات پێی دەوترێت پێشبەند، بەڵام لەهەندێک زماندا ئامرازە بەندەکان دەکەونە دوای فرێزە ناویەکەوە، بۆیە پێیان دەوترێت پاشبەند (Evans and Green, 2006: 489).

زمانەوانە زانینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئامرازە بەندەکان پەیوەندی نێوان دوو بابەت(X) و(Y)[٨]دەخەنەڕوو، بەجۆرێک (Y) ئەو فرێزە ناویەیە، کە لەگەڵ ئامرازە بەندەکە فرێزی بەند پێکدێنێت، لە کاتێکدا (X) بریتییە لە توخمێک یان زیاتر کە لە پێش ئامرازە بەندەکەوە دێت، ئامرازە بەندەکانیش بە سوود وەرگرتن و گەڕانەوە بۆ (Y) شوێنی (X) دەستنیشان دەکەن(گلفام و هاوکارانی، ١٣٨٨: ٧١)،


هەروەها زمانەوانە زانینییەکان بە مەبەستی ناساندنی

ئامرازە بەندەکان لە چەندین ڕووەوە هەوڵی پێناسەکردنیان داوە بۆ نموونە هەندێک پێیان وایە " ئامرازی بەند ئەو توخمە زمانیەیە، کە بۆ پیشاندانی شوێن و پێگەی شتێک لە بەرانبەر شتێکی تر بەکاردێت"(پارسا بامشادی و هاوکارانی، ١٣٩٦: ٢٤)، بە واتایەکی تر " ئامرازە بەندەکان پەیوەندی نێوان تەنی جولاو(TR) و ناوچەی وەستاو(LM) نیشاندەدەن"(دهقان، ١٣٩٧: ٧-٨ )، واتە هەر ئامرازێکی بەند بە شێوەیەکی ئاسایی پەیکەربەندی نێوان دوو توخم نیشاندەدات"(بامشادی و هاوکارانی، ١٣٩٣ :٨١)، توخمەکانیش هەمیشە یەکێکیان جوڵاوە، بۆیە پێی دەڵێن تەنی جوڵاو، لە بەرانبەر ناوچەیەک کە وەستاوە، بۆیە پێی دەڵێن (ناوچەی وەستاو). بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕستەدا ئەو توخمەی، کە لەپێش ئامرازی بەند دێت تەنی جوڵاوە و ئەوتوخمەی، کە لەدوای ئامرازی بەند دێت، ناوچەی وەستاوە(بامشادی، ١٣٩٣: ٤٣)، بۆ نموونە:

*٥٨. نەوزاد لە هەولێرە.*

لەم نموونەیەدا (نەوزاد)، تەنی جوڵاوە بۆیە لەپێش ئامرازی بەندی (لە) هاتووە، هەروەها (هەولێر) ناوچەی وەستاوە، بۆیە لە دوای ئامرازی بەند هاتووە.

بەڵام پێویستە بزانین، کە شێوەی هەڵکەوتنی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو بڕیار لەسەر دەستنیشانکردنی واتای ڕستەکە دەدات، چونکە زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت دوو دەربڕین دوو ناوەرۆکی یەکسان، یاخود دوو پەیوەندیی بۆشایی یەکسانیان دەبێت، بەڵام دوو واتای جیاواز لە خۆدەگرن، بۆ نموونە هەرچەندە ئامرازە بەندەکانی (above) و (below) دوو پەیوەندی بۆشایی یەکسان لە نێون تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاودا نیشان دەدەن، بەڵام هاوواتانین، چونکە شوێنی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو لە پەیکەربەندیەکەدا دەگۆڕن، وەک ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٢٢) پەیکەربەندی ئامرازە بەندەکانی (below) و(above)
(Langacker, 2008: 71)

لە هێڵکاریی ژمارە(٢٢)دا دوو پەیکەربەندی بەهۆی

هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی (above)و(below)ەوە لەنێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاودا خراونەتەڕوو؛ لە هەردوو پەیکەربەندیەکەدا (X) لەسەر (Y)یە، بەڵام هەریەکە لەو دوو پەیکەربەندیە واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەو واتا جیاوازانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە لە (A)دا (X) تەنی جوڵاوە و (Y)ی ناوچەی وەستاوە، بەڵام لە (B)دا (Y) تەنی جوڵاوە و (X) ناوچەی وەستاوە، هەروەها لە (A) سود لە ئامرازی بەندی (above) وەرگیراوە، بەڵام لە (B) سود لە ئامرازی (below) وەرگیراوە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی جۆری ئامرازە بەندەکانیش لە هەریەک لەو دوو پەیکەربەندیەدا، ئەوا دەوروبەری گوتنە بڕیار لە سەر هەڵبژاردنی جۆری ئامرازە بەندەکە دەدات(بامشادی، ١٣٩٣: ٤٣)، چونکە کاتێک کەسێک پرسیار لە بارەی شتێکەوە دەکات، ئەوا گوێگر بۆ وەڵامدانەوەی سوود لە ئامرازێکی بەندی دیاریکراو وەردەگرێت، بۆ نموونە:

59. *Where is the lamp?* *چراکە لە کوێیە؟*

*a. The lamp (TR) is above the table (LM).*

*چراکە لەسەر مێزەکەیە.*

*b. ?The table (TR) is below the lamp (LM).*

*؟مێزەکە لەژێر چراکەیە.*

60.*Where is the table?* *مێزەکە لە کوێیە؟*

*a. The table (TR) is below the lamp (LM).*

*مێزەکە لەژێر چراکەیە.*

b. ?The lamp (TR) is above the table (LM).(Langaker, 2008:71). *؟چراکە لەسەر مێزەکەیە.*

کاتێک سەرنجی ئەم نموونانەی سەرەوە دەدەین، دەبینین، کە دەوروبەری گوتنە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئامرازەبەندەکە دەدات، بە واتایەکی تر ئەوە دەوروبەری گوتنە ئەو بارودۆخە دەڕەخسێنێت، کە کاتێک کەسێک پرسیار لەبارەی کەرەستەیەکی دیاریکراو دەکات، گوێگر ناچاربێت بۆ وەڵامدانەوەی ئامرازێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت، بۆ نموونە لە نموونەی ژمارە(59)دا قسەکەر دەپرسێت (lamp) لەکوێیە، گوێگر ناچارە لە وەسفی پەیکەربەندی ژمارە (22.a)دا سود لە ئامرازی بەندی (above) وەربگرێت، هەروەها کاتێک قسەکەر پرسیار لە بارەی (table) دەکات، گوێگر ناچارە لە

وەسفی پەیکەربەندی (22.b)دا  سود لە ئامرازی بەندی (below) وەرگریێت.

هەروەها ئامرازە بەندەکان لەڕووی جوڵە(داینامیک)یی و وەستاویەوە دەکرێنە دوو جۆر، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١.  ئەو ئامرازە بەندانەی، کە ئاماژە بە شوێنێکی وەستاو دەکەن پێیان دەوترێت ئامرازە بەندە وەستاوەکان.

٢. ئەو ئامرازە بەندانەی، کە ئاماژە بە (سەرەتای شوێنێک)، (شوێنی مەبەست) و (ڕێگە) دەکەن پێیان دەوترێت ئامرازەبەندە جوڵاوەکان( یوسف راد، ١٣٨٧: ١٢٢)، هەڵبەتە ئامرازە بەندە جوڵاوەکان لەگەڵ ئەو  کارانەدا بەکاردێن، کە جوڵەیان تێدایە، بەم شیوەیەی خوارەوە:

ئامرازی بەندی وەستاو: ٦١. *ا. چۆلەکەکە لەسەر کەپرەکەیە.*

*ب.؟ چۆلەکەکە بەسەر کەپرەکەیە.*

ئامرازی بەندی جوڵاو: ٦٢. *ا. چۆلەکەکە بەسەر کەپرەکەدا فڕی.*

*ب. ؟چۆلەکەکە لەسەر کەپرەکەدا فڕی.*

کاتێک سەرنجی نموونەکانی سەرەوە دەدەین، دەبینین لە نموونەی(٦١)دا ئەو ڕستەیە پەسەندە، کە  ئامرازێکی بەندی وەستاوی تێدایە، چونکە ڕستەکە هیچ جوڵەیەکی تێدانییە، بەڵام لە نموونەی (٦٢)دا ئەو ڕستەیە پەسەندە. کە ئامرازێکی بەندی جوڵاوی تێدایە، هەروەها لەگەڵ ئامرازەکەش کارێکی جوڵەیی لەڕستەکەدا دەبینرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو نەخشەی وێنەییەیە، کە لە بیری هەر مرۆڤێکدا دروست دەبێت.

لە واتاسازیی زانینیدا  ئامرازە بەندەکان بە یەکێک لەو کەرەستە زمانیانە هەژماردەکرێن، کە فەرەواتان و چەندین واتای جیاواز واتا لەخۆدەگرن، بۆنموونە:

63. *a. The puppy is in the box. تولە سەگەکە لەناو سندوقەکەیە*

*b. She is in love. ئەو عاشقە*

*c. Ok class put your chairs in a circle باشە، قوتابییەکان کورسیەکانتان بەشێوەی بازنەیی دابنێن.*

*d. She cut the pie in half. ئەو شیرینیەکەی کردە نیوە.*

لەهەریەک  لەم نمونانەی سەرەوەدا ئامرازی بەندی (in) چەمکێکی جیاوازی گەیاندووە، بەجۆرێک لە نموونەی ژمارە(63.a)دا ئامرازەکە چەمکی دەفری هەیە، لە نموونەی ژمارە(63.b)دا چەمکی بارودۆخێکی تایبەتی گەیاندووە، لە نموونەی ژمارە (63.c)دا ئامرازەکە ئاماژە بە شێوەیەکی ئەندازەیی(بازنە) دەکات و لە نموونەی ژمارە (63.d)دا نیشاندەری دابەشبوونی شتێکە(Evans and tyler, 6 :2004)، هەر لەم بارەیەوە لێکۆلەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تائێستا لە بارەی فرەواتایی ئامرازە بەندەکانەوە ئەنجامدراون، دەرکەوتووە، کە هەموو واتا جیاوازەکانی یەک ئامرازی بەند بە شێوەیەکی زۆر ڕێک و ڕێکخراو لە یەک سەرچاوەوە هەڵقولاون، کە واتای بنەڕەتییە ( بامشادی، ١٣٩٣: ٤١)، بۆیە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکان بەدیدەکرێت و واتاکانی هەر ئامرازێک وەکو هەر کەرەستەیەکی تری فرەواتا لەڕێگەی مێتافۆڕەوە فراوان دەبن(خانزادە، ١٣٩٢: ٥٦)، ئاراستەی فراوان بوونەکانیش بەزۆری لە بوارێکی فیزیکییەوە بۆ بوارێکی ئەبستراکت دەبێت(راسخ و نسیفە، ١٣٩٢: ٩٨)، کە بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەمیشە لە زیادبووندان، بۆیە"لۆژیکیە ئەگەر وا دابنێین

وشەیەکی وەکو (in)، لە ڕابردوودا خاوەنی واتای کەمتر بووە بە بەراورد بە ئەمڕۆ"(بامشادی، ١٣٩٣: ٣١)، بەواتایەکی تر تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکان بەردەوام لە فروانبوون دان.

بەرلەوەی لە ڕوانگەی زانینییەوە باسی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بکەین و جۆرەکانی بخەینەڕوو، بەپێویستی دەزانین، چاوێک بەو لەو لێکۆڵینەوانەدا بخشێنینەوە، کە پێشتر لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە لەسەر ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون[٩] و سەرنجی خۆمان لەوبارەیەوە بخەینەڕوو.

## ٢-٢-٢- ئەولێکۆڵینەوانەی لە ڕوانگەی زانینییەوە لەسەر ئامرازە بەندە کوردییەکان ئەنجام دراون:

بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە ئێمە بۆ بابەتەکە کردومانە تاوەکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ڕوانگەی زانینییەوە بە زمانی کوردی لەسەر ئامرازە بەندە کوردیەکانەوە ئەنجامنەدراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەزمانی فارسیە و ژمارەیەکی کەمی ئامرازە بەندە کوردییەکان لە خۆدەگرێت، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو لێکۆڵینەوانە و بۆچوونی خۆشمان لەو بارەیەوە بخەینەڕوو:

هەرچەندە لێکۆڵەران چەند لێکۆڵینەوەیەکیان لەڕوانگەی زانینییەوە بە زمانی فارسی لەسەر هەندێک لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامداوە، بەڵام تەنیا دوو لەو لێکۆڵینەوانە لەبارەی ئامرازە بەندەکانی زاری ناوەڕاست کراون، هەڵبەتە ئەوانیش تەنیا (سێ) لە ئامرازە بەندەکانی زاری ناوەڕاست لەخۆدەگرن. بەشێوەیەکی گشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی فارسی لەسەر ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون بریتین لەمانەی خوارەوە:

بامشادی لە ساڵی ١٣٩٣(٢٠١٤ز) هەریەک لە ئامرازەبەندەکانی (wæ læ, æra, ta, wæl)ی لە شێوەزاری گۆران لە چوارچێوەی ماستەرنامەکەیدا، بەناونیشانی(بررسی حروف اضافه در کردی گورانی در چارچوب معناشناسی شناختی) خستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و هەوڵی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتی و واتا جیاوازەکانی هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی شێوەزاری گۆرانی داوە، پاشان بۆ هەر یەک لە ئامرازە بەندەکان تۆڕێکی واتایی خستۆتەڕوو.

دواتر (عزیزی و خوشخوونژاد، ١٣٩٥) لێکۆڵینەوەیەکیان بە هاوبەشی بە ناونیشانی(کاربرد حرف اضافه lá در کردی

مکریانی در الگوی شناختی )بلاوکردوه؛ لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەیاندا بە پێناسەکردن و دابەشکردنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بۆ دوو دەستە(ساد و نسادە)[١٠] دەستپێدەکەن پاشان هەوڵیانداوە ئامرازی بەندی (لە) لەڕوانگەی زانینییەوە شیبکەنەوە و بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک واتا جیاوازەکانی ئامرازەکەیان دەستنیشان کردووە.

هەروەها کەرەمی لەچوارچێوەی ماستەرنامەکەیدا هەریەک لە ئامرازە بەندەکانی (bo,bæ,læ) لە زاری ناوەڕاست بەپێی واتاسازیی زانینی شیکردۆتەوە و تێیدا دوای دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکان و دابەشکردنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوری بۆ دوو جۆری سادە و نسادە، زۆرێک لەو ئامرازە بەندانەی ڕەتکردۆتەوە ، کە پێشتر هەندێک زمانەوانان بە ئامرازی بەندیان داناوە، لە ئەنجامدا تەنها کەرەستەکانی (بە، بۆ، لە، دە، تا، بێ، لەگەڵ) بە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی هەژماردەکات(کرمی، ١٣٩٥: ٦١). لە کۆتاییشدا تۆڕی واتایی هەریەک لەو سێ ئامرازە بەندانەی خستۆتەڕوو.

سەرەڕای بوونی چەندین تێبینی لە سەر زۆربەی ئەو

دابەشکردنانەی ، کە پێشتر لە لایەن لە زمانەوانانەوە خراونەتەڕوو، هەڵوەستەکردن لەسەر بۆچوونەکانی سعیدی کەرەمی بە پێویست دەزانین، چونکە تاکە کەسە، کە لە ڕوانگەی زمانەوانیی زانینییەوە هەوڵی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی دابێت.

سعیدی کەرەمی لە دوای خستنەڕووی ئەو ئامرازە بەندانەی، کە لە لایەن هەریەک لە (ئەدمۆنز، کوردۆییڤ و سامولین) دەستنیشان کراون، (چوار) پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ئامرازەبەندەکان دەخاتەڕوو[١١]، پاشان هەوڵدەدات بە پێی ئەو چوار پێوەرە، ئەو ئامرازە بەندانە هەڵبسەنگێنێت، کە لەلایەن ئەدمۆنز، کوردۆییڤ و سامولین خرابوونەڕوو لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە ئامرازە بەندەکان ڕەتدەکاتەوە و پێی وایە ئەمانە ئامرازی بەند نین، بۆیە تەنیا گروپێکی بچووک وەکو ئامرازی بەند دەهێڵێتەوە و وەکو ئامرازی بەند ڕایاندەگەیەنێت.

ڕەتکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کەرسەتانەی کە پێشتر وەکو ئامرازی بەند هەژمارکرابوون بەو پێوەرانەی، کە لە لایەن سعیدی کەرەمیەوە خراونەتەڕوو لە لایەک و تێڕوانینی قوتابخانەی زانینی بۆ ئامرازە بەندەکان لە لایەکی

ترەوە، چەند سەرنج و تێبینییەک لە لایەن توێژەر گەڵاڵە دەکات، کە بریتیین لە:

١. سەعیدی کەرەمی لە دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکان پشتی بە پێوەرە زانینییەکان نەبەستووە.
٢. مەرج نیە ئەو کەرەستە زمانیە تەنیا ئەرکی ئامرازی بەند ببینن، وەکو چۆن سەعیدی کەرەمی ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو زۆرجار لە دەوروبەری تردا ئەرکی تری، وەک (ئاوەڵکار)یش دەبینن .

٣. سعیدی کەرەمی لە هێنانەوەی نموونەکاندا بە هەڵەدا چووە، چونکە ئەو نموونانەی ناوبراو هێناویەتیەوە، ناتوانن نوێنەرایەتی ئەو ئامرازە لێکدراوانە بکەن، کە زمانەوانەکانی تر باسیان لێوە کردووە، بۆ نموونە سەعیدی کەرەمی نموونەی (٦٤. بنی گۆزەکە *کونە*)ی هێناوەتەوە و دەیەوێت بڵێت، (بن) سەرەڕای ئەوەی، کە پێشتر وەکو ئامرازی بەند دەستنیشانکراوە، ئەوەتا لە ڕێگەی (ی)ی خستنەسەر فراوان دەکرێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە (بن) لە نموونەکەی سەعیدی کەرەمیدا ئامرازی بەند نیە، بەڵکو ناوە و ڕۆلی (سەرە)ی فرێزی ناوی بینیوە، بۆیە ئاساییە کەرەستەکە فراوان بکرێت، بە واتایەکی تر (بنی گۆزەکە) بە شێکە لە گۆزەکە، ئەمەش

جیاوازە لە ئامرازی بەندی ناسادە (لەبن)، کە لە نموونەی ژمارە (٧٤)دا ئاماژەی پێ کراوە:

٦٥. ئاوەکە لەبن گۆزەکە دێت.

جیاوازی نێوان نموونەکانی (٦٤) و (٦٥) لە وێنەی ژمارە(٣)دا خراوەتەڕوو:





وێنەی ژمارە(٣) جیاوازی نێوان بنی گۆزەکە کونە. و ئاوەکە لەبن گۆزەکە دێت.

لە نموونەی ژمارە(٦٤)دا (بن) سەرەی فریزی ناوییە و بەشێکە لە گۆزەکە، کەچی لە نموونەی ژمارە (٦٥)دا (بن) بەشێکە لە ئامرازە بەندە لێکدراوەکە و پەیوەندی نێوان ئاوەکە(TR) و گۆزەکە(LM) دەخاتەڕوو، بە واتایەکی تر (بن) بەبێ (لە) ناتوانێت پەیوەندی لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی

وەستاودا دروست بكات.

٤. لە نموونەی((*٦٦. ماڵ هاوسێکەمان لە ماڵی ئێمە سەرترە*))(کەرەمی، ١٣٩٥ : ٦٠)دا، کە (سەرتر/ لەسەرتر)ی وەکو کەرەستەیەک هێناوەتەوە، کە گوایە زمانەوانەکانی پێشتر بە ئامرازی بەندیان دا ناوە، بەڵام لە بەر ئەوەی (تر)ی وەرگرتووە، بۆیە سەعیدی کەڕەمی بە پێی یەکێک لە پێوەرەکان ڕەتی دەکاتەوە کە ئامرازی بەند بێت، بەڵام دیسان ناوبراو ئاگاداری ئەوە نیە، کە ئەو (سەر)ەی، کە ئەو بەکاریهێناوە ئامرازی بەند نیە، بەڵکو ناوە و ئەرکی ئاوەڵکاری بینیوە، چونکە کەرەستەکانی (سەر، ژێر ناو و هتد) "لەبنەڕەتدا ناوی شوێنن دەمێک دەبنە ئاوەڵکاری شوێن، کە جێگەی ڕوودانی کردارەکە دیاری بکەن"(حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٣٥)، بۆیەش ئاساییە (تر)ی بەراورد وەربگرن، بەڵام لەگەڵ کەرتێکی ئامرازی بەندی ناسادەدا یەک فۆرمیان هەیە(هاوبێژن)، چونکە هەم ئامرازی بەند سود لەو ناوانە وەردەگرێت و ئامرازی بەندی لێکدراوی پێ دروست دەکات هەمیش ئاوەڵکار سودیان لێ وەردەگرێ و ئاوەلکاری شوێنیان پێ دروست دەکات، هەروەها ئامرازی بەندی (لەسەر) وێنەیەکی ستونی نیشاندەدات، کەچی ئەو

کەرەستەی سەعیدی کەرەمی لە نموونەکەی هێناویەتیەوە لە ڕووی فیزیکیەوە وێنەیەکی لار نیشاندەدات، بەم شێوەی خوارەوە:



وێنەی ژمارە (٤) سەر (ئاوەڵکاری شوێن)

ڕاستی ئەم بۆچوونە زیاتر لەو کاتانەدا دەردەکەوێت، کە ئامرازەکە بەهۆی مێتافۆرەوە فراوان دەکرێت و واتایەکی ئەبستراکت دەبەخشێت، بۆ نموونە:

٦٧. ا. لە سەر توێژینەوەکەم کاردەکەم.

ب. * لە سەرتر توێژینەوەکەم کاردەکەم.

کاتێک سەیری ئەم نموونەی سەرەوە دەکەین ، دەبینین (لەسەر) بە هیچ شێوەیەک (تر)ی بەراود وەرناگرێت.

هەروەها ئامرازی بەند هەمیشە پێویستی بە تەواوکەرێک(فرێزی ناوی) هەیە بۆ ئەوەی فرێزی بەند پێکبێنێت، بەڵام ئاوەڵکار پێویستی بەتەواوکەرنییە، بۆ نموونە:

٦٨. ا. من *لەسەر دارەکەم*. (ئامرازی بەندی = لەسەر)

ب. * *من لەسەرم.*

٦٩. من *لە سەرترم*. (سەر= ئاوەڵکار)

لە نموونەی ژمارە (٦٨. ا)دا (لەسەر) ئامرازێکی بەندی ناسادەیە و فرێزی ناوی (دار)ی وەرگرتووە و فرێزی بەندی پێکهێناوە، بۆیە کاتێک لە نموونەی (٦٨.ب)دا فرێزە ناویەکە دەکرتێ، دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی، بەڵام لە نموونەی ژمارە(٦٩)دا ئامرازە بەندەکە سادەیە و بریتیە لە ئامرازی بەندی (لە) و تەواوکەرەکەی بریتیە لە وشەی (سەر)، کە ئەرکی ئاوەڵکاری بینیوە و پێویستی بە کەرەستەی تر نیە.

مسعود دهقانیش لە ساڵی ١٣٩٧(٢٠١٨ز)توێژینەوەیەکی بچوکی لەسەر هەریەک لە ئامرازەبەندەکانی ( /wæpi wæ/ læ/ wægærd/)لە شێوەزاری کەلهوڕیدا ئەنجامداوە و تێیدا هەوڵی دەستنشانکردنی واتای بنەڕەتی و واتا

جیاوازەکانی هەریەک لەو ئامرازە بەندانە داوە، پاشان بۆ هەرئامرازێک تۆڕێکی واتای جیاوازی خستۆتەڕوو.

## ٢-٢-٣- دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی زانینییەوە:

بە پشت بەستن بەو پێناسانەی، کە لەسەر بنەمای قوتابخانەی زانینی بۆ ئامرازە بەندەکان خرانەڕوو، هەوڵی دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکان و جۆرەکانی لە زمانی کوردی دەدەین.

لە پێناسەکانی زانینیدا ئەوە خرایەڕوو، کە هەر ئامرازێکی بەند پەیوەندی لە نێوان تەنی جوڵاوTR و ناوچەی وەستاوLMدا دروست دەکات، واتە بۆئەوەی کەرەستەیەک وەکو ئامرازی بەند هەژماربکرێت، مەرجە پەیوەندی(پەیکەربەندی) لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو دروستبکات؛ هەر لەم سۆنگەیەوە دەتوانین هەریەکە لە کەرەستە زمانیەکانی(بە، بۆ، لە، تا، ە، ێ، لەگەڵ، بێ، لەسەر، لەتەنیشت/لەکن/لەتەک/لەپاڵ/ لەلا، بەسەر، لەناو، بەناو، لەژێر/لەبن، لەپشت، لەپاش، لەپێش، بەژێر، بەتەنیشت، بەناو، بەپێش، بەپشت، بۆسەر، بۆناو، بۆژێر، بۆ تەنیشت،

بۆپشت، بۆ پاش، بۆ پێش، تاسەر، تاناو، تاژێر، تا تەنیشت، تاپشت، تاپاش، تا پێش، ە-سەر، ە- ناو، ە-ژێر، ە-تەنیشت،ە-پشت، ە- پاش و ە- پێش) وەکو ئامرازی بەندی زمانی کوردی ڕابگەینین. دەتوانین ئامرازە بەندەکان لە دوو ڕووەوە بۆ دوو پۆلی جیاوازدابەش بکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

## ٢-٢-٣-١- ئامرازە بەندەکان لەڕووی پێکهاتەوە:

ئامرازە بەندکان لەڕووی پێکهاتەوە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێن، بەمشێوەی خوارەوە:

١. ئامرازەبەندە سادەکان:

ئامرازە بەندە سادەکانی زمانی کوردی بریتین لە: (بە، بۆ، لە، تا، ە، ێ، لەگەڵ، بێ)

٢. ئامرازە بەندە نادەسادەکان:

هەر ئامرازێکی بەندی نادەسادە لە ئامرازێکی بەندی سادە و ناوێکی وەکو (ژێر، سەر، تەنیشت، کن و... هتد) پێکدێت، بەم شێوەی خوارەوە:

(ئامرازێکی بەندی سادە+ ناو)

لە+ سەر= لەسەر

بە+ تەنیشت= بە تەنیشت

کەواتە ئامرازە بەندە ناسادەکانیش لە زمانی کوردیدا بریتین لە: (لەسەر، لەتەنیشت/لەکن/لەتەک/لەپاڵ، لەناو، لەنێوان، لەژێر/لەبن، لەپشت، لەپاش، لەپێش، بەسەر، بەژێر، بەتەنیشت، بەناو، بەپێش، بەپشت، بەنێوان، بۆسەر، بۆناو، بۆژێر، بۆ تەنیشت، ،بۆپشت، بۆپاش، بۆ پێش، بۆنێوان، تاسەر، تاناو، تانێوان، تاژێر، تا تەنیشت، تاپشت، تاپاش، تا پێش، ە-سەر، ە- ناو، ، ە-نێوان، ە-ژێر، ە- تەنیشت، ە-پشت، ە- پاش، ە- پێش). هەردوو جۆری ئامرازە بەندە سادەکان و ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

| ئامرازە بەندە سادەکان | ئامرازە بەندە ناسادە |
|---|---|
| بە، بۆ، لە، تا، ە، ێ، لەگەڵ | لەسەر، لەتەنیشت/لەکن/لەتەک/لەپاڵ، لەناو، لەنێوان، لەژێر/لەبن، لەپشت، |

| | |
|---|---|
| لەپاش، لەپێش، بەسەر، بەژێر، بەتەنیشت، بەناو، بەپێش، بەپشت، بەنێوان، بۆسەر، بۆناو، بۆژێر، بۆ تەنیشت، ،بۆپشت، بۆپاش، بۆ پێش، بۆنێوان، تاسەر، تاناو، تانێوان، تاژێر، تا تەنیشت، تاپشت، تاپاش، تا پێش، ە-سەر، ە- ناو، ، ە-نێوان، ە-ژێر، ە- تەنیشت، ە- پشت، ە- پاش، ە- پێش | |

خشتەی ژمارە (٣) ئامرازە بەندە کانی زمانی کوردی

هەڵبەتە زمانەوانان ئاماژە بەوەدەکەن، کە وشەکانی (ژێر، سەر، تەنیشت، کن و... هتد) لە بنەڕەتدا ناوی شوێنن(کۆڕی زانیاری، ٢٠١٨:٢٤٦)، بەڵام کاتێک کە لەگەڵ ئامرازێکی بەندی سادەدا دێن، ئەوا ئامرازێکی بەندی ناسادە دروست دەکەن، ئەمەش لە ئەنجامی پرۆسەی بە ڕێزمانی بوونەوە هاتۆتەکایەوە، بۆیە هەریەک لە کەرەستەکانی (ژێر، سەر، تەنیشت، کن و هتد)، هەم وەکو ناو دەردەکەون هەمیش وەکو بەشێک لە ئامرازی بەندی ناسادە، ڕاستی ئەم بۆچوونە لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٧٠. ا. *چۆلەکەکە لەسەر دارەکەیە.*

*ب. چۆلەکەکە لەسەرەوەیە.*

کاتێک سەرنجی ئەم دوو نموونەی سەرەوە دەدەین، دەبینین لە هەردوو نموونەکەدا دوو فرێزی بەند هەیە، بە جۆرێک لە نموونەی (ا.٧٠)دا فرێزەکە لە ئامرازێکی بەندی ناسادە و فرێزێکی ناوی پێکدێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

ئامرازی بەندی ناسادە(لە+سەر)+ فرێزێکی ناوی(دار)= فرێزی بەند(لەسەر دار)

بەڵام لە نموونەی ژمارە (٧٠.ب)دا فرێزەکە لە ئامرازێکی بەندی سادە و فرێزێکی ناوی پێکدێت، بەمشیوەیەی خوارەوە:

ئامرازی بەندی سادە(لە)+ فرێزێکی ناوی(سەرەوە)= فرێزی بەند(لەسەرەوە)

کەواتە لە نموونەی ژمارە (ا.٧٠)دا ئامرازە بەندەکە ناسادەیە و بریتییە لە ئامرازی بەندی (لەسەر) و وشەی (سەر) بەشێکە لە ئامرازە بەندەکە، کەچی لە نموونەی ژمارە (٧٠.ب)دا ئامرازە بەندەکە سادەیە و بریتییە لە ئامرازی

بەندی (لە) و (سەرەوە)ش فرێزێکی ناوییە و لەگەڵ ئامرازەکە فرێزێکی بەندییان پێکهێناوە، چونکە:

١. لەنموونەی ژمارە(١.٧٠)دا کەرەستەی زمانی (لەسەر) نە پاشکۆ وەردەگرێ(*چۆلەکەکە لەسەرەوە/دا دارەکەیە) و نە ئامرازی خستنەسەریش وەردەگرێت، وەک: (*چۆلەکەکە لە سەری دارەکەیە)، چونکە پاشکۆ تایبەتە بە ناو و ئامرازی خستنە سەریش، سەرەی فرێزی ناوی پێ فراوان دەکرێت، بۆیە ئەگەر لە نموونەی (١.٧٠)دا پاشکۆ زیاد بکرێت یان فرێزی ناوی فراوان بکرێت، ئەوە ناوەکەی دوای ئامرازەکە، پاشکۆ وەردەگرێت یان فراوان دەکرێت، وەک:

٧١. ا. *چۆلەکە کە لەسەر دارەکەوە بۆسەر خانوەکە فڕی.*

*ب.چۆلەکەکە لەسەر دارێکی گەورەیە.*

لە نموونەکانی (١.٧١)دا دارەکە پاشکۆی وەرگرتووە، نەک ئامرازە بەندەکە هەروەها لە نموونەی ژمارە(٧١.ب)دا دارەکە فراوان کراوە، نەک ئامرازە بەندەکە.

بەڵام لە نموونەی ژمارە (٧٢)دا لەبەر ئەوی کەرەستەی(سەر) فرێزی ناویە، بۆیە هەم پاشکۆی وەردەگرتووە و هەمیش

فراوان دەکرێت، وەک:

٧٢. *چۆلەکەکە لەسەرەوەی دار سنەوبەرەکەیە.*

هەروەها وشەی (سەرەوە) لە نموونەکانی سەرەوە، دەکرێت وەکو دیارخەریش بۆ فریزێکی ناوی زیاد بکرێت، وەک:

٧٣. چۆلەکەکە لەسەر دارەکەی سەرەوەیە.

٢. هەردوو ڕستەکە لە ڕووی واتاوە لە یەکتر جیاوازن، چونکە نمونەی ژمارە(٧٠.ا) ئاماژە بە چۆلەکەیەک دەکات، کە بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر دارێک وەستاوە، کەچی نموونەی ژمارە (٧٠.ب) ئاماژە بە چۆلەکەیەک دەکات، کە لە لای سەرەوەیە و شوێنەکەی نادیارە، کە مەرج نییە بەشێوەی ستوونی بێت.

٣. لە نموونەی ژمارە (٧٠.ب)دا وشەی (سەر) و پاشکۆی (ەوە) بە جۆرێک بەیەکەوە لکاون، کە لە هەندێک شوێندا لە یەکتر جیاناکرێنەوە(بە پرۆسەی بەلێکسیم بووندا تێپەڕیوەن)، بۆیە وەکو ناو مامەڵە دەکەن و پاشکۆیەکی تر(ڕا) وەردەگرن، بۆ نموونە:

١.٧٤. *لە سەرەوەڕا بۆی وەرە.*

ب. *لەنموونەکەی سەرەوەدا ئاماژەم پێ کردووە.*

لە نموونەی ژمارە (١.٧٤) دا وشەی (سەر) و پاشکۆی(ەوە) وەکو ناوێکی سەربەخۆ مامەڵەیان کردووە و پاشکۆی (ڕا)یان وەرگرتووە، بەڵام ئەمە بۆ نموونەی ژمارە(١.٧٠) ڕێی پێنادرێت، هەروەها لە نموونەی ژمارە (٧٤.ب)شدا وشەی (سەرەوە)، کە لە (سەر) و (ەوە) پێکدێت، وەکو یەک کەرەستەی زمانی(ناو) مامەڵەی کردووە و پاشکۆی (دا)ی وەرگرتووە.

فرێزە بەندەکانیش لە ئەرکی ڕێزمانی دا( Gramatical function) ئەرکی ئاوەڵگوزارە(Adverbal function) دەبینن و بە هەمان شێوەی ئاوەڵکار ڕەفتار دەکەن( Evans and Green, 2006: 489)[١٢]، بۆ نموونە:

٧٥. پەرتوکەکە لەسەر مێزەکەیە.

فرێزەبەندەکە بریتییە لە(لەسەر مێزەکە) کە لە ئامرازێکی بەندی سادە و فرێزێکی ناوی پێکهاتووە و ئەرکی ئاوەڵگوزارەی بینیوە.

هەر کاتێک ئەو ناوەی کە لە دوای ئامرازە بەندەکانی (بە، لە) دێت، بە جێناوێکی لکاو جێگیر کرا، شێوەیان دەگۆڕێت بۆ (لێ، پێ، تێ)(ئەمین، ٢٠٠٤: ٤٤)، بۆیە هەندێک لە لێکۆلەران پێیان وایە ئەمانە لە ئامرازی بەندبوون سڕاونەتەوە و بونەتە پێشگر (کەرەمی، ١٣٩٦: ١٥٩)، چونکە دەوریان لەناو وشەدا (حصر) دەبێت، نەک لە ناو ڕستە(کۆڕی زانیاری، ٢٠١٨: ٢٦٥).

## ٢-٢-٣-٢- ئامرازە بەندکان لەڕووی وەستاوی و جوڵاوییەوە:

هەروەکو پێشتر باسمان کرد ئامرازە بەندەکان هەندێکیان جوڵاون و هەندێکیان وەستاون، هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت تەواوی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بە هەردوو جۆرەکەیەوە (سادە و ناسادە) بۆ دوو پۆڵ دابەش بکرین، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. **ئامرازەبەندە وەستاوەکان:** ئامرازە بەندە وەستاوەکانیش دەکرێنە دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا. ئامرازەبەندە سادەکان: بریتین لە: (لە، لەگەڵ)

ب. ئامرازە بەندە نسادەکان: بریتین لە: (بەبێ، لەسەر، لە تەنیشت/لەکن/لەتەک/لەپاڵ، لەناو، لەژێر/لەبن، لەنێوان، لەپشت، لەپاش و لەپێش).

٢. **ئامرازەبەندە جوڵاوەکان**: ئامرازە بەندە جوڵاوەکانیش بەهەمان شێوەی ئامرازە بەندە وەستاوەکان دەکرێنە دوو جۆر، کە بریتین لە:

ا. ئامرازەبەندە سادەکان: بریتین لە: (بۆ، بە، تا، ە، ێ).

ب. ئامرازە بەندە نسادەکان: بریتین لە: (بەسەر، بەژێر، بەتەنیشت، بەناو، بەنێوان، بەپێش، بەپشت، بۆسەر، بۆناو، بۆنێوان، بۆژێر، بۆ تەنیشت، بۆپشت، بۆپاش، بۆپێش، تاسەر، تاناو، تانێوان، تاژێر، تاتەنیشت، تاپاش، تاپشت، تاپێش، ە- سەر، ە- ناو، ە-نێوان، ە-ژێر، ە- تەنیشت، ە-پشت، ە- پاش و ە- پێش).

تەواوی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لەڕووی جوڵاوی و وەستاویەوە لەم خشتەیەدا دەخەینەڕوو:

| ئامرازە بەندە وەستاوەکان | | ئامرازەبەندە جولاوەکان | |
|---|---|---|---|
| سادە | ناسادە | سادە | ناسادە |
| لە، لەگەڵ | بەبێ، لەسەر، لە تەنیشت/لەکن/لەتەک/لەپاڵ، لەناو، لەژێر/لەبن، لەنێوان، لەپشت، لەپاش و لەپێش | بۆ، بە، تا، ە، ێ | بەسەر، بەژێر، بەتەنیشت، بەناو، بەنێوان، بەپێش، بەپشت، بۆسەر، بۆناو، بۆنێوان، بۆژێر، بۆ تەنیشت، بۆپشت، بۆپاش، بۆپێش، تاسەر، تاناو، |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | تانێوان،<br>تاژێر،<br>تاتەنیشت،<br>تاپاش،<br>تاپشت،<br>تاپێش، ە-<br>سەر، ە-<br>ناو، ە-<br>نێوان، ە-<br>ژێر، ە-<br>تەنیشت، ە-<br>پشت، ە-<br>پاش و ە-<br>پێش |

خشتەی ژمارە(٤) ئامرازە بەندە وەستاوەکان و ئامرازە بەندە جولاوەکان

## ٢-٢-٤- ئامرازی بەند و پاشکۆکانیان:

پاشکۆ بریتییە لەو کەرەستە زمانیانەی، کە لەگەڵ هەندێ لە ئامرازە بەندەکانەوە دێن و بە دواوەی ئەو فرێزە ناویانەوە دەلکێن، کە لەگەڵ ئامرازە بەندەکەدا فرێزی بەند

پێکدێنن، بە واتایەکی تر هەندێ لە ئامرازە بەندەکان لە هەندێ دۆخی تایبەتدا پاشکۆ وەردەگرن (شوانی، ٢٠٠٣: ٤٧). سەبارەت بە زاراوەکەش، زمانەوانان چەندین زاراوەی جیاوازییان بۆ کەرەستەکە بەکارهێناوە، وەک زاراوەکانی پاشگرsuffix (Edmonds, 1955: 494)، پاشکۆ(کوردۆییڤ، ١٩٨٤: ٣١٨)، تەواوکەر (کۆڕی زانیاری، ٢٠١٨: ٢٦٢)، پاشکۆ(شوانی، ٢٠٠٣: ٤٧)[١٣]، دولابەند circumposition(بۆ ئامرازەکە و پاشکۆکە)(دبیر مقدم، ١٣٩٣: ٦٠٢) و نیشانەی/گیرەکی دۆخ نوێن (کرمی، ١٣٩٦: ١٤٦)، لەم لیکۆلینەوەشدا زاراوەی پاشکۆ بەکاردێنین، چونکە ئەو کەرەستانە وەکو پاشکۆ بە دواوەی هەندێ لە فرێزە بەندەکانەوە دەلکێن.

هەندێک لە ئامرازە بەندەکانی وەکو (بە، بۆ، لە، ە، لەگەڵ، لەسەر بەسەر و .. هتد) لە هەندێ دۆخی بەکارهێناندا پاشکۆ وەردەگرن و پاشکۆکان بە دواوەی ئەو ناوەوە دەلکێن، کە لەگەڵ ئامرازەبەندەکەدا فرێزی بەند پێکدێنن، پاشکۆکانیش بریتین لە: (ەوە/ ڕا، دا) (شوانی، ٢٠٠٣: ٤٧_ ٤٨)، بۆ نموونە:

١. بە: ەوە: وەک: ٧٦. *بەخۆ و بە کوڕەوە لێرەیە.*

٢. ە: ەوە: وەک: ٧٨. *دیوارەکە دەکەوێتە خوارەوە.*

٣. لە: ەوە: وەک:٧٩. *لە دهۆکەوە/ ڕا بۆ کەرکوک چەند کیلۆمەترە؟*

٤. لەگەڵ: دا: وەک: ٨٠. *لەگەڵ ئێمەدا هەڵ ناکات.*

٥. . لەسەر: ەوە: وەک: ٨١. *کوڕەکە لەسەر بەردەکەوە خۆی فڕێدا ناو ئاوەکە.*

٦. بەناو: وەک: ٨٢. *بەناو ئاوەکەدا وەرە.*

*٧. بەسەر:٨٣. بەهێواشی بەسەر پردەکەدا بڕۆ.*

لەم نموونانەی سەرەوەدا هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی (بە، ە، لە، لەگەڵ، لەسەر، بەناو و بەسەر) پاشکۆیان وەرگرتووە، چونکە ئەو ناوەی، کە لە دوای ئامرازە بەندەکەوە هاتووە، لە دۆخێکی تایبەت دایە.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد هۆکاری دەرکەوتنی ئەم پاشکۆیانەی سەروەش پەیوەندی بەدۆخەوە هەیە، بۆیە پێویستە بزانین دۆخ چییە؟ جۆرەکانی چین؟ و هۆکاری دەرکەوتنی پاشکۆکان لەگەڵ ئەم ئامرازە بەندانەدا پەیوەندی بە چ دۆخێکەوە هەیە؟

کاتێک کەرەستە زمانییەکان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بەکاردێن، بە پێی ئەوچەمکەی، کە ئاماژەی بۆ دەکەن یان بە پێی ئەو ئەرکە ڕێزمانییەی کە لە ڕستەکەدا وەریدەگرن، هەندێکجار گۆڕانکاری بە سەر فۆڕمیاندا دێت، ئەم گۆڕانکاریانەش پێیان دەگوترێت دۆخ.

دۆخیش بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆر:

١. دۆخی ڕێزمانی:

دۆخی ڕێزمانی " بریتییە لەو گۆڕانکارییەی کە بەهۆی ئەرکی فرێزی ناوی لە ڕستەدا لە کۆتاییەکەی ڕوودەدەن " (سلیڤانەیی، ٢٠٠١: ٣٥ )، بە واتایەکی تر دۆخی ڕێزمانی چەند حالەتێکی ڕێزمانی جیاوازە، کە بەهۆیەوە ناو دەکەوێتە دۆخێکەوە یان مارکەی لێ دەدرێت، یان مارکەی لێ نادرێت، دۆخی ڕێزمانیش دەکرێتە (شەش)جۆر[١٤] و لە هەر جۆرێکدا ناو کۆمەڵێک مۆرفیمی تایبەت یاخود بارودۆخێکی ڕێزمانی تایبەت وەردەگرێت، بۆ نموونە: ناوی نێر لە دۆخی بانگکردندا مۆرفیمی (ە) وەردەگرێت، وەک: کوڕە، خاڵە و ...هتد. هەروەها ناوی مێ لە دۆخی بانگکردندا مۆرفیمی (ێ) وەردەگرێت، وەک: کچێ، پورێ و ...هتد.

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە "لە کوردی خواروودا

له نیدا (vocative)دا نەبێت جنس جیاناکرێتەوە "(عمر ئەمین، ٢٠٠٤: ١٦٠) بەواتایەکی تر له زاری ناوەڕاستدا جگە لە دۆخی بانگکردن نیشانەکانی دۆخی بە تەواوی لەدەستدراوە[١٥]. لەبەرئەوەی دۆخی ڕێزمانی پەیوەندی بە دەرکەوتنی پاشکۆکانەوە نییە بۆیە بە پێویستی نازانین درێژەی پێ بدەین.

٢. دۆخی واتایی:

لەم دۆخەدا ناو هەریەکە لە پاشکۆکانی (ەوە/ ڕا، دا)وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بەدۆخی ڕێزمانیەوە هەبێت، بەڵکو هۆکاری وەرگرتنی پاشکۆکان پەیوەندی بە واتاوە هەیە، بۆیە پێی دەوترێت دۆخی واتایی(کرمی، ١٣٩٦: ١٣٦)، کەواتە ئەگەر هاتوو هۆکاری دەرکەوتنی دۆخێکی تایبەت ڕێزمان بوو ئەوە پێی دەوترێت دۆخی ڕێزمانی، بەڵام ئەگەر هۆکاری دەرکەوتنی دۆخێکی تایبەت واتا بوو ئەوا پێی دەوترێت دۆخی واتایی.

ئەو ناوانەی، کە دۆخی واتایی وەردەگرن زیاتر چەمکی(شوێنی) لەخۆدەگرن و گوزارشت لە شوێنێکی تایبەت دەکەن، بۆیە " ئەگەر یەک شت ئیرادەی شوێنی لێ بکرێت ئەوا ئەم دۆخ نوێنانە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر هەمان شت

ئیرادەی ئامراز یەن هەر مانایەکی تری لێ بکرێت ئەوا وەریان ناگرێت"(کرمی، ١٣٩٦: ١٤٦)، بۆ نموونە:

٨٤. ا. *ئێمە بە پاس هاتین.*

ب. *جانتاکە لە پاسەکەدایە.*

کاتێک سەرنجی ئەم دوو نموونەی سەرەوە دەدەین، دەبینین، لە نموونەی ژمارە (٨٤.ا)دا (پاس) بە واتای ئامرازێک هاتووە، بۆیە هیچ نیشانەیەکی دۆخی وەرنەگرتووە، بەڵام لە نموونەی ژمارە (٨٤.ب)دا (پاس) چەمکی شوێن(دەفر)ی هەیە، بۆیە نیشانەی دۆخی (دا)ی وەرگرتووە.

دۆخی شوێنییش دەکرێتە چوار جۆر(blake, 2004: 151) بەمشێوەی خوارەوە:

١. شوێن

٢. سەرچاوە و سەرەتا

٣. ئامانج

٤.جوڵە

لە زمانی کوردیدا هەریەکە لەم چوار دۆخەی سەرەوە بەرچاو دەکەوێت و پاشکۆکانی (ەوە/ ڕا، دا)وەردەگرن،

بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. شوێن: لەم دۆخەدا ئامرازە بەندەکە پاشکۆی (دا) وەردەگرێت، وەک:

*٨٥. ئازاد لەو خانوەدا دەژی.*

٢. سەرچاوە و سەرەتا: لەم دۆخەدا ئامرازە بەندەکە پاشکۆی (ەوە/ ڕا) وەردەگرێت، وەک:

*٨٦. لەمنەوە/ڕا دەستپێبکە.*

٣. ئامانج: لە دۆخی ئامانجیشدا ئامرازە بەندەکە پاشکۆی (ەوە) وەردەگرێت، وەک:

*٨٧. بڕۆ بۆ ماڵەوە.*

٤. جوڵە: لەم دۆخەشدا بەهامان شێوەی دۆخی شوێن ئامرازە بەندەکە پاشکۆی (دا)وەردەگرێت، وەک:

*٨٨. دوێنێ بە شەقامەکەدا تێپەڕیم.*

کاتێک سەرنجی نموونەکانی سەرەوە دەدەین، دەبینین تەنانەت ئامرازە بەندە وەستاوەکانیش لەو کاتەی، کە ئاماژە بە دەسپێکی جوڵەی کەرستەیەک(تەنی جوڵاو) لە شوێنێکی دیاریکراو(ناوچەی وەستاو) دەکەن، ئەوا پاشکۆی (ەوە)

وەردەگرن.

هەروەها هەندێ لە ئامرازە بەندەکان لە چەمکی لکانیشدا پاشکۆی (ەوە) وەردەگرن، وەک:

*٨٩. مێشێک بە دیوارەکەوەیە.*

ئامرازە بەندەکان لەوکاتەنەشدا پاشکۆ وەردەگرن، کە ئاماژە بە چەمکی کات یان هەر چەمکێکی تری ئەبستڕاکت دەکەن، کە چەمکی شوێنیان تێدایە، بۆ نموونە:

*٩٠. ا. لە ئێستادا هیچ کارێک ناکەم.*

*ب. لە بەیانییەوە لە ڕێگەین.*

*پ. تۆ لە خەیاڵدا دەژی.*

لە نموونەکانی سەرەوەدا هەریەکە لە وشەکانی (بەیانی، ئێستا و خەیاڵ)، کە چەمکی ئەبستڕاکتن پاشکۆیان وەرگرتووە، چونکە هەرسێ چەمکەکە لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی مێتافۆڕەوە لە کەرەستەی کۆنکریتی وەرگیراون، کە چەمکی شوێنیان تێدابووە، بۆ نموونە وشەی (ئێستا) بەهەمان شێوەی شوێنە کۆنکرێتییەکان خاوەنی نەخشەی وێنەیی دەفرە، کە لە بیری مرۆڤدا هەیە، بۆیە پاشکۆی (دا)ی وەرگرتووە، واتە (ئێستا) وەکو دەفرێکی ئەبستراکت بەچەمککراوە کە

کەرەستەی تری تێدەکرێت، بەواتایەکی تر لە نموونەی ژمارە (٩٠.أ)دا من تەنی جوڵاوە و لەناو (ئێستا)دایە، کە ناوچەی وەستاوە و چەمکێکی ئەبستڕاکتە، (ئێستا)ش بەهۆی میتافۆڕەوە لە کەرەستەیەک وەرگیراوە، کە کۆنکریتیە و لە شێوەی دەفردایە. لە نموونەی ژمارە (٩٠.ب)شدا وشەی (بەیانی) چەمکێکی ئەبستڕاکتە و بەهۆی میتافۆڕەوە لە کەرەستەیەکی کۆنکریتی وەرگیراوە، کە خاوەنی نەخشەی وێنەیی جوڵەیە و ئاماژە بە دەستپێک و سەرچاوەی شتێک دەکات، بۆیە لێرەدا (ئێمە) تەنی جوڵاوە و (بەیانی) ناوچەی وەستاوە و ئاماژە بە سەرچاوەی دەستپێکردنی کاتی گەشتی تەنی جوڵاو(ئێمە) دەکات. هەروەها لە نموونەی(٩٠.پ)شدا (خەیاڵ) چەمکێکی ئەبستڕاکتە و بە هۆی میتافۆڕەوە لە کەرەستەیکی کۆنکریتی وەرگیراوە، کە خاوەن نەخشەی وێنەیی دەفرە، بۆیە پاشکۆی (دا)ی وەرگرتووە، واتە (ئارام)، کە تەنی جوڵاوە لە ناو (خەیاڵ) دایە، کە ناوچەی وەستاوە و لە شێوەی دەفردایە.

هەرچەندە پاشکۆکان نیشانەیەکن بۆ ناسینەوەی چەمکی شوێنی، بەڵام لەبەر چەند هۆیەیک ناتواندرێ لە دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکاندا پشتیان پی ببەسترێ، چونکە:

١. دۆخ بەگشتی لە زاری ناوەڕاستدا بەرەوە نەمان دەچێت، بۆیە زۆرجار دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی پاشکۆکان گۆڕانکاری لە واتادا دروست ناکەن، بۆنموونە:

*٩١. ا. لە مزگەوتدا دەخەوم.*

*ب. لە مزگەوت دەخەوم.*

کاتێک سەرنجی ئەم دوو نموونەی سەرەوە دەدەین، دەبینین هەردوو نموونەکە نموونەی تەواون و لە هەردوو نموونەکەدا ئامرازی بەندی (لە) چەمکی لەناو شوێن(دەفر)ی هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە، لە نموونەی ژمارە(٩١.ا)دا ئامرازەکە پاشکۆی (دا)ی هەیە و لە نموونەی ژمارە (٩١.ب)شدا پاشکۆکە کرتاوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە واتاکەیدا دروست بکات.

٢. ئەو واتایەی کە بەهۆی ئامرازێکی پاشکۆدارەوە دروست دەبێت، لە دوروبەری تر بەهەمان ئامراز بەبێ پاشکۆش دروست دەبێت، بۆ نموونە:

*٩٢. من لە هەولێر دەژیم.*

لە نموونەی ژمارە (٩٢)شدا ئامرازی بەندی (لە)، لە دۆخێکی واتاییدایە کە هیچ پێویستی بە پاشکۆ نییە، بەڵام بەهەمان شێوەی نموونەکانی (٩١.ا)و(٩١.ب)چەمکی (لەناو)ی گەیاندووە.

# بەشی سێیەم:

# شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازەبەندەکانی زمانی کوردی

## ٣- شـــــيكردنەوەی تـــــۆڕی واتـــــایی ئامرازەبەندەکانی زمانی کوردی

لەم بەشەدا لەسەر بنەمای پێوەرەکانی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) هەوڵی دەستنیشانکردنی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندە (سادە و ناسادە)کانی زمانی کوردی دەدەین، پاشان تەواوی واتا جیاوازەکان و واتای بنەڕەتی و تۆڕی واتایی هەر ئامرازێکی بەند لە دوو تەوەرەی جیاوازدا دەخەینەروو.

### ٣-١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندە سادەکانی زمانی کوردی:

لەم تەوەرەدا بەپێی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار هەوڵی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای بنەڕەتی ئامرازە بەندە سادەکانی زمانی کوردی دەدەین، پاشان بۆ هەر ئامرازێک تۆڕێکی واتایی جیاواز دەخەینە ڕوو:

#### ٣-١-١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بە):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بە) وەکو یەکێک لە ئامرازە بەندکانی زمانی کوردی چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: لکان(چەسپین):  ٩٣. *وێنەکە بە دیوارەکەوەیە.*

دووەم: سوێند: ٩٤. *بەخوا لێرە نارۆم.*

سێیەم: هۆ:  ٩٥. *بەچی پێدەکەنی.*

چوارەم: پەیوەندی: ٩٦. *بەمن چی تۆ ناخوێنی.*

پێنجەم: لەلای: ٩٧. *دەفتەرەکەی بە منە.*

شەشەم: خاوەن/ هەبوون:  ٩٨. *کەسێکی بە شانسە.*

حەوتەم: لەگەڵ:  ٩٩. *نانەکەم بە دۆوە خوارد.*

هەشتەم: بەها:  ١٠٠. *موبایلەکەی بە ٢٠٠ هەزار کڕی.*

نۆیەم: بەماوەی: ١٠١. *بە بیست ساڵی تر نابیتە ماڵ.*

دەیەم: پێوانە :  ١٠٢. *زێڕ بە مسقال دەفرۆشرێ.*

یازدەهەم: تێکڕا(هەموو):  ١٠٣. *بەماڵەوە باری کرد.*

دوازدەهەم: ئەندازە: ١٠٤. *یەکەمین جۆری کۆمپیوتەر بە ئەندازەی خانوویەک* گەورەبوو.

لەبەر ئەوەی واتاکانی (بەها، بەماوەی، پێوانە، تێکڕا، ئەندازە)، لەپاڵ واتا جیاوازەکانیان چەمکی ڕێژەش لە خۆدەگرن، بۆیە هەر پێنج واتاکە بەیەک هێشووی واتایی

بەناوی ( هێشووی ڕێژە)هەژمار دەکرێن.

سێزدەهەم: چۆنیەتی (حالەت): ١٠٥. به *برینداری هەڵات.*

چواردەهەم: گۆڕانی دۆخ: ١٠٦. به*فرەکە بو بە ئاو.*

پازدەهەم: گۆڕانی پلە و پیشە: ١٠٧. *ئازادکرا بە وەزیر.*

لەبەرئەوەی چەمکی گۆڕان لە هەر دوو واتای (گۆڕانی دۆخ، گۆڕانی پلەو پیشە) هاوبەشە، بۆیە هەردوو واتاکە بە (هێشووی گۆڕان) هەژماردەکرێن.

شازدەهەم: گیرۆدەیی: ١٠٨. *ڕێویەکە بەتەڵەوەبوو.*

حەڤدەهەم: بەرانبەر. ١٠٩. *یاریەکە چوار بە چوارە.*

هەژدەهەم: تەریب بوون: ١١٠.*پێ بە پێ لەگەڵت دێم.*

نۆزدەهەم: بە پێی: ١١١. *ئەم کارە بە یاسا قەدەغەیە.*

بیستەم: ئاراستەکردن: ١١٢.*کتابەکەم دا بە ئازاد.*

بیست ویەکەم: بۆچوون: ١١٣. *ئێستاش بە من دەکەی دەڕۆی.*

بيست ودووەم: ئامراز(بەهۆی): ١١٤. *بە پاس هاتين.*

بيست و سێيەم: بەناو: ١١٥. *سەری بەگۆڕی بابی.*

بيست وچوارەم: بەدوای يەكداهاتن: ١١٦. *ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بەپار.*

بيست و پێنجەم: لە كاتی: ١١٧. *بەڕۆژ دەڕۆيشتين و بەشەو دادەنيشتين.*

بيست و شەشەم: بەڕێگەی: ١١٨. *بە وەرتێ داچووم بۆ سلێمانی.*

بيست و حەوتەم: زمان زار و شێوەزار: ١١٩. *بە كوردی بدوێ.*

بيست و هەشتەم: كڕين: ١٢٠. *پارەكەم بە خانوودا.*

بيست و نۆيەم: لێكچوون: ١٢١. *كوڕەكە بە باوكی دەچێت.*

سييەم: مەبەست: ١٢٢. *ئەوە بەمن دەڵێی بڕۆ؟*

سی و يەكەم: دەستپێكردن: ١٢٣. *بە ناوی خوا دەست دەكەين بەڕۆيشتن.*

سی و دووەم: ئەنجام: ١٢٤. *يەک و يەک دەكات بە دوو.*

سی و سێيەم: پێشكەش كردن: ١٢٥. *بە كەباب*

*دەعوەتی.*

سی و چوارەم: ئامانج: ١٢٦. *بۆگەیشتن بە خولیاکانت شەونخوونی دەوێت.*

سی و پێنجەم: وادانان(وا هەژمار کردن): ١٢٧. *ئەم کارەش بە تاوان هەژماردەکرێت.*


سی و شەشەم: پێ بوون: ١٢٨. *عەلاگەیەکی بە دەستەوە بوو.*

سی و حەوتەم: بەرکەوتن: ١٢٩. *دەستم بە دەستی کەوت.*

## ٣-١-١- ١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (بە):

بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە لە مۆدێڵی فرەواتایی بنەمادار سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خراونەتەڕوو، واتای (هەبوون)، وەکو واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی ( بە ) هەژماردەکرێت، چونکە ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لەناو هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەستی پێ دەکرێت، هەروەها ئەم ئامرازە بە هەمان واتا بەشداری دەکات لە پێکهاتەی کەرەستە ناسادەکانی وەکو: (بەهێز، بەڕەوشت...)، پێشدیمەندی واتای


(هەبوون) لە هێڵکاریی ژمارە (٢٣)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٢٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (به)

## ٣-١-١-٢-تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (به)

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (به)، جگە لە واتای بنەڕەتی، (سی و شەش) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، لە ناویاندا دوو هێشووە واتایی (هێشووی ڕێژە، هێشووی گۆڕان) بەرچاو دەکەوێت، کە بەهۆی بوونی چەمکی هاوبەش لە چەند واتایەکی جیاوازدا هاتونەتەکایەوە. تەواوی واتا جیاوازەکانیش بە شێوەیەکی تیشکی لە دەوری یەک واتای بنەڕەتی کۆبونەتەوە. وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٢٤) ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژمارە(٢٤)تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بە)

## ٣-١-٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی ( بۆ):

ئامرازی بەندی (بۆ) و شێوە جیاوازەکانی تری(لۆ، لەبۆ) وەکو یەکێک لە ئامرازە بەندەکانی زاری ناوەڕاست چەندین واتایەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، وەک:

یەکەم: دیاریکردنی ئامانج(شوێن): ١٣٠. بۆ *کەرکوک دەچم.*

دووەم: دیاریکردنی ئامانج(کات): ١٣١. بۆ *کاتژمێر چوار لەوێ دەبین.*

لەبەر ئەوەی واتاکانی (دیاریکردنی کۆتایی ئامانج

(شوێن)، دیاریکردنی کۆتایی ئامانج (کات) )، یەک شێوە پەیکەر بەندی دەنوێنن، بۆیە بە پێی پێوارەکانی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) بە یەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن.

سێیەم: لەپێناو: ١٣٢. *ئەم چاکەیە بۆ خوا بکە.*

چوارەم: بەخت(شانس): ١٣٣. *ئەمرۆ چاکم بۆ دێت*

پێنجەم: خاوەنداریەتی: ١٣٤. *هەموو سامانەکەی بۆ کورەکەیە.*

شەشەم: تکا و پاڕانەوە: ١٣٥. *بۆ خاتری خوا لێم مەدە.*

لەبەر ئەوەی هەریەک لەواتاکانی (لەپێناو، بەخت(شانس)، خاوەنداریەتی، تکا و پاڕانەوە)چەمکی (سود)یان تێدایە، بۆیە هەر چوار واتاکە هێشووە واتای (سودوەرگرتن) پێکدێنن.

حەوتەم: ئاڕاستەکردن( پەیام/ نوسراو): ١٣٦. بۆ *بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر*

هەشتەم: بەدوای یەکدا هاتن: ١٣٧. *مانگ بۆ مانگ ناچمەماڵی باوکم.*

نۆیەم: لەبارەی(سەبارەت بە): ١٣٨. چیت *هەیە بۆ*

نەورۆز؟

دەیەم: سود و چارەسەر: ١٣٩. *ئەم حەبە بۆ سەرئێشە بەکاردێت.*

یازدەم: بەدوای: ١٤٠. *بۆ ئۆتۆمبێلەکی رەش دەگەرێم.*

دوازدەم: ڕوبەڕوبونەوە: ١٤١. *بە دوو کەس بۆم هاتن.*

سێزدەم: بۆ نیاز و مەبەست: ١٤٢. *کابرا بۆ شەڕ هاتووە.*

چواردەم: بەخشین: ١٤٣. *با پێنووسەکە بۆ تۆ بێت.*

پازدەم: تایبەت بە: ١٤٤. *بەرخی نێر بۆ سەربرینە.*

شازدەم: گونجاو: ١٤٥. *ئەم قسەیە بۆ کردن نابێت.*

لە بەرئەوەی وتاکانی (تایبەت بە) و(گونجاو) چەمکی هەماهەنگیان تێدایە بۆیە هەردوو واتاکە بە هێشووی(هەماهەنگی) هەژماردەکەین.


حەڤدەهەم: رێگەپێدان: ١٤٦. *لە کاتی تاقیکردنەوە بۆت نیە قسەبکەی.*

هەژدەهەم: رادەو پێوانە: ١٤٧. *بیرەکە سێ بۆ چوار مەتر قوڵە.*

نۆزدەم: گۆڕین:  ١٤٨. *ناوی کۆلێژی ئاداب بۆ فاکەڵتی ئاداب گۆڕدرا.*

### ٣-١-٢-١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (بۆ):


بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە لە (مۆدێلی فرەواتایی بنەمادار)دا سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خراونەتەڕوو، واتای (دیاریکردنی ئامانج(کات/شوێن) )، بە واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆ) هەژماردەکرێت، چونکە ئەم واتایە لە پاڵ ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە(ابن الحاج، ١٩٧٥)[١٦](دوشێرڤل، ٢٠١٩)[١٧]، وەکو یەکێک لە کۆنترین واتاکانی ئامرازە بەندەکە هەژمار دەکرێت، هەروەها لە تۆڕی واتای ئامرازەکەشدا زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٢٥) دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٢٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆ)

## ٣-١-٢- ٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆ)

دوای ئەوەی بە پێی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانش هەریەک لە واتاکانی یەکەم و دووەم بە یەک واتا هەژمارکران، ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆ) جگە لە واتای بنەڕەتی، کە کرۆکی تۆڕە واتاییەکەیە، دوو هێشووی واتایی بەناوەکانی (هێشوی هەماهەنگی)و (هێشووی سودوەرگرتن) و(یازدە) واتای جیاوازیش لە خۆدەگرێت؛ تەواوی واتا جیاوازەکانیش بە شێوەیەکی تیشکی لە دەوری واتا بنەرەتییەکەوە کۆدەبنەوە. وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٢٦) دیارە:




هێلکاریی ژمارە(٢٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆ)

**٣-١-٣- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لە):**

ئەمەش یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، کە تۆڕێکی واتایی فراوان لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: سەرچاوە و دەسپێکی شوێن: ١٤٩. *لە سۆران بۆ هەولێر چەند کیلۆمەترە؟*

دووەم: سەرچاوە ودەسپێکی کات: ١٥٠. *ڕۆژانە لە کاتژمێر هەشت تاوەکو کاتژمێر سێ لە دەوامم.*

سێیەم: سەرچاوە و دەستپێکی هەرشتێک: ١٥١. *لە تۆوە فێری ژیان بووم.*

لەبەر ئەوەی هەریەک لەواتاکانی (سەرچاوە ودەسپێکی کات، سەرچاوە و دەسپێکی شوێن، سەرچاوە و دەستپێکی هەرشتێک)، یەک شێوە پەیکەر بەندی لە خۆدەگرن، بۆیە هەرسێک واتاکە بە یەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن.

چوارەم: داواکردن: ١٥٢. *هەموو شتێکم لە تۆ دەوێت.*

پێنجەم: ئاماژەدان بە شوێنێکی دیاریکراو: ١٥٣. *لە هەولێر دەژیم.*

شەشەم: ئاماژەدان بە کاتێکی دیاریکراو: ١٥٤. *لە بیستی*

*مانگ سەفەر دەکەم.*

حەوتەم: حالەت(زەرفیەت): ١٥٥. *کە گەیشتەمەماڵیان، هەموویان لە خەودابوون.*

کاتێک سەرنجی هەر یەک لە واتاکانی (ئاماژەدان بە شوێنێکی دیاریکراو، ئاماژەدان بە کاتێکی دیاریکراو، حالەت)دەدەین دەبینین هەرسێک واتاکە یەک شێوە پەیکەربەندیان هەیە، کە بریتییە لە نەخشەی وێنەیی دەفر، بۆیە بە پێی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس هەرسێک واتاکە بە یەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن.

هەشتەم: پێکهاتە (جنسی شتێک): ١٥٦. *پاوانەکەی نەسرین لە زێڕە.*

نۆیەم: خستنەپاڵ: ١٥٧. *دە قوتابی لە زانکۆ بەشداری پێشبڕکێ دەکەن.*

دەیەم: لەڕێگەی: ١٥٨. *لە حەمباڵییەوە خەرجی خۆی دەردێنێ.*

لەبەر ئەوەی واتاکانی (پێکهاتە(جنسی شتێک)، لە ڕێگەی و خستنەپاڵ)، چەمکی بنچینەش لە خۆدەگرن، بۆیە هەر سێ واتاکە بەیەک هێشووی واتایی بەناوی ( هێشووی

بنچینە)هەژمار دەکرێن.

یازدەهەم: بۆ دابڕینی شتێک:  ١٥٩. *لە دوێنێکەوە منداڵەکەم لە شیر بڕیوەتەوە.*

دوازدەهەم: بەهۆی:  ١٦٠. *لە دوریت ڕەنجەڕۆمە.*

سێزدەهەم: کۆنترۆل: ١٦١. *هەموو شتێکی لەدەستە.*

چواردەهەم: گیرۆدەیی: ١٦٢. *لە تەنگانەدایە.*

پازدەهەم: لەکاتی: ١٦٣. *هاوڕێ باش لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵت دەبێ.*

شازدەهەم: ئەنجام: ١٦٤. *لە ئەنجامەکانی ئاگادارمان بکەنەوە.*

حەڤدەهەم: بەراورد:  ١٦٥. *ئەسپەکەی من لەهی تۆ چاکترە.*

هەژدەم: وەسفکردن (لەڕووی): ١٦٦. *ئۆتۆمبێلەکەت لە جوانیدا بێ وێنەیە.*

نۆزدەم: جیاکردنەوە: ١٦٧. *ئەو پیاوە چاکە لە خراپە جیا ناکاتەوە.*

لە بەر ئەوەی هەریەک لەواتاکانی (بەراورد، وەسفکردن،

جیاکردنەوە) لەپال چەمکە سەرەکیەکانی خۆیان، چەمکی هەڵسەنگاندنیش لە خۆدەگرن، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە (هێشووی هەڵسەنگاندن) پێکدێنن.

بیستەم: لە بارەی( سەبارەت بە): ١٦٨. *من هیچ لە شعر نازانم.*

بیست ویەکەم: بەش لەگشت: . ١٦٩. *یەکێک لە هاوڕێکانی ئازاد لێرەیە.*

بیست و دووەم: گرتنەوە: ١٧٠. *هاوکاریەکان پێکدێن لە جانتا و دەفتەر و پێنووس.*

بیست و سێیەم: هەندێک: . ١٧١.*لە سێوەکانیش بخۆ.*

بیست و چوارەم: لێدەرکردن: ١٧٢.*لە هەشت کەوەکە چواریانی سەربڕی.*

کاتێک سەرنجی واتاکانی(بەش لەگشت، گرتنەوە، هەندێک، لێدەرکردن)دەدەین، دەبینین هەر یەک لەو چوار واتایانە چەمکی (لەخۆگرتن)یان تێدایە، بۆیە هەموویان بەیەکەوە یەک هێشووی واتای پێکدێنن، کە پێی دەوترێت (هێشووی لەخۆگرتن).

بیست و پێنجەم: لە ڕێگەی: ١٧٣. *لە تورکیاوە چوو بۆ*

*ئەوروپا.*

بیست و شەشەم: لە ماوەی: ١٧٤. *لە هەفتەیەکدا* چەند *ڕۆژ دەوام دەکەیت؟*

بیست و حەوتەم: بەرکەوتن: ١٧٥. *شانێکی لە شانم دا.*

بیست وهەشتەم: زیان لێکەوتن: ١٧٦. مو*بایلەکە*م *لەدەست شکا.*

بیست ونۆیەم: بە پێی: ١٧٧. *سوو لە ئیسلامدا حەرامە.*

سی یەم:: بەرانبەر: ١٧٨. *لە کەس ناترسێ.*


سی و یەکەم : لەلای: ١٧٩. *تەوژمەکە لە دەریای ناوەڕاستەوە هەڵدەکات.*

سی و دووەم: ئاراستەکردن: ١٨٠. *تیرێکی لە نیشانەکە گرت.*

**٣-١-٣-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لە):**

کاتێک لەڕوانگەی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس سەیری ئەو واتا جیاوازانە دەکەین کە بۆ ئامرازی بەندی (لە) دەستنیشانکراون، دەبینین واتای سەرچاو و دەسپێکی (کات / شوێن/ هەرشتێک) وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە

دەردەکەوێت، چونکە جگە لەوەی ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و پشکی لە تەواوی واتاکانی تر داهەیە، کۆنترین واتای ئامرازە کەشە(ابن الحاج، ١٩٧٥)، (دوشێرڤل، ٢٠١٩)، هەروەها ئەم ئامرازە بەندە لە بەرانبەر ئامرازێکی تری بەند بەهەمان ئەو واتایە(دەسپێک وسەرچاوە) لە پەیوەندی دایە، کە ئامرازی بەندی (تا) یە و واتای کۆتای دەگەینێت. پێشدیمەنی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لە) لە هێڵکاریی ژمارە (٢٧)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٢٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لە)

### ٣-١-٣- ٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لە)

دوای ئەوەی هەریەک لە واتاکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم) بە یەک واتا و وتاکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) بە واتایەکی تر هەژمارکران، ژمارەی ئەو واتایانەی کە تۆڕی

واتایی ئامرازەبەندەکە پێکدێنن، بریتین لە(بیست و هەشت)واتای جیاواز، کە لە ناویاندا واتایەک وەکو واتای بنەڕەتی هەژماردەکرێت و واتا جیاوازەکانی تریش بە شێوەیەکی تیشکی بەدەوری ئەو واتا بنەرەتییەوە لکاون، وەکو چۆن لەم هێڵکارییە خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:



هێڵکاریی ژمارە (٢٨) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لە)

## ٣-١-٤- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا):

ئامرازی (تا) و شێوە جیاوازەکانی وەکو: " هەتا، تاکو، هەتاکو، هەتاوەکو، تاوەکی، حەتا، هاتاوکونی، هەتاوەکێنێ، هەتانەکونێ، هەرتا: دا، تاوەکونی "(شێخانی، ٢٠٠٩: ١٥١ ) وەکو ئامرازێکی بەند لە ڕستەی سادەدا خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە[١٨]، کە بریتیین لەم واتایانەی خوارەوە:

یەکەم: بۆ دیاریکردنی کۆتایی شوێنی ڕوودان: ١٨١. *تا*

*هەولێر دەڕۆم.*

دووەم: بۆ دیاریکردنی کۆتایی کاتی ڕوودان: ١٨٢. *تا ئێوارە کاردەکەم.*

سێیەم: بۆ دیاری کردنی کۆتایی هەر شتێک: ١٨٣. *لە پاسەوانەوە تا بەڕێوەبەر هاتبوون.*

لەبەرئەوەی هەر یەک لە واتاکانی (دیاریکردنی کۆتایی شوێنی ڕوودان، دیاریکردنی کاتی ڕوودان، دیاریکردنی کۆتایی هەرشتێک) هەمان پەیکەربەندیان هەیە ، بۆیە بەپێی پێوەرەکانی تایلەر ئەیڤانس هەر سێ واتاکە بە یەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن.

بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان واتای دیاریکردنی کۆتایی (کات/شوێن/هەرشتێک)ی ئامرازی بەندی(تا) و واتای (دیاریکردنی ئامانج(کات/شوێن))ی ئامرازی بەندی (بۆ)، چونکە هەردوو واتاکە چەمکی کۆتاییان تێدایە، بەڵام جیاوازیان لەوەدایە، کە ئەم واتایە جەخت لەسەرخالی کۆتایی ڕێگایەک دەکەتەوە، کەچی وتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆ) جەخت لەسەر خالی کۆتایی خودی ئامانجەکە دەکاتەوە(یوسف راد، ١٣٨٧: ١٣٥).

چوارەم: ڕادەو پێوانە: ١٨٤. بیرەکە *بیست تا سی مەتر قوڵە.*

پێنجەم: چەمکی بەردەوامی: ١٨٥. *ڕۆژ تا ئێوارە پرتە پرتیەتی.* (بە بەردەوامی پرتەپرتیەتی).


شەشەم: چەمکی بەدوای یەکدا هاتن: ١٨٦. *تا دێت زیاتر لە ئامانجەکە نزیک دەبێتەوە.* ( ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە ئامانجەکە نزیک دەبێتەوە).

حەوتەم: بەراورد: ١٨٧. *ئۆتۆمبێل تا ئۆتۆمبێل جیاوازە.*

**٣-١-٤- ١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (تا):**

ئەگەر لەڕوانگەی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس سەیری ئەو واتا جیاوازانە بکەین کە بۆ ئامرازی بەندی (تا) دەستنیشانکران، دەبێت واتای کۆتای (کات/ شوێن) وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە هەژمار بکەین، چونکە بە پێی پێوەرەکان سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، کۆنترین واتای ئامرازە کەشە(ابن الحاج، ١٩٧٥)، کە هەر لە کۆنەوە ئامرازەکە بەو واتایە بەکارهاتووە، هەروەها ئەم ئامرازە بەندە لە بەرانبەر ئامرازێکی تری بەند بەهەمان ئەو واتایە (واتای کۆتای کات ( شوێن ) لە پەیوەندی دایە، کە ئامرازی بەندی (لە) یە و واتای سەرەتا

دەگەینێت. پێشدیمەنی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تا) لە هێڵکاریی ژمارە (٢٩)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٢٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تا)

## ٣-١-٤- ٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا):

دوای ئەوەی، کە واتاکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) بە یەک واتای جیاواز هەژمارکران، ئامرازە بەندەکە (پێنج) واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەروەها لە تۆڕە واتایەکەدا یەک هێشووی واتای بەناوی( هێشووە واتایی دووبارەبوونەوە ) بەرچاو دەکەوێت، کە بەهۆی بوونی چەمکی دووبارەبوونەوە لە هەردوو واتای ( بەردەوامی ) و ( بەدوای یەکداهاتن ) دروست بووە، تەواوی واتا جیاوازەکانیش بە شێوەیەکی تیشکی لە دەوری یەک واتای بنەڕەتی کۆدەبنەوە کە واتای (

کۆتای کات/ شوێن )ە. وەک لەهێڵکاریی ژمارە (٣٠)دا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاری ژمارە (٣٠) تۆڕیی واتایی ئامرازی بەندی (تا)

## ٣-١-٥- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ):

ئامرازی بەندی (لەگەڵ)یش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی چەندین واتای جیاواز لە خۆی دەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

## واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ):

یەکەم: بەیەکەوەبوون: ١٨٨. *لەگەڵ باوکم دەچم بۆ هەولێر.*

دووەم: هاوکاری : ١٨٩. *وەستاکە لەگەڵ کرێکارەکانی دیوارەکە تەواودەکات.*

سێیەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ١٩٠. *ئازاد: لەگەڵ برادەرەکەت چۆنی؟*

چوارەم: پەیوەندی سۆزداری: ١٩١. *ئازاد ونەسرین لەگەڵ یەکن.*

پێنجەم: هاوڕا: ١٩٢. *من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم.*

شەشەم: پشتگیری: ١٩٣. *خەمت نەبێت من لە گەڵتم.*

حەوتەم: لەبارەی(سەبارەت بە): ١٩٤. *نەوزاد پرسی : ئازاد لەگەڵ وانەکانت چۆنی؟*

هەشتەم: مەبەست: ١٩٥. *ئەوە لەگەڵ کێت بوو؟*

لەبەر ئەوەی واتاکانی (هاوکاری، پەیوەندی کۆمەلایەتی، پەیوەندی سۆزداری، هاوڕا، پشتگیری، لەبارەی ، مەبەست )، لەپاڵ واتا جیاوازەکانیان چەمکی پەیوەندیش لە خۆدەگرن، بۆیە هەر حەوت واتاکە بەیەک هێشووی واتای بەناوی ( هێشووی پەیوەندی و هەماهەنگی)هەژمار دەکرێن.

نۆیەم: بەهۆی: ١٩٦. *لەگەڵ ئەو کەچە ئۆتۆمبێلە پیربووم.*

دەیەم: بار(حالەت): ١٩٧. *هاوسەرەکەم لەگەڵ*

*کۆڵێک خەم جێیهێشتم.*

یازدەهەم: هەبوون: ١٩٨. *ئازاد لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە چۆن دەژی.*

بەهۆی ئەوەی هەریەک لە واتاکانی ( بەهۆی، بار، هەبوون) چەمکی بارودۆخیان تێدایە، بۆیە هەرسێک واتاکە بە یەک هێشووی واتایی هەژمار دەکرێن، کە پێی دەوترێت (هێشووی بارودۆخ ).

دوازدەهەم: لە کاتی: ١٩٩. من *لەگەڵ بانگی بەیانیدا دەڕۆم* (من لە کاتی بانگی بەیانی دەڕۆم).

سێزدەهەم: بەراورد: ٢٠٠. من *لەگەڵ* خۆت *مەخوێنەوە.*


چوارەدەهەم: ڕووبەڕووبونەوە: ٢٠١. *یانەی سۆران لەگەڵ یانەی هەولێر یاری دەکات.*

لەبەرئەوەی هەردوو واتای (بەراورد) و (ڕووبەڕووبونەوە) چەمکی بەرانبەریان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە ( هێشووی بەرانبەری ) پێکدێنن.

پازدەهەم: پاراستن: ٢٠٢. *برِۆ؛ خوات لەگەڵ.*

**٣-١-٥-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەگەڵ):**


بەپێی ئەو بنەمایانەی، کە تایلەر و ئەیڤانس لە مۆدێلی فرەواتایی بنەمادار سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خستوویانەتەڕوو، واتای (بەیەکەوەبوون )، وەکو واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی ( لەگەڵ ) هەژماردەکرێت، چونکە ئەم واتایە لە ڕووی مێژووییەوە، کۆنترین واتای ئامرازەکەیە(ابن الحاج، ١٩٧٥) و لە تۆڕی واتای ئامرازەکەشدا زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، چونکە چەمکی ( بەیەکەوەبوون ) لە هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەستی پێ دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٣١)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٣١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

## ٣-١-٥- ٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) جگە لەواتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە ( سێ ) هێشووی واتایی و (دوو) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٣٢)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٣٢) تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

## ٣-١-٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە):

ئەم ئامرازە بەندەش وەکو هەریەکێک لە ئامرازە بەندەکانی تر چەندین واتای جیاوازی هەیە، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: گۆڕانی بارودۆخ: ٢٠٣. *ئەم زەویە دەکەمە باخچە.*

دووەم: گۆڕانی پلە و پیشە: ٢٠٤. ***پیاوەکە** کرایە وەزیر.*

لەبەرئەوەی چەمکی گۆڕان لە هەر دوو واتای (گۆڕانی

دۆخ، گۆڕانی پلەو پیشە)دا هەیە ، بۆیە هەردوو واتاکە بە (هێشووی گۆڕان) هەژماردەکرێن.

سێیەم: بەرەو: ٢٠٥. *دەچێتە ماڵی باوکی.*

چوارەم: ناو: ٢٠٦. *مناڵەکە کەوتە چاڵەکەوە.*

پێنجەم: ئەنجام: ٢٠٧. *یەک کۆ یەک دەکاتە دوو.*

شەشەم: ئاڕاستەکردن: ٢٠٨. *تۆمەتبارەکە دەدرێتە دادگا.*


حەوتەم: گەیشتن: ٢٠٩. *دەستی ناگاتە کتێبەکە.*

هەشتەم: گۆڕین: ٢١٠. *وتارێکم لە فارسیەوە کردۆتە کوردی.*

### ٣-١-٦- ١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە):

بە پێی ئەو پێوەرانەی، کە تایلەر و ئەیڤانس بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتی لە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار خستویانەتەڕوو، واتای(بەرەو) ئامانجێیک وەکو واتای بنەرەتیی ئامرازی بەندی (ە) هەژماردەکرێت، چونکە سەرەڕای زاڵیەتی ئەم چەمکە بەسەر واتا جیاوازەکانی تری ناو تۆڕەکە، چەمکی واتاکە لەناو هەموو واتاکانی تری ناو تۆڕەکە بەرچاو دەکەوێت، هەروەها ئەم واتایە لە پەیوەندی


دایە لەگەڵ واتای (سەرچاوە و دەسپێکی) ئامرازی بەندی (لە). پێشدیمەنی واتای (بەرەو)ی ئامرازی بەندی (ە) لەم هێڵکارییە خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٣٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە)

## ٣-١-٦-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ە):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە) جگە لە واتای (بەرەو)، کە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەیە، لە هێشوێکی واتایی(هێشوی گۆڕان) و (پێنج) واتای جیاواز و پێکدێت، کە بەشیوەی تیشکی بە دەوری واتا بنەڕەتییەکەوە لکاون، وەکو ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٣٤) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە)

## ٣-١-٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ێ):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ێ)ش وەکو هەندێ ئامرازە بەندەکانی تر جگە لە واتای بنەڕەتیی، چەندین واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:


یەکەم: گەیشتن: ٢١١. *دستم ناگاتێ.*

دووەم: گواستنەوە: ٢١٢. *پەرتووکەکەم بدێ.*

سێیەم: ناو: ٢١٣. *دەکەوتێ.(دەکەوێتە ناو بیرەکە/ ئاوەکە/ هەرئامانجێک)*

### ٣-١-٧- ١- واتای بنەرەتی ئامرازی بەندی (ێ):


بەپێی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (ێ) بریتیە لە واتای(گواستنەوە)، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە بەکارهێنانێکی کۆنی هەیە، زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەشە و لە هەموو واتاجیاوازەکانی تر هەستی پێدەکرێت. پێشدیمەنی واتای (گواستنەوە)ش لەم هێڵکارییە خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٣٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ێ)

### ٣-١-٧-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ێ):

تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ێ) جگە لە واتایی (گواستنەوە)، کە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەیە، هەر یەک لە واتاکانی(گەیشتن) و (ناو) وەکو دوو واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، وەکو ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە(٣٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ێ)

## ٣-٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازەبەندە ناسادەکانی زمانی کوردی:

لەم تەوەرەشدا تیشک دەخەینە سەر ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی و هەوڵی دەستنیشانکردنی تۆڕی واتایی هەریەکێک لە ئامرازەکان دەدەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-٢-١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەبێ):

ئامرزای بەندی (بەبێ)[١٩] یەکێکە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە واتایەکی بنەڕەتی و چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم: بەیەکەوەنەبوون: ٢١٤. *بەبێ تۆ ناچم بۆ هیچ شوێنێک.*

دووەم: بەشدارنەبوون: ٢١٥. *ئەم گۆرانیە بەبێ مۆسیقا خۆش نیە.*

لەبەر ئەوەی هەریەک لە واتاکانی (بەیەکەوەنەبوون، بەشدارنەبوون) چەمکی لەگەڵ نەبوونیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە (هێشووە واتای لەگەڵدانەبوون) پێکدێنن.

سێیەم: نەبوونی هاوکاری: ٢١٦. دکتۆرەکە *بەبێ پەرستارەکان نەشتەرگەریەکەی کرد.*

چوارەم: بێ ئامراز: ٢١٧. *بەبێ کلیل دەرگاکەی کردەوە.*

پێنجەم: بێ پشتگیری: ٢١٨. *بەبێ من کارەکەت بۆ ناکەن.*

هەریەک لە واتاکانی(نەبوونی هاوکاری، بێ ئامراز، بێ پشتگیری) بەیەکەوە (هێشووە واتای نەبوونی هەماهەنگی) پێکدێنن.

شەشەم: ٢١٩. *نە بوونی پەیوەندی کۆمەلایەتی: بەبێ هاورێکەت چۆن هەڵدەکەی.*

حەوتەم: بێ ئاگاداری: ٢٢٠. *بەبێ من خانوو مەکڕە.*

هەشتەم: چۆنیەتی: ٢٢١. *بەبێ ترس برۆ.*

نۆیەم: نەبوون: ٢٢٢. *بەبێ پارە ژیان بەڕێوەناچێت.*

دەیەم: ڕوبەڕونەبوونەوە: ٢٢٣. *یانەی سۆران بەبێ یاری سەرکەوت.*

یازدەهەم: مەرج: ٢٢٤. *بەبێ تۆ ناڕۆم بۆ هیچ شوێنێک.*

دوازدەهەم: نرخ و دراو: ٢٢٥. *شتەکانم بەبێ پارە هێنا.*


سیزدەهەم: گیرۆدەیی: ٢٢٦. *پڕۆژەکە بەبێ تەگەرە تێپەڕی.*

چواردەهەم: پابەندنەبوون: ٢٢٧. *هیچ پڕۆژە یەک بەبێ یاسا تێناپەڕی.*

پازدەهەم: پێوەنەبوون: ٢٢٨. *بەبێ ماسک مەچوونە دەرەوە.*

## ٣-٢-١-١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (بەبێ):


بەپێی پێوەرەکانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار واتای(نەبوون)، وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە هەژماردەکرێت، چونکە سەرەڕای زاڵیەتی ئەم واتایە لە ناو تۆڕی واتایی ئامرازەکەدا، پەیوەندی واتاییش، لەگەڵ واتای (هەبوون)ی ئامرازی بەندی (بە)دا هەیە، هەروەها ئەم ئامرازە بە هەمان واتا لە پێکهاتەی ناسادەی وەکو: (بێ هێز، بێ ئەدەب...هتد )دابەشداری دەکات، پێشدیمەنی واتای (نەبوون)یش لە هێڵکاریی ژمارە(٣٧)دا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژماره (٣٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەبێ)

## ٣-٢-١-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەبێ):

وەک لە هێڵکاری ژمارە(٣٨)دا دیارە تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەبێ) جەگە لەواتای بنەڕەتی (دوو) هێشووی واتایی و (نۆ) واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:




هێلکاریی ژمارە(٢٨) تۆری واتایی ئامرازی بەندی (بەبی)

**٣-٢-٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەسەر):**

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، وەکو زۆرێک لەئامرازە بەندەکانی تر تۆڕێکی واتایی فراوان پێکدێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: شوێنی شتێک لەسەر شتێکی تر: ٢٢٩. *باڵندەکە لەسەر دارەکەیە.*

دووەم: کاتێک لەسەر کاتێکی تر: ٢٣٠. *شەوی یەک شەم لەسەر دووشەم ڕووداوەکە ڕوویدا.*

بەپێی بنەماکانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار هەریەک لەواتاکانی (شوێنی شتێک لەسەر شتێکی تر، کاتێک لەسەر کاتێکی تر)بەیەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن، چونکە هەردوو واتاکە یەک شێوەی پەیکەربەندی لە نێوان (تەنی جولاو) و (ناوچەی وەستاو)دا دەنوێنن.

سێیەم: لەبارەی: ٢٣١. *کۆبوونەوەکەمان لەسەر داهاتووی زمانی کوردی بوو.*

چوارەم: بەهۆی: ٢٣٢. *لەسەر چی دەرکرای؟*

پێنجەم: ئاڕاستەکردن: ٢٣٣. *پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت.*

شەشەم: پشتگیری: ٢٣٤. *مامۆستاکە لەسەر قوتابیەکانی هاتەدەنگ.*

حەوتەم: بەپێی: ٢٣٥. *لەسەر وەسیەتی ئازاد ئەم کارە دەکەین.*

هەشتەم: سەردان: ٢٣٦. *ئازاد لەسەر قەبرانە.*

نۆیەم: پێوانە: ٢٣٧. *لەسەر دوو دۆنم ڕێککەوتن.*

دەیەم: جێ نەهێشتن: ٢٣٨. *پاش مردنی مێردەکەی ژنەکە لەسەر مناڵەکانی دانیشتووە.*

یازدەهەم: کڕکەوتن: ٢٣٩. مریشکەکە *لە سەر هێلکەکان کڕکەوتووە.*

بەهۆی هەبوونی چەمکی هاوبەش لە هەریەک لە واتاکانی (جێ نەهێشتن، کڕکەوتن)، هەردوو واتاکە (هێشووەواتای مانەوە) پێکدێنن.

دوازدەهەم: قەرزدار: ٢٤٠. *هەندێک پارەم لەسەرە، دەبێت بیدەمەوە.*

سێزدەهەم: ئەرک(واجب): ٢٤١. خێرێکم *لەسەرە، دەبێت بیکەم.*

چواردەهەم: بەرپرسیاریەتی(لە ئەستۆ): ٢٤٢. *ئەم تاکسیە بژێوی دوو خێزانی لەسەرە.*

پازدەهەم: پێویستە: ٢٤٤. *لەسەرتە ئەم کارە ئەنجام بدەی.*

لەبەرئەوەی هەریەک لە واتاکانی(قەرزدار، ئەرک، بەرپرسیاریەتی، پێویستە)چەمکێکی هاوبەشیان تێدایە، کە چەمکی (پابەندبوونە)، بۆیە هەرچوار واتاکان لە ژێر چەتری (هێشووی پابەندبوون) کۆدەکرێنەوە.

شازدەهەم: باقی: ٢٤٥. *چەندم لەسەر دەدەیتەوە.*

حەڤدەهەم: داپۆشین: ٢٤٦. *لەزگەیەک لەسەر کونەکە بدە.*

هەژدەهەم: کۆنترۆل: ٢٤٧. *پیاوەکە لەسەر مناڵەکانی زاڵە.*

نۆزدەهەم: چاودێری کردن: ٢٤٨. *ئەندازیارەکە لەسەر سەرمان وەستابوو.*

بەهۆی ئەوەی هەریەک لە واتاکانی (کۆنترۆل، چاودێری کردن) چەمکی ڕێکخستنیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە (هێشووە واتای ڕێکخستن) پێکدێنن.

بیستەم: بەسەر: ٢٤٩. *فڕۆکەکە لەسەر شارەکە دەخولێتەوە.*

بیست ویەکەم: بەرزتر: ٢٥٠. *شوقەکەی ئەوان لەسەر*

*شوقەکەی ئێمەیە.*

بیست و دووەم: لە پێناو: ٢٥١. *سەری لەسەر دانا.*

بیست و سێیەم: بەردەوامی(خەریکە): ٢٥٢. *من ئێستا لەسەر کارم.*

بیست و چوارەم: ئامادەبوون: ٢٥٣. *ئازادیش لەسەر خەتە.*

بیست و پێنجەم: تۆمارکردن: ٢٥٤. *ناوی شوێنەکە لەسەر تابلۆکە نووسراووە.*

بیست وشەشەم: هەڵواسین: ٢٥٥. *خشتەی تاقیکردنەوەکان لەسەر دیوارەکە هەڵواسراوە.*

لەبەرئەوەی هەریەک لە واتاکانی(تۆمارکردن، هەڵواسین)چەمکی لکانیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە هێشووی (لکان) پێکدێنن.

بیست و حەوتەم: لە بەرانبەر: ٢٥٦. *گرەو لەسەر ژیانی دەکات.*


بیست و هەشتەم: (بەکارهێنان): ٢٥٧. *دەبێت لە سەر ئاژەل تاقیبکرێتەوە.*

بیست و نۆیەم: چاوەڕوانی: ٢٥٨. *هەموویان لە سەر من*

*وەستابوون؟*

**٣-٢-٢-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەسەر):**

واتای بنەڕەتیی ئەم ئامرازە بەندەش بریتییە لە واتای(شوێنی شتێک لەسەر شتێکی تر/ کاتێک لە سەر کاتێکی تر)، چونکە لەپاڵ زاڵیەتی و هەستکردن بە بونی ئەم چەمکە لەناو هەموو واتا جیاوازەکانی تری ناو تۆڕەکە، ئەم واتایە لە پەیوەندیەکی واتایی دایە لەگەڵ واتای(شوێنی شتێک لەژێر شتێکی تر )ی ئامرازی بەندی (لەژێر). پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٣٩)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٣٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەسەر)

**٣-٢-٢-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەسەر):**

دوای ئەوەی هەر یەک لە واتاکانی یەکەم و دووەم، بەیەک واتای جیاواز هەژمارکران، تۆڕی واتایی ئامرازی

بەندی(لەسەر) (بیست و هەشت) واتای جیاواز پێکدێنێت، کە لە ناویاندا واتایەکی بنەڕەتی و (چوار)هێشووە واتا هەیە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٤٠)دا دیارە:




هێلکاریی ژمارە(٤٠) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەسەر)

## ٣-٢-٣- سێیەم: شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەژێر/ لەبن):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە لەپاڵ واتای بنەڕەتی چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شیوەیەی خوارەوە:

یەکەم: شوێنی شتێک لەبن شتێکی تر: ٢٥٩. *قەلەمەکە لەژێر مێزەکەیە.*

دووەم: شاردنەوە: ٢٦٠. *کلیلەکان لەژێر بلۆکەکەیە.*

سێیەم: دوو هەڵوێستی: ٢٦١. *کەسێکی لە بنە.*

لەبەرئەوەی هەریەک لەواتاکانی(شاردنەوە، دووهەڵوێستی)چەمکی شاراوەیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە (هێشووە واتای شاراوە) پێکدێنن.

چوارەم: کۆنترۆل: ٢٦٢. *هەمووشتێک لەژێر دەستی ئەو دایە.*

پێنجەم: لەتەنیشت: ٢٦٣. *موبایلەکە لەبن دیوارەکەیە.*

شەشەم: پەستان: ٢٦٤. *لەژێر بارێکی قورسدایە.*

حەوتەم: بەناوی: ٢٦٥. *لەژێر ناوی جیا جیا کاردەکەن.*

هەشتەم: بەسەرپەرشتی: ٢٦٦. *لە ژێر چاودێری من ئەم نامەیە ئامادەکراوە.*

نۆیەم: بەردەوامی: ٢٦٧. *لەژێر چاودێری دایە.*

دەیەم: کەمتر: ٢٦٨. *ئەوانەی تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵی یە مۆلەتی شوفێریان پێ نادرێت.*

یازدەهەم: خوارەوە: ٢٦٩. *گەراجەکە لەژێر هوتێلەکەیە.*


بەهۆی ئەوەی هەریەک لە واتاکانی(کەمتر، خوارەوە)چەمکی کەمبوونەوەیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە

بەیەکەوە (هێشووی کەمی) پێکدێنن.

دوازدەهەم: بەهۆی: ٢٧٠. *لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد.*

### ٣-٢-٣-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەژێر):


بە پێی پێوەرەکانی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) واتای بنەڕەتی ئەم ئامرازە بریتییە لە واتای(شوێنی شتێک لەژێر شتێکی تر)، چونکە لەپاڵ زاڵیەتی ئەم واتایە لە ناو واتا جیاوازەکانی تری ناو تۆڕەکە، ئەم واتایە لە پەیوەندیەکی واتایی دایە لەگەڵ واتای(شوێنی شتێک لەسەر شوێنی شتێکی تر)ی ئامرازی بەندی (لەسەر). پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٤١)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٤١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەژێر)

## ٣-٢-٣-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەژێر):

تۆڕی واتایی ئەم ئامرازە بەندەش جگە لە واتای بنەڕەتی (یازدە) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، کە لەناویاندا، دوو هێشووە واتا دەبینرێت:



هێلکاریی ژمارە(٤٢) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەژێر)

## ٣-٢-٤- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەناو):

ئامرازی بەندی (لەناو)یش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی چەندین واتا لەخۆدەگرێت، وەک:

یەکەم: لەناودابوون(شوێن): ٢٧١. *قەلەمەکە لەناو جانتاکە دایە.*

دووەم: لەناودابوون(کات): ٢٧٢. *ئێستا ئێمە لەناو مانگی حەوت دایین.*

سێیەم: لەناودابوون(ئەبستراکت): ٢٧٣. *لەناو خەیاڵدا دەژی.*

کاتێک سەرنجی واتاکانی(لەناودابوون (شوێن)، لەناودابوون(کات)، لەناودابوون (ئەبستراکت) ) دەدەین، دەبینین هەرسێ واتاکە یەک شێوە پەیکەربەندی دەنوێنن، بۆیە بەپێی بنەماکانی (تایلەر و ئەیڤانس) هەموو واتاکان بە یەک واتای جیاواز هەژماردەکرێن.


چوارەم: لەکاتی: ٢٧٤. *لەناو شەڕدا هەڵات.*

پێنجەم: خەریک بوون: ٢٧٥. *ئازاد لە ناو نوێژدایە.*

شەشەم: لەلای: ٢٧٦. *لە ناو ئێوە چ باسە؟*

### ٣-٢-٤-١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (لەناو):


واتای بنەڕەتیی ئەم ئامرازە بەندەش، بریتییە لە واتای(لەناودابوون)، چونکە، جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕە واتاییەکەیە، هەروەها لە ڕووی مێژوویشەوە کۆنترین واتای ناو تۆڕەکەیە (ابن الحاج، ١٩٧٥)، (دوشێرڤل، ٢٠١٩). پێشدیمەنی واتای (لەناودابوون) لە هێڵکاریی ژمارە(٤٣)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره(٤٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەناو)

## ٣-٢-٤-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەناو):

بەپێی بنەماکانی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەناو)، جگە لە واتای بنەڕەتی (چوار) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە هەریەک لە واتاکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم) بەیەک واتای جیاواز هەژمارکران، بەم شێوەیەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٤٤) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەناو)

## ٣-٢-٥-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەتەنیشت):

ئامرازی بەندی (لەتەنیشت) لەگەڵ شێوە

جیاوازەکانی(**لەلا، لەپاڵ/ لەکن**) چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرن، کە لەناویاندا واتایەک وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە هەژماردەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: شتێک لەتەنیشت شتێکی تر: ٢٧٧. *ڕێستۆرانتەکە لەتەنیشت مزگەوتەکەیە.*

دووەم: هاوکاری: ٢٧٨. *لە پاڵ تۆ دەجەنگم.*

سێیەم: هاوشان: ٢٧٩. *لەفیلمی تایتانیک جاک و ڕۆز لەپاڵ یەکتر ڕۆلیان دەبینی.*

چوارەم: سەرەڕای: ٢٨٠. *لەپاڵ کارە خراپەکانی کاری چاکەشی زۆرە.*

پێنجەم: سەربار: ٢٨١. پێویستە *لەپاڵ ڕجیم وەرزشیش بکەی.*


شەشەم: پاڵپشتی: ٢٨٢. *چەند کەسی تریشیم لە پاڵە.*

کاتێک سەرنجی هەریەک لە واتاکانی(هاوکاری، سەرەڕای، سەربار، سەرەڕای، پاڵپشتی)دەدەین، دەبینین هەموو واتاکان چەمکی لەگەڵدابوونیان تێدایە، بۆیە هەر پێنج واتاکە بەیەکەوە (هێشووی لەگەڵدابوون) پێکدێنن.

حەوتەم: کۆنترۆڵ: ٢٨٣. *هەموو شتێکی لەلای خۆی ڕاگرتووە.*

## ٣-٢-٥-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەتەنیشت):


واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(لەتەنیشت) بریتییە لە (شتێک لەتەنیشت شتێکی تر)، چونکە لەلایەک ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕە واتاییەکەیە، لەلایەکی تر لە پەیوەندی واتاییدایە لەگەڵ هەریەک لە واتاکانی(شتێک لەپێش شتێکی تر)ی ئامرازی بەندی (لەپێش)و واتای(شتێک لەپاش شتێکی تر)ی ئامرازی بەندی (لەپاش)، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٤٥)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٤٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەتەنیشت)

## ٣-٢-٥-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەتەنیشت):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەتەنیشت) و شێوە جیاوازەکانی، جگە لە واتای بنەڕەتی (شەش) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، کە لەناویاندا هێشوێکی فروان بەرچاودەکەوێت، کە پێنج واتای جیاوازی هەڵگرتووە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٤٦)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٤٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەتەنیشت)

## ٣-٢-٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەنێوان):

ئامرازی بەندی (لەنێوان)یش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی تری زمانی کوردی چەندین واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: ناوەڕاست (شوێن): ٢٨٤. *لەنێوان ڕێگەی هەولێر و دهۆک ڕووداوێکی هاتووچۆ* ڕوویدا.

دووەم: ناوەڕاست(کات): ٢٨٥. *لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ لە هەولێر دەژیام.*

کاتێک سەرنجی هەریەرک لە واتاکانی (ناوەڕاست (شوێن)،

ناوەڕست(کات))دەدەین، دەبینین هەردوو واتاکە یەک شێوە پەیکەر بەندیان هەیە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن

سێیەم: بەرانبەر: ٢٨٦. *لە ساڵی (١٩٨٠) شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا ڕویدا.*

چوارەم: بەراورد: ٢٨٧. *لەنێوان ئازاد و نەوزاد کامەیان زیرەکترن؟*

پێنجەم: جیاوازی: ٢٨٨. *جیاوازیەکی زۆر لەنێوان زمانەکانی کورد و ئینگلیزیدا هەیە.*


هەریەک لە واتاکانی(بەراورد، جیاوازی)، بە( هێشووە واتای هەڵسەنگاندن) هەژماردەکرێن، چونکە چەمکی هەڵسەنگاندن لە هەردوو واتاکەدا هاوبەشە.

شەشەم: لەناو: ٢٨٩. *ناکۆکی لەنێوان قوتابییەکاندا دروستبوو.*

حەوتەم: ئاڕاستە: ٢٩٠. *لەنێوان هەولێر و سۆران کاری تاکسی دەکەم.*

### ٣-٢-٦-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەنێوان):

بەپێی ئەو بنەمایانەی، کە (تایلەر وئەیڤانس) بەمەبەستی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خستویانەتەڕوو، واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەنێوان)، بریتییە لە واتای(ناوەڕاست)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ ئەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لەناو هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەست بەبوونی دەکرێت، لەڕووی مێژوویشەوە، کۆنترین واتای ئامرازە بەندەکەیە (ژان لوی ئاسۆلان دوشێرڤل، ٢٠١٩)، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٤٧)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٤٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەنێوان)

### ٣-٢-٦-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەنێوان):

دوای ئەوەی هەریەک لە واتاکانی (یەکەم، دووەم) بە یەک واتای جیاواز هەژمارکران، تۆڕی واتای ئامرازی بەندی

(لەنێوان)، جگە لە واتای بنەڕەتی (پێنج) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، کە لەناویاندا هێشوێکی واتایی بەرچاو دەکەوێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٤٨)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٤٨) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەنێوان)

### ٣-٢-٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپێش):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە جگەلە واتای بنەڕەتی چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لەپێش شوێنێکی دیاریکراو: ٢٩١. *لەپێش دەرگاکە وەستاوە.*

دووەم: لەپێش کاتێکی دیاریکراو: ٢٩٢. *لەپێش نەورۆزەوە دەستم بەکار کردووە.*

لەبەر ئەوەی هەریەک لەواتاکانی(لە پێش شوێنێکی دیاریکراو، لە پێش کاتێکی دیاریکراو)، یەک شێوە پەیکەربەندییان هەیە، بۆیە هەردوو واتاکە بە یەک واتای

جیاواز هەژماردەکرێت.

سێیەم: وێناکردن: ٢٩٣. *لەپێش چاومە ڕۆژێک کارەساتێک بەسەرخۆی دێنێ*

چوارەم: لە پێشتربوون(گرینگی پێدان): ٢٩٤. *تەندروستی لە پێش هەموو شتێکە.*

پێنجەم: ڕیزبەندی: ٢٩٥. *ناوی تۆیان لەپێش ناوی من خوێندەوە.*


شەشەم: پلەو پایە: ٢٩٦. *کەسێکی لەپێشە.*

بەهۆی ئەوەی هەریەک لە واتاکانی(لەپێشتربوون، ڕیزبەندی، پلەوپایە)چەمکی پلەبەندییان تێدایە بۆیە هەرسێ واتاکە بەیەکەوەی هێشووی پلەبەندی پێکدێنن.

## ٣-٢-٧-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەپێش):

بەپێی ئەو بنەمایانەی، کە لە (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خراونەتەڕوو، واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەپێش)، بریتییە لە واتای(لە پێش شوێن/کاتێکی دیاریکراو)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ ئەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، لە پەیوەندی واتاییشدایە لەگەڵ واتای (لە دوای


شوێن/کاتێکی دیاریکراو)ی ئامرازی بەندی(لەپاش)، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٤٩)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٤٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەپێش)

## ٣-٢-٧-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (لەپێش):

تۆڕی واتایی ئەم ئامرازە بەندەش، جگە لە واتای بنەڕەتیی، لە (چوار) واتای جیاواز پێکدێت، کە (سێ) لەواتاکان هێشووێکیان بەناوی (هێشووی پلەبەندی) پێکهێناوە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٥٠)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٥٠) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەپێش)

## ٣-٢-٨- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپشت):

ئامرازی بەندی (لەپشت)یش یەکێکی ترە لە ئامرازە

بەندەکانی زمانی کوردی، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:


یەکەم: لە پشت شوێنێکی دیاریکراو: ٢٩٧. *قەڵەمەکە لەپشت مێزەکەیە.*

دووەم: پشتگیری: ٢٩٨. *ئەم کچە باوکی لەپشتە بۆیە وا سەرکەوتووە.*

سێیەم: دیوی دووەم: ٢٩٩. *لەپشت ئەمڕووداوە چیرۆکێکی خەمناک هەیە.*

## ٣-٢-٨-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەپشت):


واتای بنەڕەتیی ئەم ئامرازە بەندەش، بریتییە لە واتای (لە دوای شوێنێکی دیاریکراو)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، لە پەیوەندیەکی واتایشدایە لەگەڵ واتای(لە پێش شوێنکی دیاریکراو)ی ئامرازی بەندی(لەپێش)، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٥١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەپشت)

## ٣-٢-٨-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەپشت):

تۆڕی واتایی ئەم ئامرازە بەندەش، جگە لە واتای بنەڕەتی (دوو) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە(٥٢)تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەپشت)

## ٣-٢-٩- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(لەپاش):

ئامرازی بەندی (لەپاش)، وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی تۆڕێکی واتایی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: لە دوای شوێنێکی دیاریکراو: ٣٠٠. *لەپاش دهۆک*

*زاخۆ دێت.*

دووەم: لە دوای کاتێکی دیاریکراو: ٣٠١.*لەپاش وەرگرتنی چارەسەر نێردرایەماڵەوە.*


بەپێی بنەماکانی (تایلەر و ئەیڤانس) هەریەک لە واتاکانی (لە دوای شووێنێکی دیاریکراو، لە دوای کاتێکی دیاریکراو) بەیەک واتای جیاواز هەژماردەکرێن، چونکە هەردوو واتاکە یەک شێوە پەیکەربەندی دەنوێنن.

سێیەم: دابڕان: ٣٠٢. *بزانە لەپاش تۆ چی بەسەرهات.*

چوارەم: پلە بەندی: ٣٠٣. *ئازاد هەمیشە لەپاش نەوزادە.*

## ٣-٢-٩-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەپاش):


واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (لەپاش)، بریتییە لە واتای(لە دوای شوێن/ کاتێکی دیاریکراو)، چونکە ئەم واتایە جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لەناو هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەست بەبوونی دەکرێت، هەروەها لە پەیوەندیەکی واتایشدایە لەگەڵ واتای(لەپێش شوێن/کاتێکی دیاریکراو)ی ئامرازی بەندی(لەپێش)، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٥٣)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٥٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (لەپاش)

## ٣-٢-٩-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەپاش):

ئامرازی بەندی (لەپاش) تۆڕێکی واتایی سادە پێکدێنێت، کە لەواتایەکی بنەڕەتی و (دوو) واتای جیاواز پێکدێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٥٤)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٥٤) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەپاش)

## ٣-٢-١٠- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەسەر):

ئامرازی بەندی (بەسەر)، وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی تری زمانی کوردی، تۆڕێکی واتایی جیاواز لە خۆد دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: ئامادەیی: ٣٠٤. بەسەر چاو.

دووەم: جوله : ٣٠٥. *سێ ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕی.*

سێیەم: له بارەی: ٣٠٦. *شیعرێکی بەسەر نیشتیماندا خوێندەوە.*

چوارەم: لەسەر_ ڕۆیشتن: ٣٠٧. *پیاوەکە بەسەر پردەکەدا ڕۆیشت.*

پێنجەم: سەر _ جوڵە: ٣٠٨. *فڕۆکەکە بەسەر هەولێردا دەسورێتەوە.*

شەشەم: ئاراستەکردن: ٣٠٩. *نەوت بەسەر هاولاتیاندا دابەشکرا.*

حەوتەم: کۆنتڕۆل: ٣١٠. *ناتوانێت بەسەرخۆیدا زاڵبێت.*


هەشتەم: شاردنەوە: ٣١١. *بەتانیێک بەسەر نەخۆشەکەدادە.*

نۆیەم: زیادکردن: ٣١٢. *ژنی بەسەر هێنا.*

دەیەم: بەرانبەر: ٣١٣. *ئازاد بەسەر علی دا سەرکەوت.*

### ٣-٢-١٠-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەسەر):


بەپێی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (لەسەر) بریتییە لە واتای(سەر _ جوڵە)، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لەناو هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەستی پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ واتای(ژێر_جوڵە)ی ئامرازی بەندی (بەژێر)یش پەیوەندی واتایی هەیە، پێشدیمەنی واتای (سەر _ جوڵە)ش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٥٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەسەر)

### ٣-٢-١٠-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەسەر):

تۆڕی واتایی ئەم ئامرازە بەندەش لە واتایەکی بنەڕیتی و (نۆ) واتای جیاواز پێکدێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٥٦)دا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژمارە(٥٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەسەر)


## ٣-٢-١١- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەژێر):

ئامرازی بەندی (بەژێر/ بەبن)، وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی تری زمانی کوردی، تەنیا یەک واتا لەخۆ دەگرێت، کە بریتییە لە:

یەکەم: ژێر_ جوڵە: ٣١٤. *بەژێر دارەکەدا ڕۆیشت.*

## ٣-٢-١١-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەژێر):

لەبەرئەوەی واتای(ژێر_ جوڵە) تاکە واتای ئامرازە بەندەکەیە، بۆیە هەر هەمان واتا بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەش هەژمارەدەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره(٥٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەژێر)

لەبەرئەوەی ئامرازی بەندی (بەژێر) تەنیا یەک واتای جیاواز لە خۆدەگرێت، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی پێکناهێنێت.

**٣-٢-١٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەناو):**


ئەمەش یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە تۆڕێکی واتایی بچووک لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ ناو: ٣١٥. *بەناو سروشتی جوانی کوردستاندا گەڕام.*

دووەم: بۆناو: ٣١٦. *پشیلەکە خۆی کرد بەناو ژوورەکەدا.*

## ٣-٢-١٢-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەناو):


واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(بەناو)یش بریتییە لە واتای(ناو_ جوڵە)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ ئەوەی کە بەسەر واتاکەی تری ناوتۆڕەکەدا زاڵە و هەست بەبوونی دەکرێت، لەڕووی مێژوویشەوە کۆنترین واتای ئامرازە بەندەکەیە(ژان لوی ئاسۆلان دوشێرقل، ٢٠١٩)، لە هێڵکاریی ژمارە(٥٨)دا پێشدیمەنی واتاکە خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٥٨) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەناو)

## ٣-٢-١٢-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەناو):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەناو)، جگە لە واتای بنەڕەتی، تەنیا یەک واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بریتییە لە واتای(بۆناو)، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٥٩)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٥٩) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەناو)

## ٣-٢-١٣-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەتەنیشت):


ئامرازی بەندی (بەلا/ بەتەنیشت/ بەپاڵ)وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی تری زمانی کوردی تۆڕێکی واتایی بچووک لە خۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لەلا_جوڵە: ٣١٧. *بەتەنیشت خانوەکەدا تێپەڕیم.*

دووەم: لەلای: ٣١٨. *پیاوەکە بەتەنیشت ئافرەتەکەوە وەستابوو.*

## ٣-٢-١٣-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەتەنیشت):


بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە تایلەر وئەیڤانس بەمەبەستی دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خستویانەتەڕوو، واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەتەنیشت)، بریتییە لە واتای(لەلا_جوڵە)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ ئەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، هەروەها پەیوەندی واتایشی لەگەڵ هەریەک لە واتاکانی(پێش_ جوڵە)ی ئامرازی بەندی (بەپێش) و (دواوە_ جوڵە)ی ئامرازی بەندی(بەپاش)دا هەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٦٠)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٦٠) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەتەنیشت)

## ٣-٢-١٣-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەتەنیشت):

ئامرازی بەندی بە تەنیشت تۆڕێکی واتایی دوو ئەندامی پێکدێنێت، کە لەناویاندا، یەکێک وەکو واتای بنەڕەتی و ئەوەیتر وەکو واتای جیاواز هەژماردەکرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٦١)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٦١) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بەتەنیشت)


## ٣-٢-١٤-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەنێوان):

ئامرازی بەندی (بەنێوان)یش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە نادەکانی زمانی کوردی تۆڕێکی واتایی جیاواز پێکدێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: نێوان_ جوڵە: ٣١٩. *بەنێوان دوو ئۆتۆمبێلەکەدا تێپەڕی.*

## ٣-٢-١٤-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەنێوان):

بەهۆی ئەوەی واتای(نێوان- جوڵە)، زاڵترین و کۆنترین واتای ناو تۆڕەکەیە، بۆیە وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژمار کراوە، پێشدیمەنی ئامرازە بەندەکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٦٢) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەنێوان)

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش تیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.


## ٣-٢-١٥-شیكردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەپێش):

ئامرازی بەندی (بەپێش) تەنیا یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەویش وەكو واتای بنەڕەتی هەژماردەكرێت، كە بریتییە لە:

یەكەم: پێش_ جوڵە: ٣٢٠. *بەپێش دوكانەكەدا ڕۆیشتم.*

## ٣-٢-١٥-١- واتای بنەڕەتی ئامرازی بەندی (بەپێش):

لەبەر ئەوەی واتای(پێش_ جوڵە)، تاكە واتای ئامرازە بەندەكەیە، بۆیە وەكو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەكە هەژمار دەكرێت، پێشدیمەنی واتاكەش لە هێڵكاریی ژمارە (٦٣) خراوەتەڕوو:




هێڵكاریی ژمارە( ٦٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەپێش)

لەبەر ئەوەی ئامرازی بەندی (بەپێش) تەنیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێكی واتایی لەخۆناگرێت.


## ٣-٢-١٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بەپشت):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، کە تەنیا یەک واتای هەیە؛ ئەویش واتا بنەڕەتییەکەیەتی، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ پشت: ٣٢١. *بەپشت خانوەکەدا* وەرە.

### ٣-٢-١٦-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بەپشت):

بەهۆی ئەوەی واتای(جوڵە_ پشت)، تاکە واتای ئامرازە بەندەکەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازەکەش هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەدا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژمارە(٦٤) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بەپاش)

لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی پێکناهێنێت.

## ٣-٢-١٧-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆسەر):

ئامرازی بەندی (بۆسەر)یش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی چەند واتایەکی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەم شێوەیی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ سەر: ٣٢٢. چووم *بۆسەر شاخەکە.*

دووەم: وەستان _ سەر: ٣٢٣. *ئەم وێنەیە بۆسەر مێزەکە جوانە.*

سێیەم: لەدژی: ٣٢٤. *هێرشەکانی ئەمریکا بۆسەر داعش دەستی پێکرد.*

چوارەم: گۆڕین: ٣٢٥. *کتێبەکەی لەزمانی فەرەنسیەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.*


پێنجەم: سەردان: ٣٢٦. بچۆ *بۆسەر دیمەنەکانی تر.*

شەشەم: لەبەرانبەر: ٣٢٧. *دابەزینی نرخی نەوت مەترسی بۆسەر ئابووری دروست دەکات.*

## ٣-٢-١٧-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆسەر):

بەپێی پێوەرەکانی (مۆدێلی فرەواتی بنەمادار) واتای بنەڕەتیی ئەم ئامرازە بەندەش بریتییە لە واتای(جوڵە_ سەر)،


چونکه ئەم واتایە جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، پەیوەندی واتایشی لەگەڵ واتای(جوڵە_ ژێرەوە)ی ئامرازی بەندی (بۆژێر)دا هەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٦٥)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٦٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆسەر)

### ٣-٢-١٧-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆسەر):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆسەر)، جگە لە واتای (جوڵە_ سەر)، کە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەیە، (پێنج) واتای جیاوازیش لە خۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٦٦)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٦٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆسەر)

## ٣-٢-١٨- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆژێر):

ئامرازی بەندی (بۆژێر/ بۆبن) وەکو ئامرازێکی تری بەندی ناسادەی زمانی کوردی، تۆڕێکی واتایی بچووک پێکدێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:


یەکەم: جوڵە_ ژێرەوە: ٣٢٨. *چوو بۆژێر کەپرەکە.*

دووەم: جوڵەی پێوانە_ ژێرەوە: ٣٢٩. *پلەی گەرما بۆ ژێر سفر دادەبەزێت.*

سێیەم: وەستان_ ژێرەوە: ٣٣٠. *قەمیسێکی جوانم بۆژێر کۆتەکەم کڕی.*

### ٣-٢-١٨-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆژێر):


بەپێی پێوەرەکانی (تایلەر وئەیڤانس) واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆژێر) بریتییە لە واتای(جوڵە_ ژێرەوە)، چونکە ئەم واتایە لەپاڵ ئەوەی، کە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، پەیوەندی واتایشی لەگەڵ واتای(جوڵە_سەر)ی ئامرازی بەندی (بۆسەر)دا هەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٦٧)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٦٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆژێر)

## ٣-٢-١٨-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (بۆژێر):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆژێر) تەنیا (سێ) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، کە لەناویاندا، واتایەک وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە هەژماردەکرێت، وەک لە پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٦٨)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٦٨) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆژێر)

## ٣-٢-١٩- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆناو):

ئەمەش یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ ناوەوە: ٣٣١. *دەچم بۆناو ئاهەنگەکە.*

دووەم: وەستان_ ناوەوە: ٣٣٢. *ئەم وێنەیە بۆناو هۆڵەکە جوانە.*


سێیەم: چوونەپاڵ(لایەنگری): ٣٣٣. *چووم بۆناو ڕیزەکانی پێشمەرگە.*

چوارەم: سەردانکردن: ٣٣٤. *بچۆ بۆناو فایلەکە.*

پێنجەم: زیادکردن: ٣٣٥. *چۆنیەتی دابەزاندنی فۆنتی کوری بۆناو بەرنامەی وۆرد.*

## ٣-٢-١٩-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆناو):


لەبەر ئەوەی واتای (جوڵە_ ناوەڕاست)ی ئامرازی بەندی (بۆناو) زاڵترین و کۆنترین واتای ناوتۆڕەکەیە(ژان لوی ئاسۆلان دوشێرڤل، ٢٠١٩)، بۆیە وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٦٩)دا نیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە(٦٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆناو)

## ٣-٢-١٩-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆناو):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆناو)، جگە لەواتای بنەڕەتی (چوار) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٧٠)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٧٠) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆناو)

## ٣-٢-٢٠- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆتەنیشت):


تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆلا/ بۆ تەنیشت/ بۆ پاڵ)، تەنیا دوو واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ تەنیشت: ٣٣٦. چوو *بۆتەنیشت خانووەکە.*

دووەم: وەستاو_ تەنێشت: ٣٣٧. *ئەم مێزە بچووکانە بۆ تەنیشت قەنەفەکە باشن.*

### ٣-٢-٢٠-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆتەنیشت):

بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە لە مۆدێلی فرەواتی بنەمادار سەبارەت بە واتای بنەڕەتیی ئامرازەکان خراونەتەڕوو؛ واتای (جوڵە_ تەنیشت) بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، چونکە ئەم واتایە جگە لەوەی زاڵترین واتای ناوتۆڕەکەیە، لەگەڵ هەریەک لە واتاکانی(جوڵە_ پێش)و(جوڵە_ دواوە)ی ئامرازەکانی(بۆپێش) و(بۆپاش)یش لەپەیوەندی واتاییدایە، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٧١)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٧١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆتەنیشت)

### ٣-٢-٢٠-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (بۆتەنیشت):

تۆڕی وتایی ئامرازی بەندی (بۆتەنیشت)، تەنیا (دوو)

واتا لە خۆدەگرێت، کە یەکێکیان وەکو واتای بنەڕەتیی و ئەوەی تریان وەکو واتای جیاواز هەژماردەکرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٧٢)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٧٢) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆتەنیشت)

## ٣-٢-٢١-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆنێوان):

ئامرازی بەندی (بۆنێوان)یش یەکێکە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ نێوان: ٣٣٨. *برۆ بۆنێوان دوو هێماکە.*

دووەم: وەستان_ نێوان: ٣٣٩. *ئەم تەبلە بۆ نێوان قەنەفەکان جوانە.*


سێیەم: بەرانبەر: ٣٤٠. *شەڕی نێوان سوریا و داعش گۆڕاوە بۆنێوان سوریا و تورکیا.*

چوارەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ٣٤١. *ئەو خزمایەتیە بۆ نێوانمان باشە.*

پێنجەم: ڕادەی پێوانە: ٣٤٢. *پلەی گەرما بۆنێوان ٢٠ بۆ ٣٠ پلە دەبێت.*

## ٣-٢-٢١-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆنێوان):


لەبەر ئەوەی واتای (جوڵە_ نێوان) زاڵترین و کۆنترین واتای ناو تۆڕە واتاییەکەیە، بۆیە وەکو واتای بنەڕیتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٧٣)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٧٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆنێوان)

## ٣-٢-٢١-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆنێوان):

تۆڕی واتایی ئەم ئامرازە بەندەش، جگە لە واتای بنەڕەتی (چوار) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٧٤)دا ئاماژەی پێکراوە:



هێڵکاریی ژمارە(٧٤) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆنێوان)

## ٣-٢-٢٢-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپێش):


ئامرازی بەندی (بۆپێش) وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی دوو واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ پێش: ٣٤٣. *بڕۆ بۆ پێش دوکانەکە.*

دووەم: وەستاو_ پێش: ٣٤٤. *ئەم مێزە بۆ پێش دوکانەکە باشە.*

## ٣-٢-٢٢-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆپێش):


بە پێی ئەو پێوەرانەی کە لە (مۆدێڵ فرەواتای بنەمادار)، سەبارەت بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خرانەڕوو؛ واتای(جولە_ پێش) جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، لەگەڵ واتای(جولە_ دواوە)ی ئامرازی بەندی (بۆپاش)یش لە پەیوەندی واتایی دایە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره (٧٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆپێش)

## ٣-٢-٢٢-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆپێش):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆپێش)، جگە لە واتای (جوله_ پێش)، کە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەیە (یەک) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە(٧٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (بۆپێش)


## ٣-٢-٢٣-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپشت):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، کە تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوله_ پشت شوێنێکی دیاریکراو: ٣٤٥. *برۆ بۆپشت نیشانەکە.*

### ٣-٢-٢٣-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆپشت):

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژمار دەکرێت. پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٧٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆپشت)

ئەم ئامرازەبەندە تەنیا یەک واتای هەیە بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

### ٣-٢-٢٤-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(بۆپاش):


ئامرازی بەندی (بۆپاش)، یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، کە تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ دوای کاتێکی دیاریکراو: ٣٤٦.

*تاقیکردنەوەکە دەچێ بۆ پاش جەژن.*

**٣-٢-٢٤-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆپاش):**

لەبەرئەوەی ئامرازی بەندی (بۆپاش)، تەنیا واتای(جوڵە_ دواوە) لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا بە واتای بنەڕەتیی ئامرازەکە هەژمار دەکرێت ، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٧٨)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٧٨) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (بۆپاش)

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش تەنیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

**٣-٢-٢٥- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاسەر):**

ئامرازی بەندی (تاسەر)، وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:


یەکەم: جوڵە_ سەرەوە: ٣٤٧. *تاسەر لوتکەکە دەچم.*

دووەم: تا کۆتایی: ٣٤٨. *دنیا تاسەر بۆ کەس نیە.*

سێیەم: تا ڕادەیەکی زۆر: ٣٤٩. *تاسەر ئێسقان خۆشم دەوێ.*

## ٣-٢-٢٥-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاسەر):

لەبەر ئەوەی واتای (جوڵە_ سەرەوە)، جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لە ناو هەموو واتاکانی تری ئامرازەکەدا هەست بە بووی دەکرێت، لەگەڵ واتای(کۆتایی_ ژێر)ی ئامرازی (تاژێر)یشدا پەیوەندی واتایی هەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٧٩) داخراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٧٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاسەر)

## ٣-٢-٢٥-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (تاسەر):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تاسەر)، جگەلە واتای بنەڕەتی (دوو) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، وەک لە

هێڵکاری ژماره(٨٠)دا دیاره:




هێڵکاریی ژماره(٨٠) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تاسەر)


## ٣-٢-٢٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاژێر):

ئامرازی بەندی (تاژێر/ تابن) وەکو یەکێکی تر لە ئامرازی بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ ژێر: ٣٥٠. *تابن شاخەکە ڕۆیشتم.*

## ٣-٢-٢٦-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاژێر):

واتای(جوڵە_ ژێر) وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەش هەژماردەکرێت، چونکە تاکە واتای ئامرازە بەندەکەیە. پێشدیمەنی ئەم واتایەش لە هێڵکاری ژماره (٨١)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژماره (٨١) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاژێر)

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

### ٣-٢-٢٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاناو):

ئەم ئامرازە بەندەش وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندەکانی تری زمانی کوردی دوو واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ ناوەڕاستی شوێنێکی دیاریکراو: ٣٥١. *تاناو بازاڕ دەڕۆم.*


دووەم: جوڵە_ ناوەڕاستی کاتێکی دیاریکراو: ٣٥٢. *کارەکەمان تاناو هاوین درێژە دەکێشێ.*

بە پێی پێوەرەکانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار هەردوو واتاکەی ئامرازی بەندی(تاناو) یەک شێوە پەیکەربەندی دەنوێنن، بۆیە، هەردوو واتاکە بە یەک واتای جیاواز هەژمارە

دەکرێن.

### ٣-٢-٢٧-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاناو):

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازەش تەنیا واتای (جوڵە_ ناوەڕاستی شوێن/ کاتێکی دیاریکراو) لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەش هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی ژمارە (٨٢) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاناو)

لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای جیاوازی هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتای پێکناهێنێت.

### ٣-٢-٢٨-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاتەنیشت):


ئامرازی بەندی (تاتەنیشت/تالای/ تاپاڵ) وەکو یەکێکی تر

له ئامرازه بەندەکانی تری زمانی کوردی تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ تەنیشت شوێنێکیکی دیاریکراو: ٣٥٣.
*تاتەنیشت باڵەخانەکە مەوەستە.*

**٣-٢-٢٨-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاتەنیشت):**

ئامرازی بەندی (تاتەنیشت)یش تەنیا واتای(جوڵە_ تەنیشتی شوێنێکی دیاریکراو) لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا وەکو واتای بنەڕەتییش هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٨٣)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٨٣) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاتەنیشت)

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای جیاوازی هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی نییە.


**٣-٢-٢٩-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تانێوان):**

ئامری بەندی (تانێوان)یش تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ نێوان دوو شوێن: ٣٥٤. *تانێوان دارەکان دەڕۆم.*

## ٣-٢-٢٩-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تانێوان):

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش، تەنیا واتای(جوڵە_ نێوان دوو شوێن) لەخۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا بە واتای بنەڕەتییش هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتای ئامرازە بەندەکە لە هێڵکاریی ژمارە (٨٤)دا نیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٨٤) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تانێوان)

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای جیاوازی هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی نییە.

## ٣-٢-٣٠- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپێش):

ئەم ئامرازە بەندەش تەنیا دوو واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:


یەکەم: جوڵە_ پێش شوێنێکی دیاریکراو: ٣٥٥. *تاپێش خانووەکە دەڕۆم.*

دووەم: جوڵە_ پێش کاتێکی دیاریکراو: ٣٥٦. *تاپێش جەژن کاردەکەم.*

لەبەر ئەوەی هەردوو واتاکەی ئامرازی بەندی (تاپێش)، یەک شێوە پەیکەربەندییان هەیە، بۆیە هەردوو واتاکە، بەیەک واتای جیاواز هەژماردەکرێن.

## ٣-٢-٣٠-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاپێش):

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش، تەنیا واتای(جوڵە_ بەردەم شوێن/ کاتێکی دیاریکراو) لە خۆدەگرێت، بۆیە هەمان واتا وەکو واتای بنەڕەتی هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٨٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاپێش)

دوای ئەوەی هەردوو واتاکەی ئامرازی بەندی(تاپێش) بەیەک واتای جیاواز هەژمارکران، ئامرازەکە، هیچ تۆڕێکی واتایی نانوێنێت.


**٣-٢-٣١-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپشت):**

ئامرازی بەندی (تاپشت)یش وەکو یەکێک لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ دوای شوێنێکی دیاریکراو: ٣٥٧. *تاپشت هێڵەکە برۆ.*

## ٣-٢-٣١-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاپشت):

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش، تەنیا واتای(جوڵە_ دوای شوێنکی دیاریکراو) هەیە، بۆیە هەر ئەو واتایە وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٨٦) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاپشت)

ئەم ئامرازەبەندەش تەنیا یەک واتای جیاوازی هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

## ٣-٢-٣٢-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(تاپاش):


ئەم ئامرازە بەندەش وەکو زۆرێک لە ئامرازە بەندەکانی تری زمانی کوردی، تەنیا یەک واتای هەیە، کە بریتییە لە:

یەکەم:جوڵە_ دوای کاتێکی دیاریکراو: ٣٥٨. *تاپاش نەورۆز*

پشووە.

## ٣-٢-٣٢-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تاپاش):

لەبەرئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش، تەنیا واتای(جوڵە_ دوای کاتێکی دیاریکراو)ی هەیە، بۆیە هەمان واتا وەکو واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٨٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (تاپاش)

بەهۆی ئەوەی ئەم ئامرازە بەندەش تەنیا یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

## ٣-٢-٣٣-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_سەر):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی ، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم

شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بە ئاڕاستەی: ٣٥٩. *هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتیان.*

دووەم: جوڵە_ سەر: ٣٦٠. *باڵندەکە دەفڕێتە سەر دارەکە.*

سێیەم: گۆڕین: ٣٦١. *مامۆستا: دەچینە سەر وانەیەکی نوێ.*

چوارەم: سەردان کردن:٣٦٢. بچۆرە *سەر کەناڵەکە.*


پێنجەم: هاوڕابوون: ٣٦٣. *باوکیشم هاتە سەر بۆچوونەکەی ئێمە.*

شەشەم: زیادکردن: ٣٦٤. *ئەم پارەش دەچێتە سەر هاژمارە تایبەتیەکەت.*

**٣-٢-٣٣-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_سەر):**

بەهۆی ئەوەی واتای(جوڵە_ سەر)، جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و لەناو هەموو واتاکانی تری ئامرازەکەدا هەست بە بوونی دەکرێت، لەگەڵ واتای(جوڵە_ بۆ ژێرەوە)ی ئامرازی (ە_ژێر)یشدا پەیوەندی واتایی هەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی


واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٨٨)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٨٨) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_سەر)

## ٣-٢-٣٣-٢-تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ە_سەر):

وەکو چۆن لە هێڵکاریی ژمارە(٨٩)دا دیارە؛ تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_سەر) جگە لە واتای بنەڕەتی، (پێنج) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت:




هێڵکاریی ژمارە (٨٩) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_سەر)

## ٣-٢-٣٤-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___ژێر):


ئامرازی بەندی(ە___ژێر/ە___بن)یش دوو واتا لەخۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە_ بۆ ژێرەوە: ٣٦٥. *پێنوسەکە کەوتە ژێر مێزەکە.*

دووەم: کەمبوونەوە: ٣٦٦. *پلەی گەرمی دەچێتەژێر سفر.*

## ٣-٢-٣٤-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_ژێر):

لەبەر ئەوەی واتای(جوڵە_بۆ ژێرەوە) زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە و پەیوەندی واتاییشی لەگەڵ واتای (جوڵە_ سەر)ی ئامرازی بەندی(ە_سەر)دا هەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە(٩٠)دا خراوەتەڕوو:





هێڵکاریی ژمارە (٩٠) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_ژێر)

## ٣-٢-٣٤-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_ژێر):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ژێر)یش، جگە لە واتای بنەڕەتیی یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە هێلکاریی

ژماره(٩١)دا دیاره:




هێڵکاریی ژماره(٩١) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_ ژێر)

## ٣-٢-٣٥-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ناو):

ئامرازی بەندی (ە_ناو)وەکو یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی، چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە _ ناوەوەی شوێنێکی دیاریکراو: ٣٦٧. *کەوتە ناو ئاوەکە.*

دووەم: جوڵە_ ناوەوەی کاتێکی دیاریکراو: ٣٦٨. *ئاهەنگەکە دەکەوێتە ناو پشووی سەری ساڵ.*

لەبەرئەوەی هەردوو واتاکانی(جوڵە _ ناوەوەی شوێنێکی دیاریکراو، جوڵە_ ناوەوەی کاتێکی دیاریکراو ) یەک پەیکەردەبندییان هەیە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێت.

سێیەم: چوونەپاڵ(لایەنگری): ٣٦٩. چووە *ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە.*


چوارەم: سەردان:  ٣٧٠. بچۆرە *ناو پەیجەکە.*

بەهۆی ئەوەی هەریەک لەواتاکانی(چوونەپاڵ، سەردان)چەمکی گواستنەوەشیان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە (هێشووی گواستنەوە) پێکدێنن.

پێنجەم:  زیادکردن: ٣٧١. *ئەم پارەیەش دەچێتە ناو هەژمارە تایبەتیەکەی.*

## ٣-٢-٣٥-١- واتای بنەڕیتیی ئامرازی بەندی (ە_ناو):


بەپێی ئەو پێوەرانەی، کە (تایلەر وئەیڤانس) سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکان خستویانەتەڕوو، واتای(جوڵە _ ناوەوەی شوێن/ کاتێکی دیاریکراو) وەکو واتای بنەڕەتیی ئەم ئامرازە بەندە دەستنیشان دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەم واتایە، جگە لەوەی زاڵترین واتای ناوتۆڕەکەیە؛ لەڕووی مێژوویشەوە کۆنترین واتای ناو تۆڕەکەیە(ژان لوی ئاسۆلان دوشێرڤل، ٢٠١٩)، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٩٢) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_ ناو)

## ٣-٢-٣٥-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ە_ناو):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (**ە_ناو**)، جگە لە واتای بنەڕەتی (سێ) واتای جیاوازیش لەخۆدەگرێت، کە دوانیان بەهۆی هێشوویێکی واتاییەوە بەواتای بنەڕەتییەوە لکاون، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٩٣)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە(٩٣) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_ناو)

## ٣-٢-٣٦- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ تەنیشت):


ئامرازی بەندی(ە___ تەنیشت/ ە___لای/ ە___پاڵ)یش

وەکو زۆرێک لە ئامرازە بەندەکانی تر، تەنیا یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوله_ تەنیشت: ٣٧٢. *دەچێتە تەنیشت خانووەکە.*

**٣-٢-٣٦-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_تەنیشت):**

لەبەر ئەوەی واتای (جوڵە_ تەنیشت) تاکە واتای ئامرازە بەندەکەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەش هەژمار دەکرێت، پێشدیمەنی واتاکەش لە هێڵکاریی ژمارە (٩٤)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٩٤) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_تەنیش)

بەهۆی ئەوەی ئامرازی بەندی (ە_تەنیشت)یش تەنها یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی پێکناهێنێت.

### ٣-٢-٣٧- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە_ نێوان):

یەکێکی تر لە ئامرازە بەندە ناسادەکانی زمانی کوردی بریتییە لە ئامرازی بەندی (**ە_ نێوان**)، کە چەند واتایەکی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە _ نێوان دوو شوێن: ٣٧٣. *ڕێگاکە دەچێتە نێوان دوو خانووەکە.*

دووەم: جوڵە _ نێوان دوو کات: ٣٧٤. *هەر ڕۆژێک بکەوێتە نێوان دوو پشوو دەبێتە پشوو.*

لەبەرئەوەی هەردوو واتاکانی(جوڵە _ نێوان دوو شوێن، جوڵە _ نێوان دوو کات)، یەک شێوە پەیکەربەندییان هەیە، بۆیە بەیەک واتای جیاواز هەژمار دەکرێن.

سێیەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ٣٧٥. *تکایە با کەس نێتە نێوانمان.*


چوارەم: ڕادە: ٣٧٦. *پلەی گەرمی دەچێتە نێوان پلەی ٤٠ و ٥٠ ی گەرمی.*

پێنجەم: بەرانبەر: ٣٧٧. *شەڕ کەوتە نێوان دوو بنەماڵە.*

شەشەم: هەڵکەوتەی جوگرافی: ٣٧٨. *شاری سلێمانی دەکەوێتنە نێوان هێلی پانی(٣٤_٣٦) وهێلی درێژی (٤٥_٤٦).*

## ٣-٢-٣٧-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_نێوان):


بەهۆی ئەوەی واتای (جوڵە _ نێوان دوو شوێن/ کات)زاڵترین و کۆنترین واتای ناو تۆڕی واتایی ئامرازەکەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکە هەژماردەکرێت، پێشدیمەنی ئامرازە بەندەکەش، لەم وێنەیەدا نیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە (٩٥) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_نێوان)

## ٣-٢-٣٧-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ە_نێوان):

تۆڕی واتایی  ئامرازی بەندی (ە_نێوان)، جگە لە واتای بنەڕەتیی، لە (چوار) واتای جیاواز پێکدێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٩٦)دا دیارە:



هێڵکاریی ژمارە(٩٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_نێوان)

## ٣-٢-٣٨-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە___پێش):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی، کە چەند واتایەک لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە _ پێش شوێنێکی دیاریکراو: ٣٧٩. *دەچێتە پێش دەرگا.*

دووەم: جوڵە _ پێش کاتێکی دیاریکراو: ٣٨٠. *چاوپێکەوتنەکەمان هاتە پێش جەژن.*


بەهۆی ئەوەی هەریەک لە واتاکانی(جوڵە _ پێش شوێنێکی دیاریکراو، جوڵە _ پێش کاتێکی دیاریکراو)یەک شێوە پەیکەربەندی لەنێوان TR و LM نیشاندەدەن، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەک واتای جیاواز هەژماردەکرێن.

سێیەم: سەیرکردن: ٣٨١. *دەچمە پێش دراماکە.*

چوارەم: پلەبەندی: ٣٨٢. *ناوی تۆ هاتە پێش ناوی من.*

### ٣-٢-٣٨-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_پێش):


بەپێی پێوەرەکانی (تایلەر وئەیڤانس) واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(ە_ پێش) بریتییە لە واتای(جوڵە _ پێش شوێن/ کاتێکی دیاریکراو)، چونکە ئەم واتایە لەگەڵ ئەوە زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، پەیوەندی واتایشی لەگەڵ واتای(جوڵە _ پاش شوێن/ کاتێکی دیاریکراو)ی ئامرازی بەندی (ە_پاش)دا هەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لەهێڵکاریی ژمارە(٩٧)دا خراوەتەڕوو:




هێلکاری ژمارە (٩٧) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_ پێش)

## ٣-٢-٣٨-٢- تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (ه_پێش):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ه_پێش) جگە لە واتای بنەڕەتی، (دوو) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٩٨)دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٩٨) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ه_پێش)


## ٣-٢-٣٩-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ه___پشت):

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامرازە بەندە ناسادەکان، کە تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە _ پشت شوێنێکی دیاریکراو: ٣٨٣. *قەڵەمەکە کەوتەپشت مێزەکە.*

## ٣-٢-٣٩-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ه_پشت):

لەبەر ئەوەی ئەم واتایە تاکە واتای ئامرازە بەندەکەیە، بۆیە بە واتای بنەڕەتیی ئامرازە بەندەکەش هەژماردەکرێت. پێشدیمەنی ئامرازە بەندەکەش لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵكاریی ژماره(٩٩) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_ پشت)

لەبەر ئەوەی ئەم ئامرازە بەندە تەنیا یەک واتای هەیە، بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی لەخۆناگرێت.

**٣-٢-٤٠-شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(ە__پاش):**


ئامرازی بەندی(ە___پاش)یش وەکو یەکێک لە ئامرازە بەندەکانی تری زمانی کوردی، چەند واتایەک لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: جوڵە _ پشت کاتێکی دیاریکراو: ٣٨٤ . پڕۆژەکە *کەوتە پاش جەژن.*

دووەم: پلەبەندی: ٣٨٥. *ناوی تۆ دەچێتە پاش ناوی ئازاد.*

### ٣-٢-٤٠-١- واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (ە_پاش):


واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی(ە_پاش) بریتییە لە واتای(جوڵە_ پشت-کاتێکی دیاریکراو)، چونکە ئەم واتایە جگە لەوەی زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، پەیوەندی واتایشی لە گەڵ واتای(جوڵە_ پێش کاتێکی دیاریکراو)ی ئامرازی بەندی (ە_پێش)دا هەیە، پێشدیمەنی واتاکەش لەم هێڵکارییەدا ئاماژەی پێکراوە:




هێڵکاریی ژمارە(١٠٠) پێشدیمەنی ئامرازی بەندی (ە_پاش)

### ٣-٢-٤٠-٢- تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_پاش):

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی(**ە_پاش**)، جگە لە واتای بنەڕەتی، تەنیا یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(١٠١)دا دیارە:




هێڵكاریی ژمارە(١٠١)تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (ە_پاش)

# ئەنجام

# ئەنجامەکان

گرینگترین ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتووین بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١. ژمارەی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینی، بە هەردوو جۆری سادە و ناسادەوە (٤٧) ئامرازی بەندە؛ هەندێکیان جوڵاون و هەندێکیشیان وەستاون، هەرەها لەناو ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردیدا ئامرازی بەندی (بە) فراوانترین تۆڕی واتایی لەخۆدەگرێت، کە جگە لە واتایی بنەڕەتیی لە (٣٦) واتای جیاواز پێکهاتووە، بەڵام هەندێک لە ئامرازە بەندەکان بەهۆی ئەوەی تەنیا یەک واتا لەخۆدەگرن بۆیە هیچ تۆڕێکی واتایی پێکناهێنن.

٢. دوای شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بەپێی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار، بۆمان دەرکەوت، کە(مۆدێلی فرەواتایی بنەمادار) مۆدێلێکی گونجاوە بۆ شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی.

٣. لە زمانی کوردیدا تۆڕی واتایی ئامرازە بەندە سادەکان زۆر فراوانترە بە بەراورد لەگەڵ تۆڕی واتایی ئامرازە بەندە ناسادەکان.

٤. لەنێوان واتای بنەڕەتی و واتا جیاوازەکانی هەر ئامرازێکی بەندی زمانی کوریدا پەیوەندیەکی واتایی بەدیدەکرێت، کە زۆربەییان لەڕێگەی مێتافۆڕەوە لە واتای بنەڕەتیی ئامرازەکەوە وەگیراون.

٥. بەهۆی هەبوونی چەمکی هاوبەش لەنێو تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردییدا، چەندین هێشووی واتایی لە نێو ئامرازە بەندەکان بەرچاو دەکەوێت و ئامرازی بەندی (لەسەر)یش زۆرترین هێشووە واتا لەخۆدەگرێت، کەبریتیین لە (٤) هێشووی واتایی. هەروەها فراوانترین هێشووی واتایی لەنێو تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی هێشووە واتای (پەیوەندی و هەماهەنگی)یە، کە (٧) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت.

٦. هەرچەندە واتایی بنەڕەتیی هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی (بۆ) و(تا) چەمکی کۆتاییان تێدایە، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، کە واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (بۆ) جەخت لەسەر کۆتایی خودی ئامانجێک دەکاتەوە، کەچی واتای بنەڕەتیی ئامرازی بەندی (تا) جەخت لەسەر خالی کۆتایی ڕێگایەک دەکاتەوە.

٧. ئەو ئامرازە بەندانەی، کە لە کاتی ئاماژەدان بە بوارێکی کۆنکریتی پاشکۆ وەردەگرن، ئەوا لەو کاتانەشدا پاشکۆ وەردەگرن، کە ئاماژە بەو بوارە ئبستڕاکتانە دەکەن، کە لەگەڵ بوارە کۆنکریتیەکەدا هەمان نەخشەی وێنەییان هەیە.

## پەراوێزەکان:

١. International Cognitive Linguistics Association

٢. Principles and parameters theory

٣. زمانەوانیی زانینی هەم لایەنی لێکچوو، هەم لایەنی جیاوازیشی لەگەڵ (زمانەوانیی ئەرکی)دا هەیە، چونکە زمانەوانانی قوتابخانەی ئەرکی تا ئەوکاتەی بەدوای لایەنە گشتیەکانی زمان و هاوبەشە فۆرمییەکانی زمانەوەن، لە فۆرمییەکان نزیک دەبنەوە، بەڵام کاتێک باوەڕیان بە بۆماوەیی بونی زمان نیە و پشت بە لایەنە نازمانییەکان، بەکارهێنانی زمان و جەختکردنەوەی ئەرکی زمان دەبەستن، ئەوا لە قوتابخانەی زانینی نزیک دەبنەوە (راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٤)، لەوانەیە جیاوازییەکە بە قەد جیاوازی زمانەوانیی زانینی و زمانەوانی بەرهەمهێنان نەبێ بەڵام کەمیش نییە.

تایبەتمەندیەکانی مێتافۆڕ لە تێڕوانینی

٤. دێریندا، بریتین لەمانەی خوارەوە:

ا. مێتافۆر پەیوەندی بە وشەوەیە نەک چەمک.

ب.مێتافۆڕ لە سەر بنچینەی لێکچواندن دامەزراوە.

پ.چەمک واتایەکی پیتی هەیە و نابێتە مێتافۆڕ

ت. بیری لۆژیکی هەرگیز لە گەڵ سروشتی جەستە و مێشکی ئێمە دروست

نابێت(داوری اردکانی و هاوکارانی، ١٣٩٣
:٣٩ ).

٥. ئەم دیاردەیە لە دەربڕیندا هاوبێژ (homophones) و لە نوسیندا هاونووس (homographs)ی پێدەوترێت. (Evans and green, 2006: 329)

٦. بۆ زیاتر زانیاریی لەسەر قۆناغەکان بڕوانە(شیلان رحیم ابراهیم، ٢٠١٩: ٧٣– ٧٥).

٧. هەڵبەتە هەندێک لە زمانەوان هەریەک لە بەشە ئاخاوتنەکانی(ناو، ئاوەڵناو، ڕاناوی کەسی سەربەخۆ، ڕاناوی نیشانە، ڕاناوی خۆیی، ڕاناوی پرس، ڕاددە، دوو ناو و ڕاناوێکی خۆیی، چاوگ، ژمارە، ئاوەلکردار) وەکو تەواوکەری فرێزیبەند دەخەنەڕوو(عبدلڕەحمان، ٢٠٠٩: ٤٨–٤٩).

٨. Trajector = X ، Landmark = Y

٩. ئەو کارانەی، کە پێشتر بە گشتی لە بارەی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون لە پاشکۆی کتێبەکە زیادکراون،

١٠. خۆیان ئامرازە بەندەکانیان دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو سودیان لە سەرچاوەیتر وەرگرتووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (عزیزی و خوشخونژاد، ١٣٩٥: ٧١).

١١. پێوەرەکانی سەعیدی کەرەمی سەبارەت بە دەستنشانکردنی ئامرازە بەندەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

ا. وەرنەگرتنی (ی) ی خستنەسەر.

ب. سەربەخۆنەبوون لە بەکارهێناندا.

پ. وەرنەگرتنی (تر)ی گیرەکی پلەی بەراورد.
ت. لەخۆنەگرتنی ئەرکێکی تری ڕێزمانی وەکو ، ئاوەلکار، ئاوەڵناو، هتد(کرمی، ١٣٩٥: ٦٠)

١٢. واتە فرێزە بەندە کە بەهەمان شێوەی ئاوەلکار ڕەفتاری کردووە، بۆیە لەڕێزمانی دێریندا هەندێکجار(ئامرازی بەندی لێکدراو)یان بە ئاوەلکاری شوێنی هەژمارکردووە.

١٣. ڕەفیق شوانی زاراوەکەی لە بەرانبەر زاراوەی(postposision)ی ئینگلیزی بەکار هێناوە، چونکە لەتەک زاراوەی پاشکۆی کوردی زاراوەکەی بە زمانی ئینگلیزی نوسیوە، کەچی لە ڕاستیدا زاراوەی (postposition) هەروەکو چۆن ئەیڤانس و گرین ئاماژەیان بۆ کردووە ئەو ئامرازە بەندەیە، کە دەکەوەێتە دوای فرێزی ناوی. لەزمانی کوردیشدا وریا عومەر ئەمین زاراوەی (پاشبەند)ی بۆ بەکارهێناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەمین، ٢٠٠٤: ٣٨).
١٤. بۆ زنیاری زیاتر لەسەر دۆخی ڕێزمانی و جۆرەکانی بڕوانە (کوردۆییێف، ١٩٨٤: ٧٤)، (سعیدی کرمی، ١٣٩٦: ١٣٧-١٤٤).
١٥. مەبەستمان لە زاری ناوەڕاست ئەو شێوازە قسەکردنەیە کە لە دامودەزگا فەرمیەکان، ڕاگەیاندن، خوێندن وهتد، شێوەیەکی نیمچە ستانداردی وەرگرتووە، ئەگەرنا دۆخی ڕێزمانی لە هەندێک لە شێوەزارو شێوە ئاخاوتنەکانی سەر بە زاری ناوەڕاست بە هەمان شێوەی زاری ژوورو ماوە و بە تەواوی نیشانەکانی لەدەست نەداوە.

١٦. مەهدی نامەی (ابن الحاج، ١٩٧٥)، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١١٧٦کۆچی/١٧٦٢زاینی دەگەڕێتەوە و تاوەکو ئێستا وەکو کۆنترین دەقی ئەدەبی کە بە زاری ناوەڕاست نوسرابێت هەژماردەکرێت.

١٧. (کتاب المثال والحکایات) کۆمەڵە چیرۆکێکە، کە لە لایەن(ژان لوی ئاسۆلان دوشێرڤل)ەوە نوسراوە و لەساڵی (١٨١٢) لە لایەن چەند وەرگێڕێکی نەناسراوەوە لەزمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی(زاری ناوەڕاست)، بۆیە لەپاش مەهدی نامەکەی ابن الحاج بەکۆنترین دەقی زاری ناوەراست دادەندرێت.

١٨. ئامرازی (تا)، وەکو ئامرازی گەیەنەریش لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا چەندین واتای جیاوازی هەیە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (شوانی، ٢٠٠١: ١٥٥_ ١٥٧).

١٩. زۆرجار (بە)ی ئامرازە بەندەکە دەکرتێ و شێوەیەکی سادە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەک لەسەر واتاجیاوازەکانی هەبێت.

# سەرچاوەکان:

## یەکەم: بەزمانی کوردی

### ا/ کتێب.


١. ئیبراهیم، عزیز ئیبراهیم(١٩٨٨/١٣٦٧)، ئامراز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، انتشارات سلاحەدینی ایوبی.

٢. ئەمین، نوری عەلی(٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، ڕێکخستن و لەچاپدان: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی شهاب، هەولێر.

٣. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٤. ______________ (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥. حاجی مارف، ئەوڕەحمانی(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی_ ژمارەو و ئاوەڵکردار، بەرگی یەکەم، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو.

٦. شوانی، ڕەفیق(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری،

هەولێر.
٧. ___________(٢٠٠٣)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. کەرەمی، سەعیدی (٢٠١٧/١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان.

٩. کۆڕی زانیاری(٢٠١٨/١٣٩٧)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.

**ب/ نامە ئەکادیمییەکان:**

١٠. ابراهیم، شیلان رحیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١. سلیڤانەیی، ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٢. عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد(٢٠٠٩)، فریێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

١٣. غەریب، نالّی ئەدهەم(٢٠١٦)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤. نەبی ڕێبوار ئەحمەد(٢٠١٥) ، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

**پ / گۆڤار**

١٥. قادر، کاروان عومەر (٢٠١٧)، دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١٣،لاپەڕە ٤١٩_٤٥٢.

١٦. قادر، کاروان عومەر و نالی ئەدهەم غەریب(٢٠١٩)،ڕەهەندی مێتۆنیمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە٤. لەپەڕە ٣٨٥_٤٣٤.

## دووەم: بەزمانی فارسی

**ا/ کتێب.**

١٧. افراشی، آزیتا (٢٠١١/١٣٩٠)، مجموعە مقالات دومین کارگاه معنت شناسی، انجمن زبان شناسی ایران، تهران.

۱۸. اونز، وی ویان و ملانی گرین(۲۰۱۹/۱۳۹۸)، زبان شناسی شناختی، ترجمه: جهانشاه میرزابگی، انتشارات اگاه، تهران.

۱۹. تیلور، جان ار. و جانت لیتل مور(۲۰۱۷/۱۳۹٦)، رهنمای زبان شناسی شناختی، چاپ اول، ترجمه: وجیهه فرشی و نجمه فرشی، نشرنویسه پارسی، تهران.

۲۰. داوری اردکانی، رضا و همکاران(۲۰۱٤/۱۳۹۳)، زبان استعاری و استعاره‌های مفهومی، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران.

۲۱. دبیر مقدم، محمد (۲۰۰٤/۱۳۸۳)، زبان شناسی نظری: پیدایش و تکوین دستور زایشی، تهران.

۲۲. ____________ (۲۰۱۳/۱۳۹۲)، رده‌شناسی زبانهای ایرانی، جلد دوم، تهران.

۲۳. رخزادی، علی(۲۰۰۰/۱۳۷۹)، آوشناسی و دستور زبان کردی، چاپ نخست، چاپ خانه رامین تهران.

۲٤. روشن، بلقیس و لیلا اردبیلی، (۲۰۱۳/۱۳۹۲)، مقدمه‌ای بر معناشناسی شناختی، نشر علم، تهران.

۲۵. راسخ راسخ مهند، محمد (۲۰۱۰/۱۳۸۹)، درآمدی بر زبان شناسی شناختی: نظریه ها و مفاهیم، تهران.

۲۶. صفوی، کورش (۲۰۰٤/۱۳۸۳)، درآمدی برمعنی شناسی، چاپ دوم، چاپ سوره، تهران.

۲۷. ____________ (۲۰۱۷/۱۳۹٦)، استعاره، چاپ اول، نشر علمی، تهران.

۲۸. کوچش، زولتان (۲۰۱٦/۱۳۹۵)، زبان، ذهن و فرهنگ مقدمه‌ای مفید و کاربردی، ترجمه: جهانشاه میرزابگی، دفتر نشر اگاه، تهران.

۲۹. گلفام، ارسلان و همکاران(۲۰۰۹/۱۳۸۸)، بررسی حرف اضافه (از) در چارچوب معناشناسی شناختی و مقایسه ان با رویکرد سنتی، مجله زبان و زبان شناسی، شماره۲ ، پیایی، ۱۰، صص ٦۹-۸۱.

۳۰. لی، دیوید (۲۰۱۸/۱۳۹۷)، زبانشناسی شناختی: یک مقدمه، ت: جهانشاه میرزا بیگی، نشر اگاه، تهران.

۳۱. لیکاف، جرج و مارک جانسون(۲۰۱۷/۱۳۹٦)، استعاره‌هایی که باور داریم، ترجمه: راحله گندمکار، نشر علمی، تهران.

**ب / نامەی ئەکادیمییەکان:**


٣٢. بامشادی، پارسا(٢٠١٤/١٣٩٣)، بررسی حروف اضافه در کردی گورانی در چارچوب معنا شناسی شناختی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی.

٣٣. خانزاده، معصومه (٢٠١٣/١٩٣٢)، بررسی برخی حروف اضافه مکانی در زبان پارسی با رویکرد معنی شناسی شناختی، دانشکده علوم انسانی، دانشگاه سمنان.

٣٤. کرمی، سعیدی (٢٠١٦/١٣٩٥)، بررسی شبکه معنایی حروف اضافەی(bo,bæ,læ)در زبان کردی سورانی درچهارچوب معنی شناسی شناختی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه پیام نور، گروه زبان شناسی خارجی رشتەی زبان شناسی همگانی.

٣٥. یوسفی راد، فاطمه(٢٠٠٨/١٣٨٧)، بررسی حروف اضافه زبان فارسی در چارچوب معناشناسی شناختی با نگاه ویژه به حروف اضافه مکانی، رساله دکتری، دنشکده علوم انسانی، دانشگاه تربیت مدرس.


**پ / گۆڤار**


٣٦. بامشادی، پارسا و شادی انصاریان(٢٠١٤/١٣٩٣).

چنمعنای حرف ((تا)) در چارچوب معناشناسی شناختی، مجموعه مقالات نخستین همایش معنی شناسی و نحو زبان های ایرانی، به کوشش مینا رضوان، صص۷۵_۹۲.

۳۷. بامشادی، پارسا و همکاران (۲۰۱٦/۱۳۹۵)، بررسی معنایی سه حرف اضافه æra, ta, wæl در کردی گورانی ازدیدگاه شناختی، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره پیایی ۳۲، صص ۵۹_۸۰.

۳۸. بامشادی، پارسا همکارانش(۲۰۱۷/۱۳۹٦)، معناکاوی دوحرف اضافه læ وwæ در کردی گوران :رویکرد شناختی، شماره ۱، صص ۷۵_۹۲.

۳۹. دهقان، مسعود (۲۰۱۸/۱۳۹۷)، بررسی معنای حروف اضافه(wæpi/ wægærd/ wæ/ læ) در کردی بر اساس رویکرد شناختی، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره پیایی ٤٤، صص ۱_۳۳.

٤۰. راسخ مهند، محمد و نفیسه رنجبیر ضرابی(۲۰۱۳/۱۳۹۲)، بررسی شبکه معنایی حروف اضافه‌ی ((در)) و ((سر))، نشریه پژوهش های زبان شناسی تطبیقی، سال سوم، شماره۵.

٤١. رضویان، حسین و معصومه خانزاد(٢٠١٤/١٣٩٣)، چندمعنایی حرف اضافه ((به)) در زبان فارسی بارویکرد معنی شناسی شناختی، فصلنامه مطالعات زبان و گویش های غرب ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه رازی کرمانشان، سال دوم شماره ٧، صص ٥٧_٧٩.

٤٢. سبزاوی، مهدی(٢٠١٨/١٣٩٧)، بررسی انواع چندمعنایی در فارسی معیار بارویکرد شناختی، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره پیایی ٤٥، صص ٢٥١_٢٧١.

٤٣. عزیزی، فرزاد و امیر علی خوشخونژاد (٢٠١٦/١٣٩٥)، کاربرد حرف اضافه (lá) در کردی مکریانی در الگو شناختی، فصلنامه ادبیات و زبانهای محلی ایران زمین، شماره١٤.

٤٤. کرمی، سعیدی و فطمه یوسف راد(٢٠١٨/١٣٩٧)، بررسی شبکه معنای حرف bæ وlæ درزبانی کردی سورانی و پیراضافه ها: bæ… æwæ/ da و læ…æwæ/ da در چارچوبی معناشناسی شناختی، نشریه پژوهش های زبان شناسی تطبیقی، شماره١٦، صص٨٣_١٠٣.

٤٥. مختاری، شهره و حدائق رضایی(٢٠١٣/١٣٩٢)، بررسی شناختی شبکه معنایی حرف اضافه ((با)) در زبانی فارسی، مجله زبانشناسی و گویشهای خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمی شماره پیاپی ٩.

**ت/ فەرهەنگ**

٤٦. عبدالکریمی، سپیده (٢٠١٤/١٣٩٣)، فرهنگ توصیفی زبانشناسی شناختی، نشر علمی، تهران.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی**

**ا/ کتێب**

47. Blake, Barry J. (2004), Case, (2nd ed), Cambridge university, Cambridge.

48. Captain, R .F .Jardine (1922), Bahdinan Kurmanji, government press, Baghdad.

49. Danielle, H. Kim (2010), A Basic Guide to Kurdish Grammar, Iraqi Kurdistan- Howler.

50. Evans, Vyvyan (2004), the structure of

time: language, meaning and temporal cognation, Amsterdam, Philadelphia, John Benjamins.

51. Evans, Vyvyan and Melanie Green, (2006), cognitive linguistics: an introduction, Edinburgh university press, Edinburgh.

52. Fossum, L.O (1919) A Practical Kurdish Grammar, The inter-synodical ev. Lutheran Orient- Mission society.

53. Geeraerts, Drik (2006), Cognitive Linguistics: Basic readings, in Dirk Geeraerts, Rene Dirven and John R. Taylor (Eds), Berlin, New York: Mouton de Gruter.

54. Johnson, mark (1987), The Body in the Mind, The University of Chicago press, Chicago and London.

55. Lakoff, George (1987), Women, Fire and dangers things: what categories Reval about

the mind, university of Chicago press, Chicago.

56. Lakoff, George and mark Johnson (2003), Metaphores We Live By, The University of Chicago press, Chicago and London.

57. Langacker, Ronald W. (2008), Cognitive Grammar: a Basic Introduction, Oxford university press, oxford.

58. ________________ (1987), Foundations of Cognitive Grammar, (vol I ), stanford. CA: Stanford University Press.

59. Lee, David (2001), Cognitive Linguistics Av Introduction, oxford University press, Oxford New York.

60. Mccarus, Ernest N (1958), A Kurdish grammar descriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq, New York.

61. Saeed, John I. (2003), Semantics, (2nd ed), Blackwell, UK.

62. Talemy, Leonardo (2000), Toward a Cognitive Semantics (vol I ) ,MA: MIT Press, Cambridge.

63. Tyler, Andrea and vyvyan Evans, (2003), the semantics of English prepositions: spatial scenes, Embodied meaning and Cognation, Cambridge university Press, Cambridge.

**ب/ نامەی ئەکادیمییەکان:**

64. Cabuk, Sakine(2016), An experimental Study on a Question of preposition in English as a third Language, PhD. Dissertation, School of social scincesof Middle east Yechnological university.

## پ/ گۆڤار

65. Christoph, Unger (2005), Lexical pragmatics and types of Linguistics encoding: evidence from pre- and postposition in Behdinani- Kurdish. SIL International.

66. Edmonds, C.J (1955), Preposition and personal Affixes in southern Kurdish, Cambridge university press on behalf of school of Oriental and African studies ,pp. 490- 502.

67. Evans, Vyvyan (2005), the meaning of time: polysemy, the lexicon and conceptual structure, journal of Linguistics, 41: 33_75.

68. Evans, Vyvyan and Andrea Tyler (2004), spatial experience, lexical structure and motivation: the case of in, in G. Radden and K. panther (eds), studies in linguistics motivation (pp. 157- 192. Berlin. Mouton de Gruyter.

69. Lakoff, George (1990), The Invariance Hhyothis: is abstract reason based on image – schema, Cognitive Linguistics,1,1, pp39_74.

70. Samvelian, Pollet (2007), A Lexical account Sorani Kurdish prepositions, in Stefan muller (Editor): proceeding of the 14th international conference on head-driven Phrase Structure Grammar, Stanford Department of Linguistics and CSLI'S LinGO Lap(pp235-249). Stanford, CA: CSLI publication.

71. Tyler, Andrea and Vyvyan Evans (200١), Reconsidering prepositional polysemy networks: the case of over, language, volume 77, number 4 (pp. 724- 765).

**ت/ فەرهەنگ**

72. Matthews, P, H, (2007), Concise Dictionary Of Linguistics, (2nd ed), Oxford University press.

## سەرچاوەی داتاکان

### ا/ کتێب

١. ابن الحاج(١٩٧٥)، مەهدی نامە، لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی: محەمەد علی قەرەداغی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢. دوشێرڤێل، ژان لوی ئاسۆلان (٢٠١٩)، کتاب الامثال والحكايات، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا. هەولێر.

٣. شوانی، ڕەفیق(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، هەولێر.

٤. کوردییێف، ک.ک. (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی کوردستان موکریانی، چاپخانەی (الادیب البغدادی، بەغداد.

٥. کۆڕی زانیاری(٢٠١٨/١٣٩٧)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.

### ب / نامەی ئەکادیمی

٦. عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد(٢٠٠٩)، فرێزی بەند لە

زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

**پ/ فەرهەنگ**

٧. ڕۆحانی، ماجد مردۆخ و هاوکارانی (٢٠١٨/١٣٩٧)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم، بەرگی چوارەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.

٨. شێخانی، عبدلوهاب (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانیّ، دهۆک.

٩. گولی، مسعود خالد (٢٠٠٢) فەرهەنگی گولی، چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردیّ، هەولێر.

١٠. نانەوازادە، علی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی هەرمان،چاپی دووەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١١. نیزامەدین، فازل(٢٠٠٣)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٢. هەژار(٢٠١٧/١٣٩٦)، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پویا، تهران.

# پاشكۆ

# پاشکۆ

## ئەو لێکۆڵینەوانی بەگشتی لەسەر ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون:

بەر لەوەی تیشک بخەینە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە پێشتر بەگشتی(نا-زانینی) لەبارەی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم پاشکۆیە لە ماستەرنامەکەدا نییە، بەڵام دواتر بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەری ئەم کتێبە بە پێویستمان زانی لە پاشکۆدا زیادی بکەین.

هەرچەندە زۆرێک لە ڕێزماننوسەکان هەر لەکۆنەوە ئاماژەیان بە ئامرازە بەندەکان کردووە و هەوڵی ناساندنیان داوە، بەڵام ئێمە زیاتر باسی کاری ئەو زمانەوانانە دەکەین، کە لە ڕوانگەی واتاوە کاریان لەسەر ئامرازە بەندەکان کردووە، یاخود کاریگەریان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی ژمارەی ئامرازە بەندەکان لە زمانی کوردیدا.

ئەدمۆنز لە ساڵی ١٩٥٥ لێکۆڵینەوەیەکی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر ئامرازە بەندەکانی زاری ناوەڕاست ئەنجامداوە، تێیدا ئامرازە بەندەکان بۆ دوو گروپی سادە و

ناسادە دابەش دەكات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. ئامرازە بەندە سادەكان: (بێ، تا، بۆ، ە، بە، لە)

٢. ئامرازە بەندە ناسادەكان: (بەبێ، لەبۆ، لەگەڵ، ە-پال، ە-ناو، بە-سەر، لە-ژێر، لە نزیک، هتد)

پاشان هەوڵیداوە واتا جیاوازەكانی هەر ئامرازێكی بەندی زمانی كوردی بە زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی چەند نموونەیەكەوە بخاتەڕوو(Edmonds, 1955:494- 497).

هەرچەندە كارەكەی ئەدمۆنز بەسەرەتایەكی باش دادەندرێت بۆ لێكۆڵینەوە لە واتای ئامرازە بەندە كوردیەكان، بەڵام وەكو هەر لێكۆڵینەوەیەكی تر بەدەرنییە لە كەم وكووڕی، چونكە ناوبراو ئاماژەی بە زۆربەی واتا جیاوازەكانی ئامرازە بەندەكان نەكردووە.

هەروەها مەكارس لە ساڵی ١٩٥٨ لە لێكۆڵینەوەیەك، كە لە سەر ڕێزمانی شێوەزاری سلێمانی ئەنجامیداوە ئاماژە بە ئامرازە بەندەكان دەكات و لەم نێوەندەشدا بە هەمانشێوەی ئەدمۆنز ئامرازە بەندەكان بۆ دوو جۆری (ساد) و (ناسادە) دابەش دەكات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئامرازە بەندە سادەکان: (بە، بای، بێ، بۆ، دوای، هەتا، پاش، پێش و وەکو)
٢. ئامرازەبەندە ناسادەکان: (بەسەر، لەبەر، لەبن، لەگەڵ، لە کن، لە لا، لە ناو، لە پاش، لە پێش، وەکو، لەسەر، لەژێر)(Mccarus, 1958: 75-78)

پاشان بۆ هەر ئامرازێک چەند واتایەکی جیاواز بە زمانی ئینگلیزی دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە، هەریەک لە واتاکانی( against, with, to, in, during, adjective expression, oath, purpose) بۆ ئامرازی بەندی (بە) دەخاتەڕوو، هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ کاتی خۆی هەنگاوێکی باش بوو بەرەو فرەواتایی ئامرازە بەندەکان، چونکە یەکەم جاربوو وا بەچڕی ئاماژە بە واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندە کوردیەکان بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەک واتاکانی لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە، کە مەرج نیە هەمان واتای لە زمانی کوردی بۆ دروست بێت، لە لایەکی تر ئەم ئامرازانە چەندین واتای جیاوزتریان لە زمانی کوردیدا هەیە، کە نە مەکارس ئاماژەی پێکردووە و نە لە زمانی ئینگلیزیشدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی ناوبراویش بەدەرنییە لە کەم وکوڕی.

هەروەها نوری علی ئەمین لە ساڵی ١٩٦٠ ئامرازە بەندکانی زمانی کوردی لە ژێر ناونیشانی (ئامرازی پەیوەندی) بۆ دوو جۆر (ساد و نسادە) دابەش دەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. ئامرازە بەندە سادەکان: (بە، لە، بۆ، لۆ، پەی، تا، ی،ە، بێ، وە، وەک، پێ، لێ و تێ).

٢. ئامرازە بەندە ناسادەکان: (هەتا، بەبێ، لەبن، لەسەر، لەتەنیشت، لە کن، لەناو، لەپشت، لەپاش، لەپێش، لەبن، لەژێر، لە خوار، بەسەر، بەتەنیشت، بەکن، بەناو، بەپشت، بەپاش، بەپێش، بەبن، بەژێر، بە خوار، ە-سەر، ە-تەنیشت، ە-کن، ە-ناو، ە-پشت، ە-پاش، ە-پێش، ە-بن، ە-ژێر و ە -خوار) (ئەمین، ٢٠١٣ :٢٠٠-٢٠٧)، پاشان هەوڵیداوە بۆ هەریەکێکیان چەند واتایەکی جیاواز دەستنیشان بکات، لێکۆڵینەوەکەی نوری علی ئەمین لە بارەی ئامرازە بەندەکانەوە بەلێکۆڵینەوەیەکی گرینگ هەژماردەکرێت، چونکە پەی بە زۆرێک لەو واتا جیاوازانە بردووە، کە هەریەک لە ئامرازە بەندەکان دەیگرنەخۆ.

کوردۆییف لە ساڵی ١٩٦١ کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی کوردی بە زمانی ڕووسی نوسیووە، دواتر کتێبەکە لە ساڵی

١٩٨٤ له لایەن کوردستان موکریانەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، کوردۆییڤ بەشێکی کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامرازە بەندەکانی هەردوو زاری ناوەڕاست و زاری ژوروو تەرخان کردووە؛ لە سەرەتادا ئامرازە بەندەکانی هەردوو زارەکە بۆ سادە و لێکدراو دابەش دەکات، پاشان هەوڵی بەراورد کردن و خستنەڕووی ئامرازە بەندەکانی هەردوو زارەکە دەدات. کوردۆییڤ ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١. ئامرازە بەندە سادەکان: (بەشی یەکەم: لە، دە، بە، وە، هتد، بەشی دووەم: بۆ، سەر، بن، ناو، دوا، ژێر، پاش، پێش، هتد، لێکدانی بەشی یەکەم و دووەم: لەسەر، بە سەر، بەسەر، لەپێش، لە ناو، لەکن، لە ژێر، هتد).

٢. ئامرازە بەندە نادەکان: (پێ، تێ، لێ، تێدا، پێوە، پێرا، بەرەو، بەبێ، لەگەڵ،هتد)(کوردۆییڤ، ١٩٨٤: ٣١٩- ٣٤٥).

د.ڕەفیق شوانی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی دکتۆرانامەکەی، کە بەناوی (ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا)یە، تیشک دەخاتە سەر ئامرازە بەندەکان و لە لایەک ئامرازە بەندەکان لەڕووی بەکارهێنانەوە بۆ (ئامرازی بەندی فرە ئەرک) و (ئامرازی بەندی یەک ئەرک) دابەش دەکات، لە

لایەکی ترەوە ئامرازەبەندەکان لەڕووی شێوەوە بۆ (سادە) و (ناسادە) دابەش دەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. ئامرازە بەندە سادەکان: (بۆ، بە، لە، تا، و، ی، ە، ش، یش).

٢. ئامرازە بەندە ناسادەکان: (تاکو، تاوەکو، هەتا، هەتاکو، لەگەڵ، لەتەک)(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٣: ٤٩).

هەروەها د.ڕەفیق شوانی لە دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازدا هەریەک لە ئامرازە بەندەکانی (تا) و (بۆ) لەڕووی واتاوە دەخاتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوانەی د.ڕەفیق شوانی لەبارەی فرەواتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی گرینگیەکی زۆریان هەیە، بەڵام بەلای ئێمەوە، کە لەڕوانگەی زانینییەوە دەڕوانینە ئامرازە بەندەکان، لێکۆڵینەوەکە چەند سەرنجێک لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە:

دوای ئەوەی ناوبراو (حەوت) واتای جیاوازی بۆ ئامرازی بەندی (تا) خستوتەڕوو (شوانی، ٢٠٠١: ١٥١_١٥٧)، بەم شێوەی خوارەوە:

١_ بۆ دیاریکردنی کۆتایی شوێنی ڕوودانی فرمان، وەک: (( *تا کەرکوک دەچم* ))

٢_ بۆ دیاریکردنی کۆتایی کاتی ڕوودانی فرمان، وەک: ((*هەتا ئێوارە لێی دەخەوم* ))

٣_ بە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی و کاتی فەرمانە، وەک: ((*هەتا هەتایە نیشتیمانەکەم لە بیر ناکەم*))

٤_ ئەگەر (تا) کەوتە نێوان دوو ناوی شوێن سەرەتاو کۆتایی دەگەینێت، وەک: ((*لە هەولێرەوە تاکو مەهاباد بە پێ ڕۆیشتم*))

٥_ ئەگەر (تا) کەوتە نێوان دوو ناوی کاتەوە سەرەتاو کۆتایی دەگەینێت، وەک: ((*شەو هەتاکو بەیانی دەخوێنێتەوە* ))

٦_ ئەگەر ئامرازە بەندەکە کەوتە ڕستەیەکی فرمان ناتەواوەوە و وەڵام بێت بۆ ڕستەیەکی پرسیاری کە بە ئامرازی چەند، چی پرسیاری لێوەبکرێت ئەو واتای ڕادە و پێوانە دەبەخشێت، وەک: (( *لێرەوە تا کەرکوک ٢٥٠ کیلۆمەترە*))

٧_ ئەگەر ئامرازی (تا) کەوتە نێوان دوو وشەی دژواتاوە لە ڕستەیەکی سادەدا وەکو ئامرازی بەند، ئەوا بێجگە لە کات و شوێن لەگەڵ فرمانەکەدا یەک رووداو و دیاردە نیشاندەدات،

وەک: (( *شەو تا بەیانی دەخەوم*))، (( *لێرەوە هەتا مەککە سۆفی سەربەلەکە*))

هەرچەندە د. ڕەفیق شوانی (حەوت) واتای جیاواز بۆ ئامرازی بەندی (تا) دەخاتە ڕوو، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە ناوبراو لەڕوانگەیەکی ترەوە(نا- واتاسازیی زانینی) ئەنجامیداوە و هیچ تێبینیمان لەسەر نییە و خزمەتێکی گەورەیە بە زمانی کوردی، بەڵام بەپێی مۆدێلی فرەواتایی بنەمادار تەنیا (دوو) واتا لەو حەوت واتایە وەکو واتایی جیاواز هەژماردەکرێن، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١_ بەپێی مۆدێلەکە واتای یەکەم و دووەم (کۆتای شوێن، کۆتای کات) بە یەک واتا هەژمار دەکرێن، چونکە هەردوو واتاکە یەک شێوە (پەیکەر بەندی) لە نێوان تەنی جوڵاو TR و ناوچەی وەستاو LM نیشاندەدەن.

٢_ واتای سێیەمیش هەمان واتای دووەمە کە (کۆتای کات) دەگەیەنێت، چونکە (هەتایە) ی دووەم کە ناوچەی وەستاوە (LM) بریتیە لە کاتێک، کە دیارنیە، بە واتایەکی تر تاکە جیاوازی لە نێوان واتای دووەم و سێیەم لەوەدایە، کە لە واتای دووەم کۆتاییەکەی دیارە((*تا ئێوارە دەخوێنم*))، بەڵام لە واتای سێیەم کۆتاییەکەی دیار نییە((*هەتا هەتایە*

*نیشتیمانەکەم لە بیر ناکەم*))، وەک ئەوەی بڵێی: (تا مردن نیشتیمانەکەم لە بیرناکەم)؛ لێرەدا مەبەست لە مردن (هەتا مردن) کاتی مردنەکەیە بەڵام دیارنیە ئەو کاتە کەی دێت، کەواتە لەم نموونیەدا (تا مردن) لەگەڵ (هەتا هەتایە) هاوواتایە.

٣_ هیچ کاتێک ئامرازی بەندی (تا) واتای سەرەتاو کۆتای ناگەیەنێت وەک لە واتاکانی ژمارە چوار و پێنجدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو ئەوە ئامرازی بەندی (لە)یە کە واتای سەرەتا دەگەیەنێت و ئامرازی بەندی ( تا )ش واتای کۆتایی دەگەیەنێت، نەک ئەوەی ئامرازی بەندی (تا) کەوتبێتە نێوان دوو ناوی شوێن یان دوو ناوی کات، بەڵام ئامرازی بەندی (لە) لە هەندێک ڕستەدا بە هۆکاری بە ئابووریکردنی زمان دەرناکەوێت، واتە ئەوە ئامرازی بەندی (تا)یە کە واتای سەرەتای گەیاندووە، بەڵام دەرنەکەوتوە.

٤_ سەرەڕای ئەوەی ، کە واتای ڕادەو پێوانە یەکێکە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (تا)، بەڵام نە ئەو شیکردنەوەیەی خاڵی شەشەم، نە نموونەکەی ناوبراو ڕادەو پێوانە ناگەیەنێت، بەڵکو هەمان واتای ژمارە (١)ی هەیە، کە دیاریکردنی واتای کۆتایی شوێنە، لە نموونەکەی ناوبراودا

واتای ڕادەو پێوانە لە کەرستەی تردایە کە دەرنەکەوتووە، بۆ نموونە: ←*(درێژی ڕێگاکە) لێرە تا کەرکووک ٢٥٠ کیلۆمەترە.*

هەروەها د.وریا عومەر ئەمین زاراوەکانی پێشبەند و پاشبەند بۆ ئامرازە بەندەکان بەکاردەهێنێ و هەریەکە لە ئامرازە بەندەکانی (بۆ، بە، لە، تا، وەک و بێ) بە پێشبەند (ئەمین، ٢٠٠٩: ٣٨) و ئامرازەبەندەکانی(ە، ێ)ی بەپاشبەند داناوە(هەمان سەرچاوە: ٤٤)، هەرچەندە ناوبراو بە ناونان و جیاکردنەوەی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی خزمەتێکی گەورەی بەم بوارەش کردووە، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئامرازی بەندی (ە) پاشبەند نییە، چونکە ئەم ئامرازە بەندە هەمیشە وەکو ئامرازە بەندەکانی تر لەپێش ئەو فرێزە ناویانەوە دێت، کە لەگەڵیدا فرێزی بەند پێکدێنن، واتە هەروەکو چۆن ئەڤانس و گرین ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەو ئامرازە بەندانە دەبنە پاشبەند، کە لەدوای فرێزی ناویەوە دێن، بەڵام ئامرازی بەندی (ە) لە کاتی بەشداری کردن لە دروستکردنی فرێزی بەندا بە هەمان شێوەی ئامرازە بەندەکانی تر لە پێش فرێزی ناویەوە دێت، وەک:

ئامرازی بەند + فرێزی ناوی= فرێزی بەند

بۆ+ هەولێر = بۆ هەولێر (*بۆ هەولێر دەڕۆم*)

ە + هەولێر = ە- هەولێر (*دەچمە هەولێر*)

هەڵبەتە ئامرازی بەندی (ە) لەڕووی مۆرفۆلۆجیەوە وەکو پاشگر دەردەکەوێت، لەوانەیە هەر ئەمەش وایکردبێت زمانەوانان وەکو پاشبەند لێی بڕوانن، بەلام وەکو پێیشتریش باسکرا مەبەست لە پاشبەند ئەو ئامرازە بەندەیە، کە بە پێچەوانەی پێشبەند بۆ پێکهێنانی فرێزی بەند لەدوای فێزی ناویەوە بێت، نەک لەڕووی مۆرفۆلۆجیەوە وەکو پاشگر دەرکەوێت.

لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆڕی زانیاری کورد لە دوای سالانی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان ئەنجامدا و یەکێک لەو بابەتە ڕێزمانییانەی، کە پرژاونەتە سەری بریتییە لەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەبارەی ئامرازە بەندە کوردیەکانەوە ئەنجامدراون، لیژنەکە لەژێر ناونیشانی (پریپۆزێشن) هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئامرازە بەندەکانیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرەتادا بە ئاماژەدان بەو پێناسە و زاراوانە دەستپێدەکەن، کەلەلایەن ڕێزماننوسەکانەوە خراونەتەڕوو، پاشان ئەندامانی لیژنەکە ڕاوبۆچونەکانیان

لەبارەی ئامرازە بەندەکانەوە خستۆتەڕوو و دواجار ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردیان بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

١. پریپۆزێشنە سادەکان: (بۆ، لە، تا، وەک، بێ، بە).

٢. پریپۆزێشنە ناسادەکان: (بەبێ، لەبۆ)( کۆڕی زانیاری، ٢٠١٨: ٢٦٢- ٢٦٣).

لیژنەی کۆڕی زانیاری کورد لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیاندا هەوڵیانداوە واتا جیاوازەکانی هەندێک لەو ئامرازە بەندانە دەستنیشان بکەن، کە لە لێکۆڵینەوەیەکەدا وەکو ئامرازی بەند هەژمارکراون.

هەروەها (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩: ١٤) لە چوارچێوەی ماستەرنامەکەیدا ئەم کەرستانەی خوارەوە وەکو پێشبەند ڕادەگەیەنێت:

پێشبەندە سادەکان: (بە، بۆ، لە تا، ە، بێ).

پێشبەندە ناسادەکان: (بەبێ، لەبۆ). لەلایەکی ترەوە (ئیبراهیم،١٣٦٧: ٢٨) هەریەکە لە (بە، بۆ، لە، ە، لەگەڵ) وەکو ئامرازی بەند خستۆتەڕوو و ( ڕوخزاد، ١٣٧٩:

٢٢٠)یش ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١. ئامرازە بەندە سادەکان:( لە، بۆ، بە، تا، بێ، وەک، وەکو، تەک لای، بەر، هتد)

٢. ئامرازە بەندە ناسادەکان: (جودالە، بێجگەلە، تەنیشت، بەرامبەر، لەتەک، هتد)

دەتوانین تەواوی ژمارە و جۆری ئەو ئامرازە بەندانەی، کە لە لایەن زمانەوانانەوە دەستنیشانکرابوون، لەم خشتەیەدا بخەینەڕوو:

| ژ | زمانەوانان | ئامرازی بەندی سادە | ئامرازی بەندی ناسادە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەدمۆنز | بێ، تا، بۆ، ە، بە، لە | بەبێ، لەبۆ، لەگەڵ، ە-پال، ە-ناو، بە-سەر، لە-ژێر، لە نزیک، هتد |
| ٢ | مەکارس | بە، بای، بێ، بۆ، دوای،هەتا،پاش، پێش،وەکو | بەسەر، لەبەر، لەبن، لەگەڵ، لە کن، لە لا، لە ناو، لە پاش، لە پێش، وەکو، لەسەر، لەژێر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | لیژنەی کۆڕی زانیاری | بۆ، لە، ،تا، وەک، ، بێ، بە | بەبێ، لەبۆ |
| ٤ | کوردۆییێڤ | - بەشی یەکەم: لە، دە، بە، وە، هتد - - بەشی دووەم: بۆ، سەر، بن، ناو، دوا، ژێر، پاش، پێش، هتد - لێکدانی بەشی یەکەم و دووەم: لەسەر، بە سەر، بەسەر، لە پێش، لە ناو، لەکن، لە ژێر، هتد | پێ، تێ ، لێ، تێدا، پێوە، پێرا، بەرەو، بەبێ، لە گەڵ،هتد |
| ٥ | علی ڕوخزا د | لە، بۆ، بە، تا، بێ، وەک، وەکو، تەک لای، بەر، هتد | جوداله، بێجگەلەلە تەنیشت، بەرامبەر، لە تەک، هتد |
| ٦ | ئیبراهین عزیز ئیبراهیم | بۆ، ە لەگەڵ، لە بە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | ڕەفیق شوانی | بۆ، بە،لە، تا، و، ی، ە، ش، یش | تاکو،تاوەکو، هەتا، ، هەتاکو، لەگەڵ، لە تەک |
| ٨ | وریا عومەر ئەمین | بۆ، بە، لە، تا، وەک، بێ | |
| ٩ | عومەر ئەحمەد | بە، بۆ، لە تا، ە، بێ | بەبێ، لەبۆ |
| ١٠ | نوری علی ئەمین | بە، لە، بۆ، لۆ، پەی، تا، ی،ە، بێ، وە، وەک، پێ، لێ، تێ | هەتا،بەبێ،لەبن، لەسەر،لەتەنیشت، لە کن، لەناو، لەپشت، لەپاش، لەپێش، لەبن، لەژێر، لە خوار، بەسەر، بەتەنیشت، بەکن، بەناو، بەپشت، بەپاش، بەپێش، بەبن، بەژێر، بەخوار، ە-سەر،ە-تەنیشت، ە-کن، ە-ناو، ە-پشت، ە-پاش، ە-پێش، ە-بن، ە-ژێر، ە_خوار |

دەستنیشانکردنی ئامرازە بەندەکان و جۆرەکانی لە لایەن زمانانەوە

هەڵبەتە هەندێ زمانەوانی تری وەکو:

( Christoph unger, 2005: 4- 7), (captain. R f.jardine, 1922: 16-17), (D.N.Mackenzie, 1966: 54-56), (Sakine Cabuk, 2016: 72- 82),(savelion, 2007 :237- 240) (L.O.Fossum, 1919: 209- 211), (denial, 2010: 69-72)، بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان زارە کوردیەکاندا ئاماژە بە ئامرازە بەندەکان و جۆرەکانیان دەکەن.

# الملخص

هذه الرسالة بعنوان (تحليل الشبكة الدلالية لحروف الجر في اللغة الكردية من منظور الدلالة المعرفية)، محاولة لتحديد وعرض الشبكة الدلالية لحروف الجر من اللغة الكردية في منظور الدلالة المعرفية.

الرسالة عدا المقدمة تتضمن ثلاثة فصول على النحو الآتي:

الفصل الأول: جاء تحت عنوان (اللسانيات المعرفية والموضوعات الأخرى ذات الصلة)، وقُسّم إلى محورين رئيسيين:

في المحور الأول تناولنا المعرفة اللسانية والأسس والأقسام الرئيسية، وتم تسليط الضوء أيضاً على الدلالة المعرفية وأقسامها الرئيسية.

وفي المحور الثاني شرح كافٍ لبعض الموضوعات مثل مخطط الصورة، السائر ، المحدد، الاستعارة التصورية ، المتضخم ، الكناية ، الرؤية والتعدد الدلالي، والمقولة، إذ لهذه الموضوعات علاقة بموضوع الرسالة مباشرة أو غير مباشرة.

والفصل الثاني: (الشبكة الدلالية وحروف الجر)، متكون من محورين، في المحور الأول ركزنا على الشبكة الدلالية إلى جانب بعض الموضوعات الأخرى بما في ذلك الترادف والفئات الشعاعية ونموذج تعدد الزوايا المبدئي ، والتي لها علاقة مباشرة بالشبكة الدلالية.

وفي المحور الثاني تم تسليط الضوء على حروف الجر في منظور الدلالة المعرفية، وحاولنا تعريف هذه الحروف، ثم معتمداً

على الجهود السابقة على حروف الجر حاولنا قدر المستطاع تعريف هذه الحروف وأنواعها المعرفية في اللغة الكردية من منظور المعرفات الدلالية...

والفصل الثالث يدور حول (تحليل الشبكة الدلالية لحروف الجر في اللغة الكردية) يحاول تحديد وتوضيح الشبكة الدلاليّة لكل من حروف الجر البسيطة والمعقدة في اللغة الكردية بشكل منفصل.

وأخيرًا ، تنتهي الدراسة ببعض الاستنتاجات، وتوضع قائمة المراجع في نهاية الدراسة.

# ABSTRACT

This study in entailed “an Analysis of Semantic Network of Adpositions in Kurdish Language from a Cognitive Semantic Perspective”, it sets out to investigate the semantic network of adpositions in Kurdish language from a Cognitive Semantic perspective.

Apart from the introduction chapter, this study consists of three chapters, as following:

Chapter one is about Cognitive Linguistics and other related topics. The chapter includes two main sections, in the first section, Cognitive Linguistics is defined and its main elements categorized. Then, a great light is shed on the Cognitive semantics and its major components. In the second section, there is adequate explanation of some topics such as, Image schema, (trajector and landmark), conceptual metaphor, metonymy, categorization, encyclopedic view and perspective.

Chapter two is about semantic network and dadpositions, its divided into to main sections, in section one semantic network is introduced along with some other topics including polysemy, radial

categories and principled polysemy model, which have a direct relation with semantic network. In section two a great pocus is put on identification of adposisions from a cognitive semantic perspective.

Chapter three, which is about the analysis of semantic network of adposisions in Kurdish language, attempts to identify and illustrate the sematic network of each of the simple and complex adpositions in Kurdish language separately.

Finally the study ends with some conclusions is presented at the end of the study.